# ڕۆژنامە ٧


لە ئیستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 554 سێشەممە 3/ 11/ 2009 | نرخ 750 دینار | No.554 Tue 3/ 11/ 2009









٤-٥

## نەبەز گۆران چیرۆکی فەلاقەکردنی دەگێڕێتەوە

# گۆڕان بەمنزیکانە حکومەتی سێبەر پێکدەهێنێت



دانیشتنی ١٠/٢٨ی پەرلەمانی کوردستان — فۆتۆ: ڕۆژنامە

**ڕۆژنامە**

فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لە هەوڵی دروستکردنی حکومەتی سێبەردایەو «بەمنزیکانە» کەسەکانی حکومەتەکە دەستنیشان دەکات، «بۆ ئەوەی بە باشی چاودێریی کارو ئەدای وەزارەتەکان بکەن».

عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان رایگەیاند: فراکسیۆنی گۆڕان «بە زووترین کات» کار لەسەر پێکهێنانی حکومەتی سێبەر دەکات، ئەویش بەگوێرەی دابەشکردنی ئەندامەکانی لە پەرلەماندا هەوڵدەدات بۆ هەر وەزارەتێکی گرنگ کەسێک دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی وەک وەزیری سێبەر یان وەک بەرپرسی فایلی ئەو وەزارەتە چاودێریی کارو ئەدای ئەو وەزارەتە بکاتو «بەزووترین کاتیش ئەوە دەخەینە بواری جێبەجێکردنەوە».

د.لەتیف شێخ مستەفا، پسپۆڕی یاسای دەستووریی سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی سێبەر لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە وتی: حکومەتی سێبەر یەکێکە لە تەرحە ئەقلانییەکانی ئۆپۆزسیۆن، چونکە ئۆپۆزسیۆن لە ولاتانی خۆرئاوادا رەخنەگرتن نییە بۆ رەخنەگرتن، رەخنەگرتنیش نییە بۆ رووخاندن، بەڵکو رەخنەگرتنە لەپێناو پێشکەشکردنی بەدیلی باشتر، هەربۆیە دروستکردنی حکومەتی سێبەر تەقدیمی بەدیلە.

**زانیاری زیاتر لە ل(٨)دایە.**

## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پارێزگارێکی نوێ هەڵدەبژێرێت

بۆل٢

## ڕاپۆرتی لیژنەی نانبڕاوەکان دەگاتە دەست بارزانی

بۆل٨

## پارێزگاری کەرکوک: ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لە کەرکوک، ژیان دەوەستێنێت

بۆل١٠






## جەلال جەوهەر:

# ئەو یەکێتییەی ئەمرۆ هەر پیرۆزی ئەوان بێت



**ڕۆژنامە**

جەلال جەوهەر، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو یەکێک لە هەڵسوڕاوە دیارەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، دەربارەی بڕیاری دەرکردنی ئەو سەرکردانەی یەکێتی، کە لە بزووتنەوەی گۆڕاندا کاردەکەن لەلایەن پلنیۆمی یەکێتییەوە، وتی: «ئەو یەکێتییەی ئەمرۆ هەر پیرۆزی ئەوان بێت» و وتیشی: «لە پلنیۆمی یەکێتیدا داوادەکەن بگەڕێنەوە بۆ ناو خەڵکو جەماوەرو یەکێتی بژار بکەن لە گەندەڵیی.... ئەمە قسەی ئەوانە، «جا یەکێتییەک دابڕابێتو دوورکەوتبێتەوە لە میللەتو وڵاتی خۆی... و بەوشێوەیەش تووشی گەندەڵیی بووبێت، کە چاکبوونەوەی نییە لەسەر دەستی ئەوان، ئەو یەکێتییە هەر پیرۆزی ئەوان بێت».

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامە، کە لە لاپەڕە (٧)دا بڵاوکراوەتەوە، جەلال جەوهەر ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات؛ لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا ئەگەر بێتو بە تەواویی رێگە لە ساختەکاریی بگیرێت، «بەدڵنیاییەوە ئەمجارە گۆڕانی گەورەترو زۆرتر دەبێت لە نەخشەی سیاسیی لە عێراقو کوردستاندا».



Dylan City
دیلان سیتی
دەتوانن بە ئاسانترین شێوە لە شاری (دیلان)ی نیشتەجێیی
لە بناری شاخی گۆیژە ببن بە خاوەنی شوقەیەك، لەبەرئەوەی:
* نرخی شوقەیەکی (١٠٠م٢) تەنها (٤٢) هەزارو (٤٤٥) دۆلارە.
* نرخی شوقەیەکی (١٢٠م٢) تەنها (٤٩) هەزارو (٩٣٨) دۆلارە.
* سندوقی نیشتەجێبوون لە (٥٠٪)ی ئەم پارەیەتان بە قەرزی (١٠) ساڵ پێدەدات.
* کۆمپانیا بڕی (٢) هەزار دۆلار دادەشکێنێت بۆ ئەو کڕیارانەی کە لە سندوقی
نیشتەجێبوون سوودمەند نابنو هەمان بڕیش دادەشکێنێت بۆ ئەو کڕیارانەی بە
نەقدی شوقەکان دەکڕن.
کۆمپانیای هەستیار
بۆ بازرگانیو وەبەرهێنان
(١٢٠م٢):
سێ ژووری نوستن
هۆڵ، مەتبەخ، دوو تەوالێتو
دوو حەمامو باڵکۆنێك
(١٠٠م٢):
دوو ژووری نوستن
هۆڵ، مەتبەخ، تەوالێتو
حەمامو باڵکۆنێك
IRECT
بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئۆفیسی پرۆژەکە بکەن: شەقامی سەدمەتری - گەڕەکی هۆمەرەکوێر یان ٠٧٧١٠١٢٢٢٢١ - ٠٧٤٨٠١٧٠٥٠٥ - ٠٧٥٠١١٣٥٣٢٢

# سەرەتای کار یان موزایەدە؟

**ڕۆژنامە**

ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکەم دانیشتنی خۆیدا بڕیاری ئەوەیداوە، کە (١٠٪)ی مووچەی وەزیرو پلە تایبەتەکان کەمبکاتەوەو ببیەخشێتە کەسوکاری شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستان.

پێش ئەوەی باس لەو کەمکردنەوەیەی مووچەی پلە تایبەتەکان بکەین، پێویستە باس لە دەرکردنی یاسایەکی ریشەیی بکەین بۆ ڕێکخستنەوەی سەرلەنوێی سیستمی مووچەی مووچەخۆرانی حکومەت، بۆ دەستەبەرکردنی عەدالەت لە نێوان ئاستە باڵاکانی بەرپرسانی حکومیی و فەرمانبەرانی خوارەوەو پلەنزمەکان.

بە ئاراستەی بەرزکردنەوەی ئاستە نزمەکانی مووچەو کەمکردنەوەی ئەو هەموو ئیمتیازاتە زۆرەی دراوە بە بەرپرسانی، یان مووچەخۆرانی بەشی سەرەوە.

پێش ئەوەی قسە لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەیەک لە مووچەی وەزیرو بەرپرسە باڵاکانی هەرێم بکەین، دەبێت باس لەوە بکەین بە کام پێودانگ وەها کراوە، کە مووچەی چەند شەهیدێکی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستان، کە ژیانی بۆ ئەم ڕۆژە بەخشیوە، نەگاتە ئاستی مووچەی وەزیرێک، یان بەرپرسێکی حکومیی لە ئاستی سەرەوە؟!

دەبێت قسە لەسەر ئەوە بکەین، ئایا کەسوکاری رووسووری شەهیدان پێویستیان بە سەدەقەو خێرو پارە پێبەخشین‌و سندوقی تەبەڕوعاتە؟، یان پێویستیان بەوە هەیە حکومەت لە بودجەی بەردەستی پارەیەک تەرخان بکات، نەک تەنیا بۆ پێدانی مووچە بە کەسوکاری شەهید، بەڵکو بۆ هەوڵدان بۆ توانای هەمەلایەنەو کاراییو نەخش‌و ڕۆڵی کەسوکاری شەهیدان لەناو کۆمەڵگەو دۆزینەوەی کاری شیاو بۆیان‌و دابەشکردنیان بەسەر جومگەکانی کۆمەڵگەدا.

شەهیدانی کوردستان دوای ئەو خەباتە دوورو درێژەی کردوویانە دوای قوربانیدان بە گیان‌و ژیانیان، کەسوکارەکانیان شایستەی مووچەو ژیانێکی شەرەفمەندانەو سەربەرزانەن، نەک خێرو سەدەقەکردن‌و پیشاندانی ئەوەی کە لە مووچەی خەڵکی دیکە بۆ باشکردنی ژیانی ئەوان دەبڕدرێت‌و خێرو سەدەقەو بڕینی (١٠٪) لە مووچەی ئەم‌و ئەو تەبەڕوعاتی خەڵک بۆیان.

کە حکومەت بودجەیەکی گەورەی لەبەردەستە، پێویستە لەو بودجەیەوە قەرەبووی شیاوی کەسوکاری شەهیدان‌و ئەنفالکراوان بکرێتەوەو ژیانی شەرەفمەندانەیان بۆ دەستەبەر بکرێت، بەبێ ئەوەی چاوبەرەوژێری هیچ کەس‌و لایەک بکرێن‌و منەتباران بکرێن.

خاڵێکی گرنگ لە مەسەلەی بڕینی ڕێژەیەک لە مووچەی مووچە زۆرەکان لەسەر ئەوەیە، کە ئەو بڕینە تەنیا لە مووچە فیعلییەکانە، یان قسە لەسەر کەمکردنەوەی ئەو نەسرییە زۆرانەیە، کە بە ناو و پاساوی جیاجیاوە خراوەتە بەردەست بەرپرسە باڵاکانی حکومەت‌و ئەم قسەیە خەرجییە جۆراوجۆرەکانی وەزیرو بەرپرسانی دیکەیە، کە باس لە بڕینی (١٠٪)ی مووچەی وەزیرەکان‌و بەرپرسە باڵاکان دەکرێت، پێویستە ئەوەش بۆ خەڵک ڕوونبکرێتەوە، ئایا بە دیوەکەی دیکەشدا کەمکردنەوەکە خەرجیی‌و نەسرییە جۆراوجۆرو زۆرو زەوەندەکانی بەردەستیشیان دەگرێتەوە؟، یان لەو ڕێگەیەوە قەرەبووی ئەو ڕێژەیەشیان بۆ دەکرێتەوە؟، کە دەگوترێت لە مووچەکانیان کەمدەکرێتەوەو نەسرییەکانیشان دەستنیشان‌و ئاشکرا بکرێت‌و بە گوێرەی ئیش‌وکاری وەزارەت‌و دامەزراوەو دەزگاکان نەسرییە بخرێتە بەردەست بەرپرسان‌و دەستەی دارایی لەو دەزگاو دامەزراوانە سەرپەرشتی‌و چاودێریی دابەشکردنی ئەو نەسرییانە بکەن، نەک بە میزاجی تاکەکەس‌و بۆ کڕینی وەلائی خەڵک‌و کڕینی دەست‌و پێوەند بەکارببرێت.

کاری پێویست لەو مەسەلەیەدا ئەوەیە، کە پێداچوونەوەیەکی عادیلانە بە کۆی سیستمی مووچەدا بکرێتەوەو هاوسەنگییەکی عادیلانە دەستەبەر بکرێت لە نێوان مووچەخۆرانی ئاستی خوارەوەو ناوەڕاست، لەگەڵ مووچەی کەسە یەکەمەکانی دەزگاکانی ئیدارەدان‌و وەزیرەکان‌و پلە تایبەتەکان‌و پەرلەمانتاران. پێویستە لەو مەسەلەیەدا قسەش لەسەر پێویستی حکومەت بۆ کارمەندو بژاردەکردنی کارمەندی ڕاستەقینەو لیستە وەهمییەکانی فەرمانبەران‌و دەست‌و پێوەندەکانی حیزب لەناو دامەزراوەکانی حکومەتدا بکرێت.

کۆمەڵگەی کوردی پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەریی هەیە لە ئیدارەدان بە دانانی بنەمایەکی چەسپاوی ئیدارەو دابەشکردنی داهات‌و سیستمێکی عادیلانەی مووچە، نەک بە موزایەدەیەکی هەرزانبەها، کە لە یەکەم کاری کابینەی نوێ لەبری ئەوەی باس لە دانانی ئەو جۆرە سیستمە بکات‌و دڵنیایی بدات بۆ فەراهەمکردنی عەدالەت لە دابەشکردنی مووچە، دێت خێرو سەدەقە دەکات‌و گوایە بەشێک لە مووچەکەی خۆیان دەبەخشنە کەسوکاری شەهیدان.

# جێگری سەرۆکی هەرێم بە بێدەنگیی داندرایەوە

**شارا عەبدولڕەحمان**


کۆسرەت ڕەسوڵ

بەبێ ئاگاداریی‌و دەنگدانی پەرلەمانی کوردستان‌و ڕاگەیاندنی فەرمیی، بۆ جاری دووەم کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی بە جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان دانرایەوە.

بەپێی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی هەمواری یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی هەرێم جێگرێکی دەبێت، هاوکاری دەکات لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی‌و لەکاتی ئامادەنەبوونیدا جێگەی ئەو دەگرێتەوەو هەر خۆشی جێگری فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینییە کە لەیاسای ژمارە(١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی سەرۆکایەتی هەرێمداو نە لە هەموارەکانیدا باس لەچۆنێتیی سوێندخواردنی جێگری سەرۆکی هەرێم نەکراوە، کە ئایا ڕاستەوخۆ لەبەردەم سەرۆکی هەرێمدا سوێندی یاسایی بۆ دەستبەکاربوون دەخوات، یان دەبێت بچێتە پەرلەمان‌و دەنگی بۆ بدرێت‌و لەبەردەم پەرلەمانتاراندا سوێندی یاسایی بخوات؟

سەردار هەرکی، ئەندامی لیژنەی یاسایی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد، کە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم‌و هەموارەکەشی لەو ڕووەوە کەموکوڕییان تێدایەو پێویستە هەموار بکرێتەوەو وتی: «پێویستە ئەو یاسایە هەمواربکرێتەوە بە جۆرێک کە چۆنێتیی سوێندخواردنی جێگری سەرۆکی هەرێم دیاری بکرێت».

ئەو یاساناسە پێشی باش بوو، کە جێگری سەرۆکی هەرێم لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا سوێندی یاسایی بخوات، «هەم لەبەرئەوەی پەرلەمان مەرجەعی یاسادانانەو هەم لەبەر ئاگاداریی هاوڵاتییانی کوردستان لە دانانی ئەو جێگرە».

دوای ئەوەی لە خولی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستاندا، مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا، بەهۆی ڕێکەوتنی ستراتیژیی یەکێتی‌و پارتییەوە دەبوو جێگرەکەی یەکێتی بێت، ڕۆژی (٢٠٠٦/٦/٢١) سەرۆکی هەرێم، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی بۆ جێگری خۆی دەستنیشانکردو لەبەردەم پەرلەماندا سوێندی یاسایی خوارد، لەئێستاشدا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەر بە یەکێتی‌و پارتییەوە وەک جێگری سەرۆکی هەرێم ناوی کۆسرەت ڕەسوڵ دەهێنرێت.

سەردار هەرکی ئەوەشی بۆ ڕۆژنامە تەئکید کردەوە، «سوێندخواردنی یەکەمجاری جێگری سەرۆکی هەرێم لەبەردەم پەرلەماندا وەک عورفێک بووە، نەک بەپێی یاسا».

# بارزانی: یەکخستنی پێشمەرگە ئەرکی گەورەمانە

**ڕۆژنامە**

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کورستان دانی بەوەدانا کە تائێستا هێزەچەکدارەکانی هەرێمی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی پارتی‌و یەکێتیدان‌و لە تەشکیلەیەکی حکومیدا ڕێک نەخراون و دروستکردنی یەک لەشکری هەرێمی کوردستانی «بەئەرکی هەرەگەورەی هەرێم لەقەڵەمدا».

سەرۆکی هەرێم، ڕۆژی چوارشەممە لەکاتی مەراسیمی پێکهێنانی کابینەی نوێدا وتی: «ئەرکی هەرەگەورەی هەرێم ئەوەیە کە یەک لەشکر بۆ هەرێمی کوردستان دروستبکرێت‌و نابێت لەشکری سەر بەحیزبەکان بمێنن، هەروەها پێویستە دەزگاکانی دیکەی ئەمنیی، هەر هەموویان بەشێوەیەکی فەرمیی‌و یاسایی ڕێکبخرێن». ئەم هۆشدارییەی سەرۆکی هەرێم سەبارەت بە هێزەچەکدارەکانی هەرێم لەکاتێکدایە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، فەرماندەیی گشتیی پێشمەرگەو هێزی ئاسایشی تایبەت بەخۆی هەیەو پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەهەمان شێوە.

بەگوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکخستنەوەی هێزەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستانی خستووەتە پێشینەی کارەکانی لەکابینەی نوێی حکومەتدا و ئەم مەسەلەیەشی لەدیدارێکدا لەگەڵ فراکسیۆنی گۆڕان باسکردووەو دووپاتیکردووەتەوە ئەگەر بەربەست بخرێتە ڕێی هەوڵەکانی بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی ناوخۆ هەڵوێست وەردەگرێت.

# «خانەنشینکردنی پەرلەمانتار دزییە لە سامانی گشتیی»

**ڕۆژنامە**

هەندێک لە پەرلەمانتاران پێیانوایە؛ دوای (٤) ساڵ کارکردن پێویست ناکات پەرلەمانتار خانەنشین بکرێت‌و ڕەخنە لەو (١٠) پەرلەمانتارەش دەگیرێت، کە بە نایاسایی پاداشتی خزمەتیان وەرگرتووە.

د.جەعفەر عەلی ڕەسول ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمان لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «بوونی یاسایەک بۆ خانەنشینکردنی پەرلەمانتار نایاساییە، چونکە لە هیچ وڵاتێک نییە پەرلەمانتار دوای (٤) ساڵ خانەنشین بکرێت».

بە وتەی ئەو پەرلەمانتارە فەرمانبەر هەیە (٣٠-٤٠) ساڵ خزمەتی هەیە، ئینجا لە تەمەنی (٦٣) ساڵیدا مافی خانەنشینی پێدەدرێت‌و کە خانەنشینیش دەکرێت مووچەکەی بەشی بژێویی ژیانی ناکات.

ئەو پەرلەمانتارە داوای لابردنی یاسای خانەنشینی پەرلەمانتار دەکات‌و پێیوایە: کە ئەوە (دزییە لە سامانی گشتیی وڵات).

هاوکات، پەرلەمانتارانی خولی دووەم دوای (٤) ساڵ کارکردن پاداشتی کۆتایی خزمەتیان بۆ سەرفکرا، کە بڕەکەی (٥٢) ملیۆن دینارە، (١٠) پەرلەمانتاریش کە لە خولی پێشووی پەرلەماندا کاریان کردووەو لەم خولەدا دانراونەتەوە پاداشتی کۆتایی خزمەتیان بۆ سەرفکراوە، کە هەندێک لەشارەزایان پێیانوایە، وەرگرتنی ئەو بڕەپارەیە لەلایەن ئەو (١٠) پەرلەمانتارەوە کارێکی ناقانونییە.

عومەر عەبدولڕەحمان پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی کوردستانی بۆ ڕۆژنامە باسی لەوەکرد، کە ئەوان لە دوای کۆتایی خولی پێشوو خانەنشینکراون‌و ئەو پاداشتەیان وەرگرتووەو دواتریش ڕاستە دانراونەتەوە، بەڵام بەپێی یاسا دوای تەواوبوونی ئەم خولە جارێکی دیکە پاداشتەکە وەرناگرنەوە.

لە بەرامبەردا د.ئەحمەدئەنوەر ئەندامی پەرلەمانی عێراق، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە؛ کە ناکرێت پەرلەمانتار کە هێشتا لە کاری پەرلەمانیدایەو چووەتەوە خولی نوێ، ئەو پاداشتی کۆتایی خزمەتە وەربگرێت.

# ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پارێزگارێکی نوێ هەڵدەبژێرێت

**ڕۆژنامە**

پارێزگاری سلێمانی دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووەو داوایکردووە خانەنشین بکرێت، لە بەرامبەریشدا لە حاڵەتی دەستلەکارکێشانەوەی پارێزگاردا، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ڕێگەنادات پارێزگارێک بەبێ ڕەزامەندیی ئەنجومەن بەسەر سلێمانیدا بسەپێنرێت.

وشیار سدیق ئەفەندی سەرۆکی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئاماژە بەوە دەکات؛ کە بەپێی یاسای پۆڵ بریمەر (کەئێستا ئەوان کاری پێدەکەن) ئەنجومەنی پارێزگا لە ئەندامەکانی خۆی کەسێک ڕادەسپێرێت بۆ پارێزگارو تەنیا ئەنجومەنیش دەتوانێت دەستلەکارکێشانەوە، یان لابردنی پارێزگار قبووڵبکات.

هەفتەی پێشوو عیماد ئەحمەد جێگری پێشووی سەرۆک وەزیران ئاشکرایکرد، «دانا ئەحمەد مەجید تاوانبار نییە لەو کێشەیە کە لە پارێزگای سلێمانی دروستبووەو دەستلەکارکێشانەوەکەشی پێشکەشکردووەو داوای خانەنشینکردنی دەکات».

تائێستا مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم‌و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندییان لەسەر دەستلەکارکێشانەوەکەی دانا ئەحمەد مەجید پارێزگاری سلێمانی دەرنەبڕیوە.

وشیار سدیق ئەفەندی بە دووری نازانێت لە حاڵەتی دەستلەکارکێشانەوەی پارێزگاردا، کەسێک لە دەرەوەی ئەنجومەنی پارێزگا بکرێتە پارێزگاری سلێمانی‌و دەڵێت: «زروفی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان جیاوازە، ڕەنگە کەسێک لە دەرەوەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دابنرێت بۆ پارێزگار، ئەمەش نایاسایی نییە، چونکە ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم هیچ یاسایەکی نییە کاری پێبکات».

وا بڕیارە سەرەتای هەفتەی داهاتوو پارێزگاری سلێمانی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا بکات‌و تیایدا هۆکاری داواکردنی دەستلەکارکێشانەوەکەی ڕوونبکاتەوە.

هۆشیار ڕەسوڵ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر لیستی یەکگرتوو لەو بارەیەوە وتی: «پێویستە پارێزگار داواکاریی دەستلەکارکێشانەوە پێشکەش بە ئەنجومەن بکات، چونکە ئێمە چوار ساڵ بەر لە ئێستا وەک پارێزگار هەڵمانبژاردووە».

ئەو ئەندامەی لیستی یەکگرتوو تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە، کە پێویستە ئەنجومەنی پارێزگا دوای دانا ئەحمەد مەجید (ئەگەر دەست لەکاربکێشێتەوە) کەسێکی دیکە هەڵببژێرێت بۆ پارێزگاری سلێمانی.

# زەماوەندی پێکهێنانی حکومەت

# ئۆپۆزسیۆن بە (٣٥)کورسییەوە ململانێی دژ بە دەسەڵات دەستپێکرد

سیروان رەشید

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو کاتێک لە سلێمانییەوە ڕووم لەشاری هەولێر کرد، بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەسەر متمانەپێدانی پەرلەمان بە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم، عەلی شۆفێری ئەو تاکسییەی لەگەڵیدا بەڕێکەوتم، پێیوتم، «مامۆستا دەبێت ئەم حکومەتە خزمەتی خەڵک بکات؟». ئەو پرسیارەی عەلی وەک ئاماژەیەکە بۆ ئەو ناعەدالەتییەی لەشێوازی حوکمڕانیی (١٨)ساڵی ڕابردوودی ئیدارەی کوردیدا بەدیدەکرێت، چونکە هێشتا هاوڵاتییانی کوردستان تامەزرۆی حکومەتێکن کە عەدالەتی کۆمەڵایەتییو خزمەتگوزارییان بۆ بەرجەستەبکات.

شۆفێری تاکسییەکە بەدەم لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەکەیەوە زیاتر لێی پرسیمو وتی «لە جەریدەدا خوێندوومەتەوە کە ئازاد بەرواری وتوویەتی، مەرجی حیزبەکان قبووڵناکەین بۆ هاتنە ناو حکومەتو هەرکەسێک دێت بەخێربێتو ئەوەشی نایەت بەخێر نەیەت. باشە د.بەرهەم سەرۆک حکومەت نییە؟ بۆچی ئەو تەسریحی وای گوتیە؟». ئەم قسانەی عەلی دەرهاویشتەی واقیعێکی تاڵی ململانێی حیزبیی نێوان دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستانن کە نزیکەی (١٥)ساڵە ئیدارەی هەرێمی کوردستانیان کردووە بەدوولەتەوەو هێشتا هاوڵاتییان گومانیان هەیە کە سەرۆکی ئەم حکومەتەو جێگرو وەزیرەکانی بە تەواوەتی خاوەن دەسەڵاتبنو هاوڵاتییان خوازیارن بەکردەوە حکومەتێکی یەکگرتووی دامەزراوەیی خاوەن هەموو دەسەڵاتێک دروستبێتو سەرۆکی حکومەتو وەزیرەکانی لە زاخۆوە تا کفری دەسەڵاتی تەواویان بەسەر فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەتەکەیاندا هەبێت، نەک وەک ئەوەی دوو ساڵ بەر لە ئێستا، فاروق جەمیلی وەزیری داد کە سەر بە یەکێتی بوو ویستی بەڕێوەبەری فەرمانگەیەکی داد لە شاری هەولێر بگۆڕێت، بەڵام نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر ڕێگەی لەو کارەی وەزیر گرت. هەربۆیە ئەگەر پارتیو یەکێتی عەقڵییەتی خۆیان لەسەر فەلسەفەی حوکمڕانی نەگۆڕنو واز لە سیاسەتی تەحجیمکردنی بەرپرسە حکومییەکانی یەکتر نەهێنن، ڕەنگە بەرهەم ساڵحی سەرۆک حکومەت لە شاری هەولێر بەبێ ئاگادارییو مۆڵەتی جێگرەکەی نەتوانێت چایخانەیەک لە هەولێر دابخات، هەروەک جێگرە پارتییەکەشی لە سلێمانی ناتوانێت ئەو کارە بکات.

(٢٨)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٠٩) ڕۆژێکی مێژووییە بۆ هەرێمی کوردستان کە حکومەتێکی نوێی شەرعیی دەستبەکاربوو، بەڵام کێشەی دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستان ئەوەیە، کە لە کاتی دروستکردنی کابینەی حکومەتەکانیدا دەیکات بە زەماوەندو شاییولۆغانێک کە ڕاگەیاندنی حکومەتەکە لەسلوکی خۆی دەردەکاتە دەرەوە.

لەناو بینای پەرلەمانو لەو دوو هۆڵە گەورەیەی مەراسیمی متمانەپێدانو ئاهەنگی پێکهێنانی کابینەی نوێی بەرهەم ساڵحو ئازاد بەرواری تێدا بەڕێوەچوو، دەیان میوانی لە جۆری سەرۆکو بەرپرسانی حیزبو سەفیرو کونسوڵگەرو نوێنەری وڵاتانی تێدا بانگکرابوون، کە بەپێی بۆچوونی شارەزایانی دەستووریی ئەم شێوازی ئاهەنگو میوانداریییە لەکاتی پێکهێنانی حکومەتدا لەهیچ شوێنێکی دنیادا نموونەی نییە.

لەناو هۆڵی دانیشتنی پەرلەمانتاراندا، د.کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمان بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەو ڕۆژەی پەرلەمانی خوێندەوە، کە تایبەت بوو بە دوو کۆبوونەوە: کۆبوونەوەی یەکەم: بڕگەی یەکەم، سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆک وەزیرو جێگرەکەی پێشکەش بە پەرلەمان دەکات بۆ متمانە پێدانیان، بڕگەی دووەم، سەرۆکی پەرلەمان سەرۆک وەزیران ڕادەسپێرێت بۆ خوێندنەوەی ناوی وەزیرەکان بە مەبەستی متمانەپێدانیان لەلایەن پەرلەمانتارانەوە، بەڵام هەرزوو بەر لە خوێندنەوەی بەرنامەی دانیشتنەکانی کۆبوونەوەی دووەمی پەرلەمان، پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان تانەیان لەنایاساییبوونی دانیشتنەکەی پەرلەمان گرت، بەپاساوی ئەوەی دەبوایە بەر لە (٤٨)سەعات بەرنامەی کاری دانیشتنەکەو پێداویستییەکانیان لەبەردەستدابووایە، وەک ئاماژە کردنێک بۆ بەرنامەی حکومەتەکەی د.بەرهەمو ناو و ژیاننامەی وەزیرەکان کە نەیانزانیوە چ کەسێک بۆ وەزارەتەکان دەستنیشانکراوە، هەروەها ڕەخنەی ئەوەشیانگرت، کە پێویستە سەرۆکایەتی پەرلەمان مەسەلەی گفتوگۆکردن لەسەر توانایيو سەرۆکی حکومەتو وەزیرەکان بخاتە بەرنامەی کارەوە، بەڵام لەکۆتاییدا ئەو داوایەی لایەنی ئۆپۆزسیۆن سەری نەگرت.

بە ڕووخساری دانیشتنەکەی ڕۆژی چوارشەممەی پەرلەماندا دیاربوو، کە کۆبوونەوەیەکی نەخشە بۆ داڕێژراوی ئاراستەکراوی حیزبی بوو و هیچ حیسابێک بۆ ئەوە نەکرابوو، پرس بە ئەندامانی پەرلەمان بکرێت بە لیستی پێکهێنەری حکومەتیشەوە. سێ چارەکە سەعاتێک بەر لە دەستپێکردنی دانیشتنەکەی پەرلەمان لە هاوڕێیەکی پەرلەمانتارم کە لە لیستی کوردستانی بوو، پرسی ئایا ئەندامانی پەرلەمان دەزانن وەزیرەکان کێن؟ وتی «پەرلەمانتاران زانیاریی تەواویان لەسەر وەزیرەکان نییە، تەنانەت لەلایەن هەندێک لەپەرلەمانتارانەوە گرەویان کردووە لەسەر ئەوەی کە وەزارەتی فلان دەدرێتە بە ژن یان بەپیاو!!».

ئەو پەرلەمانتارە سەبارەت بە ڕێگە نەدانی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەر گفتوگۆکردن دەربارەی کارنامەی حکومەتو ئیمکانییەتی سەرۆک وەزیرانو جێگرەکەیو وەزیرەکان وتی «چۆن ڕێگە دەدرێت لەبەردەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو ئەو هەموو میوانەدا، ئەندام پەرلەمان تانە لەسەرۆک وەزیرانو وەزیرەکان بگرێت، ئەمە دەبێتە هۆی ئیحراجیی، بۆیە بەرنامەی دانیشتنەکە لەدەرەوە وا داڕێژرابوو».

## بەرەی ئۆپۆزسیۆن بەهێز بوو

چوارشەممەی ڕابردوو گۆڕانێکی گەورە لە کایەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا ڕوویداو بۆ یەکەمینجارە حکومەتێک لەبەردەم پەرلەماندا متمانەی پێبدرێتو ژمارەیەکی زۆر لە پەرلەمانتاران متمانەی پێنەدەن، کە چاودێران پێیانوایە، ئیدی لەو چرکەساتەوە بە فیعلیی ئۆپۆزسیۆن ململانێی خۆی دژ بەدەسەڵات دەستپێکردووە.

دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی حەقیقی لەدوای هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەممووزەوە، پێویستییەکی ژیانی بوو بۆ واقیعە چەقبەستووەکەی هەرێمی کوردستان، کە چاودێران وای بۆدەچن، ناتوانرێت بەهیچ حکومەتێک بوترێت دیموکراسی، ئەگەر ئۆپۆزسیۆنێکی بزێو چاودێریی کارەکانی حکومەت نەکات.

د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وتارەکەیدا کە بە بۆنەی دەستبەکاربوونی وەک سەرۆکی حکومەت پێشکەشی کرد، وتی «با ئۆپۆزسیۆن بە کاری لابەلاوە سەرقاڵمان نەکات».

ئێستا ژمارەی کورسییەکانی ئۆپۆزسیۆن بریتییە لە (٣٥) کورسی: (گۆڕان ٢٥، یەکگرتووی ئیسلامیی ٦، کۆمەڵی ئیسلامیی ٤ کورسی) کە هەرچەندە ئەم ژمارەیەش ناگاتە یەک لەسەر سێی کۆی کورسییەکانی پەرلەمانو پێویستی بە دوو کورسی دیکەیە بۆئەوەی ڕێگە لە تێپەڕاندنی کۆمەڵێک پرۆژەیاسای وەک دەستوورو هەموارکردنی یاسا بگرێت، بەڵام ڕەقەمێکی گەورەیەو دەتوانێت کاریگەریی خۆی لەسەر ئەدای پەرلەمانو چاودێریکردنی حکومەتو کۆی ژیانی سیاسیی هەرێم هەبێت.

کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان کە پێشتر نیازی بەشداریکردنی لەحکومەتدا هەبوو و (٢٨) مەرجی خستبووە بەردەم لیستی کوردستانی، هەمان ڕۆژ عەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەرهەڵستکاریی پارتەکەی بۆ حکومەتی نوێ ڕاگەیاندو چووە بەرەی ئۆپۆزسیۆنەوە، کە چاودێران پێیانوابوو، کۆمەڵی ئیسلامیی بە چوونی بۆ ناو حکومەت، حکومەتەکەی بەهێز دەکردو بەهاتنی بۆ ناو ئۆپۆزسیۆنیش بەرەی ئۆپۆزسیۆن بەهێز دەکات.


فۆتۆ: ڕۆژنامە

# ـەلاقەکردنی نەبەز گۆڕان

## نووسینەکانی نەبەز گۆڕان

نەبەز گۆڕان بەوە ناسراوە کە لە نووسینەکانیدا زۆر ڕاشکاوانە دەست لەسەر برینەکان دادەنێتو بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئەو نووسینەی ئەو دەینووسێت، کێ ئازار دەدات، نووسینەکەی بڵاو دەکاتەوە. سەبارەت بەو نووسینانەی کە گومان دەکرێت لەبەرامبەریدا ئەو کارەی لەگەڵ کرابێت، نەبەز گۆڕان ئەوەی نەشاردەوە، کە دوایین نووسینی لە گۆڤاری لڤیندا لەسەر سەرۆکی هەرێم بووەو وتارێکی دیکەشی لە گۆڤارەکەی خۆیدا لەسەر پاراستن نووسیوەو ئەو پێیوایە، کە ئەم کارەی بەرامبەری کراوە، وەڵامێکە بۆ ئەو دوو نووسینەی.

نەبەز پێیوایە، بەرنامەیەکی ڕێکخراو هەبووە بۆ ئەوکارەی کە بەرامبەری کراوەو پێیوایە، دەزگای سیخوڕیی بەبێ بەرنامە کارناکات.

## هەولێر وەک سلێمانی نییە

ئەو ڕۆژنامەنووسە پێیوایە، ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەنووسی لە هەولێر کارێکی قورسەو ئەوان ویستوویانە بیسەلمێنن کە ئەو ئازادییەی لە سلێمانی هەیە لە هەولێریش دەتوانرێت ئەو کارە بکرێت، بەڵام ناوبراو ڕایدەگەیەنێت کە ئەوان هەڵەیان کردووەو نەبەز گۆڕان وتی: «ئێمە کۆمەڵێک گەنج بووین، ویستمان ئەوە بسەلمێنین کە ئەو فەزا ئازادییەی لە سلێمانی هەیە، بیهێنین بۆ هەولێرو کارەکان ڕاستەوخۆ لە هەولێر ئەنجام بدەین، بەڵام ئێستا گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە ئێمە هەڵە تێگەیشتبووینو پێمانوایە، ئەو حیزبە ئەو فەزا ئازادییەی پێ قبووڵ ناکرێت». نەبەز گۆڕان ئەوەشی ڕاگەیاند «ئەوان بڕیاریانداوە کە بارەگای گۆڤارەکەیان بگوازنەوە بۆ سلێمانی، باوەڕمان بەوە نییە کە لەگەڵ حیزبێکدا مامەڵە بکەین کە بەو شێوە چەتەگەرییە مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانو ئازادیی بیروڕادا بکات».

## نەبەز گۆڕان هیچ کێشەیەکی شەخسی نییە

لە بەیاننامەیەکدا گروپی میدیای ئەهلیی (ئاوێنە، هاوڵاتی، لڤین) ڕایانگەیاند، کە هێرشکردنە سەر نەبەز گۆڕان، هێرشکردنە بۆ سەر بیروڕای ئازادو ئیهانەکردنە بە ئازادیی ڕادەربڕین، چونکە هەمووان لەوە دڵنیان کە نەبەز گۆران هیچ کێشەکی شەخسی نییەو ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی کە سوکایەتی پێبکرێتو ئازار بدرێت، ئەوەیە کە ئەو ڕۆژنامەنووسە. لە درێژەی بەیاننامەکەیاندا گروپی میدیای ئەهلی، ئیدانەی ئەو دەستدرێژییەی سەر ڕۆژنامەنووس، نەبەز گۆران دەکەنو بە سەرەتایەکی ترسناکی دەبینن بۆ سەر ژیانو گوزەرانی ڕۆژنامەنووسانو داوا دەکەن کە بەرپرسانی ئەمنیی شاری هەولێر ئەو دۆسییەیە وەک دۆسییەکانی دیکە پشتگوێ نەخەنو بەدواداچوونی بۆ بکەنو تاوانبارانی ئەو کارە بەسزای خۆیان بگەیەنن.

## کاری ڕۆژنامەنووسی لەبەردەم هەڕەشەی ڕاستەقینەدایە

لەلایەکی دیکەشەوە لە بەیاننامەیەکیشدا فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، کە کاری ڕۆژنامەنووسیو بواری ئازادیی ڕادەربڕین لە کوردستاندا لەبەردەم هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەدایە. لە بەیاننامەکەی فراکسیۆنی گۆڕاندا، سەرەڕای ئیدانەکردنی هێرشکردنە سەر خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری گۆڤاری جیهان، ئاماژەیان بەوە داوە کە لە کوردستان ڕۆژنامەنووسان ڕووبەڕووی هەوڵی کوشتنو لێدانو ڕفاندن دەبنەوەو لە دوا ئەڵقەی ئەو پەرەسەندنەشدا بە سەختی ڕووبەڕووی لێدانو ئەشکەنجەدان بوونەتەوە. فراکسیۆنی گۆڕان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە نابێت هیچ پاساوێک بکرێتە بەهانەی بەرتەسککردنەوەی سنووری ئازادیی ڕادەربڕینو هەڕەشەکردن بۆ سەر گیانو سەلامەتیی ڕۆژنامەنووسان. لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەی فراکسیۆنی گۆڕاندا ئەوە خراوەتەڕوو، کە ئەوان بەوپەڕی نیگەرانییەوە دەڕواننە ئەو دۆخەو پێیانوایە، کۆمەڵگەی دیموکرات بەبێ ئازادیی ڕادەربڕینو ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بوونی نابێتو فراکسیۆنی گۆڕان ئەوەشی ڕاگەیاند «ئەو کاتەی ڕۆژنامەنووسو قەڵەمەکان دەکەونە بەر شاڵاوی تیرۆرو تۆقاندنو ئەشکەنجەدانو سووکایەتیپێکردن، ئەوا تەنیا کەسایەتیی ڕۆژنامەنووسو بواری ڕۆژنامەنووسی ناگرێتەوە، بەڵکو کۆی ئەزموونی دیموکراتی دەکەوێتە بەرمەترسی». لە کۆتایی بەیاننامەکەیاندا، فراکسیۆنی گۆڕان داوا لەلایەنە ئەمنیو حکومییە پەیوەندیدارەکان دەکات، کە لێپێچینەوەی بەپەلە لەو بارەیەوە بکەنو ڕێوشوێنی یاسایی توند بگرنە بەر بۆ ڕێگرتن لە دووبارە بوونەوەی ئەو جۆرە هەڕەشانە.

# لە (١٠/٢٨) چی ڕوویدا؟

**عەدنان عوسمان**

(١٠/٢٨) واتــە هەفتەی ڕابــردوو، پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی خۆی تایبەت کرد بە متمانەدان بە کابینەی نوێ، کە بەکابینەی شەشەم ناسراوە.

لەم دانیشتنەوە دەکرێت خوێندنەوەیەک بۆ تێڕوانینی دەسەڵاتی ئێستا بۆ سیستمی سیاسییو تێگەشتنیان بۆ ئەرکو ڕۆڵی پەرلەمان بکرێت.

بە هەمان شێوەش لە دیدگا جیاوازو ناکۆکەکان تێبگەین، کە بڕیار وایە لە ماوەی داهاتوودا هۆڵی پەرلەمان بکەنە نمایشگایەک بۆ تێڕوانینە جیاوازو دژ بەیەکەکانیان.

## ئۆپۆزسیۆن بە شەرتی چەقۆ

لەم ماوەیەو بەتایبەت پێشو پاش هەڵبژاردنەکەی (٧/٢٥) کەم نووسەرو سیاسیی ئـەم وڵاتــە هەیە کەوچکێکی نەسرەواندبێتە مەنجەڵی ئۆپۆزسیۆنەوە! بە دەیان بابەتو قسەو باسو چاوپێکەوتن لەسەر ئۆپۆزسیۆنو سیماو ئەرکەکانی کراوە، ئەمەش کارێکی خراپ نییە ئەگەر خــودی لایـەنـە ئۆپۆزسیۆنەکان پێی هەستابن، بەڵام سەیرو سەمەرە لەوەدایە ئەم ئەرکەش دیسان دەســەڵاتو کادیرە حیزبییەکانیان پێی هەستاون، پێدەچێت ئەم ماندووبوونەش بخەنە سەر شانی تۆزاوییان!.

کورتی قسەی ئەو بەڕێزانە ئەوەیە، کە ئۆپۆزسیۆن پێویستو گرنگەو شتێکی باشە با هەبێت، قەیدی چییە با ئێمەش ئۆپۆزسیۆنمان هەبێت بۆ ئەزموونەکەمان بـاشــە! بــەڵام: پێویستە ئۆپۆزسیۆن سنووری خۆی بزانێت، دژ بە دەسەڵات نەبێت، دژ بە ئەمنی قەومی نەبێت، دژ بە بەرژەوەندییەکانی میللەت نەبێت، دژ بە سەروەرییەکان نەبێت، دژ بە یەکڕیزییو گوتاری یەکگرتووی کورد نەبێت، ڕەخنەی توندو زبر نەگرێتو دەیان بەیتو بالورەی دیکە.

بە کورتی ئەو بەڕێزانە لە یەک کاتدا هەم نمایندەی دەسەڵاتو هەم ئۆپۆزسیۆنن.

لەوانەیە زۆربەمان لەبیرمان بێت حیزبی بەعس لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر یاسای حیزبەکانو ئازادی حیزبایەتی لە عێراقدا، مەرجێکی هەمیشەیی هەبوو، کە بریتیبوو لەوەی هەر کەسو لایەنێک کە حیزبێک پێکدێنن، دەبێت بە ئاشکرا پابەندبوونی خۆیان بە بەهاکانی شۆڕشی (١٧-٣٠) تەمموز پیشانبدەن بە سەرۆکایەتی حیزبی بەعسو سەرۆکی فەرماندە.

وە دەبێت هەموو دروشمەکانی بەعسو بڕیارو هەڵوێستەکانی پەسەندو پەیڕەو بکەن! دروشم یەکێکە لە ناسنامەکانی حیزب، کە لە لایەنەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە، بەڵام بەعسییەکان داوایـان لە لایەنەکانی دیکە دەکـرد دروشمەکانی ئـەوان بسەلمێننو کاری پێ بکەن.

ئــەوەی ئـەو نـووســەرو سیاسییانە باسیدەکەن دەقـاودەق فرۆشتنی شوتییە بە شەرتی چەقۆ. ئۆپۆزسیۆن لای ئەوان واقیعێکی سیاسییو پێداویستییەکی کۆمەڵگەیەو مەرجێکی شەفافیەتو کرانەوە نییە، ئۆپۆزسیۆن لای ئەوان مەکرومەیە، یەکێکی دیکەیە لـە دەستکەوتەکانی حیزبو بەشێکە لە خێرو بێری حکومەتی کوردی، درێژەی هەنگاوەکانی بیناکردنی کۆمەڵگەیە!

کاتێک حیزبی کـوردی بەو شێوەیە سەیری ئۆپۆزسیۆن دەکاتو بە بەشێکی دیکەی مەملەکەتی خۆیی دەزانێت، کارێکی ئاساییە هەر ئەویش پێناسەی ئەرکو سنوورەکانی بکات، هەر خۆی ئەو مافە بەخۆی بدات شێوازی کارکردنو تەنانەت ئاخاوتنو دەربڕینیشی دیاری بکات.

لە ئێستادا زۆربەی کادیرە حیزبییەکان لە کەناڵەکانی حیزبەوە ئامۆژگاریو ڕێنوێنی دەدەنە ئۆپۆزسیۆن، کە چۆن ڕەفتار بکەن، چۆن قسە بکەنو سنووری کارکردنیان چییەو چۆنە.

ئەمە دەرگــای سـەرەکی سـەیرکردنی هەڵوێستەکانی (١٠/٢٨) یە.

## چاو بنووقێنەو دەست هەڵبڕە!

بەشێک لە لیستی کوردستانی لە کاتی هەڵوێستوەرگرتنی فراکسیۆنی گۆڕان لەسەر متمانەدان بە کابینەی نوێ، زۆر بە سەرسووڕمانەوە سەیری ئەو هەڵوێستەیان دەکردو تەنانەت هەندێکیان بە ئاژاوەگێڕییو کێشە نانەوە سەیریان دەکرد.

ئــەوان هێشتا وەک کورسی دزراو تەماشای کورسییەکانی گۆڕان دەکەنو پێیانوایە؛ ئەوە بەشی خۆیانەو بە ناهەق وەیا لەبەر دڵفراوانیی حیزب لەدەستیان دەرکراوە.

هەڵوێست لای ئەوان چاو نووقاندنو دەست هەڵبڕینەو لە دەرەوەی ئەوە تەنیا فەوزاو سەرئێشەیە.

ســووربــوونــی یــەک لـــەدوای یەکی ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕانو یەکگرتوو لەسەر نایاساییبوونی پرۆسەکە، بەشێک لەو بەڕێزانەی تووشی شۆک کردبوو، ناچار دانیان بەخۆیاندا نەگرتو داوایان لە سەرۆکایەتی کرد دەمی ئۆپۆزسیۆن دابخاتو چیتر بوار بەم ناماقوڵییە نەدرێت! ئاخر چۆن دەبێت ئەم ئەندامانە لەبەر چاوی میوانەکانو ڕای گشتییەوە ئاوا جەسوورانە قسە لــەســەر گفتوگۆکردنی کابینەو وەزیرەکان بکەن؟ ئەمە کەی لەم مەملەکەتە بووە بە نەریتو عادەت؟

لێرە لەسەر بنەمای سیقەو دروشمی: چاوبنووقێنەو دەســت هەڵبڕە چەند کابینەیەکو نزیک بە دوو دەیە لە ژیانی کوردستان بەڕێکراوە!.

## گۆڕان داوای چی دەکرد؟

لــەو دانیشتنەدا ئەندامانی گـۆڕانو یەکگرتوو لەسەر ئەجێندایەکی ڕۆشنو سادە کاریان دەکرد، کە لێرەدا بە کورتی قسەی لەسەر دەکەین:

## نایاسایی دانیشتنەکە:

بە گوێرەی مادەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، پێویستە کارنامەی دانیشتنی پەرلەمان هاوپێچ لەگەڵ هەموو پڕۆژەو پێشنیازو ڕاپۆرتەکاندا بە لایەنی کەمەوە (٤٨) سەعات پێش دانیشتنەکە بگاتە دەست ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام لەم دانیشتنەدا کار بەم بەندە گرنگەی پەیڕەوی ناوخۆ نەکراو پێشێلکرا.

بیانووی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەبوو، کە ئەوان بە زارەکی پێش دوو ڕۆژ ئەوەیان بە ئەندامان ڕاگەیاندبوو.

ئەم بیانووە بە دوو دەلیل دروست نییە:

یـەکـەم: لـە حـاڵـەتـی ئـەم مەسەلە هەستیارانەدا کار بە ئاگادارکردنەوەی شەفەویی ناکرێت، بەڵکو دەبێت بە نووسراوو ئیمزاوە بڕواتە بەردەستی ئەندامان، چونکە لەو حاڵەتە دەبێتە بەڵگەنامەیەکی ڕەسمیی.

دووەم: ئێمە قسە لەسەر متمانەدان بە کابینەیەکی نوێ دەکەین، ئەم کارەو پەسەندکردنی بودجەی ساڵانە دوو ئەرکی هەرە گرنگی پەرلەمانن.

بۆیە ناکرێت باس لە متمانە بکرێت بێ ئــەوەی کارنامەو نــاوی کاندیدەکان نەخرابێتە بەردەستی پەرلەمانتاران، لانیکەم هەفتەیەک پێش دانیشتنەکە.

وەک ئەرکێکی ئسوڵی خۆی پەرلەمانی کوردستان لە مەسەلەی متمانەداندا دەبوایە بـەم سێ قۆناغەدا گــوزەری بکردایە: (تەکلیفکردن، خستنە ڕووی کاندیدەکانو کارنامە، پاشانیش متمانە دان).

بەڵام سەرۆکایەتی قۆناغی دوو، کە گرنگترینو بناغەییترین قۆناغە سڕاندەوە زۆر بە لاوەکی تێهەڵکێشی قۆناغی سێیەمی کـرد، بەمەش چەپۆکێکی گــەورەی لە میسداقییەتو ڕاستگۆیی پەرلەمان دا.

## پەلە پڕۆزیو پرسە گورگانە

کە سەرۆکایەتی پەرلەمان سووربوو لەسەر یاسایی بوونی کۆبوونەوەکە، فراکسیۆنی گۆڕان ڕێگەچارەیەکی مەنتقی خستە بەردەمی پەرلەمان.

لەم خوێندنەوە خێرایەوە دەڕۆینە نێو باسێکی قووڵی هەستیار، کە پێویستە قسەی جدیی لەسەر بکرێت، ئەویش هێڵە ڕۆشنەکانی نێوان بیرکردنەوەی هەردوولا. گۆڕان و لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن دەیانەوێت پەرلەمانێکی ڕاستەقینە، واقیعی، خاوەن دەسەڵات، کاراو چالاک، زیندوو وریا، وردبین و ئاگادار لە کوردستاندا دروستبکرێت و تەلاری پەرلەمان لە جەستەیەکی مردووەوە بکرێتە ناوەندی بڕیاردان و شەرعیەتدان بە حکومەت

فراکسیۆنی گـۆڕان وتیان: باشە کە هــەر ســوورن لەسەر بەردەوامبوونی دانیشتنەکە، با ئەمڕۆ تەرخان بکرێت تەنیا بۆ خوێندنەوەی کارنامەی کابینەکەو ناساندنی کاندیدەکانی حکومەت بۆ پۆستە وەزارییەکانو مـاوەی تەنیا هەفتەیەک بدرێت بە ئەندامان، بۆ ئەوەی خوێندنەوەی خۆیان لەسەر کارنامەو کاندیدەکان بکەن.

ئەمەش داواکارییەکی زۆر ئسوڵیو شەرعییە.

پێچەوانەی ئەم کارە: واتە گفتوگۆکردنی پێش متمانەدان تەنیا لەو وڵاتانەدا هەیە، کە هێشتا بێئاگان لە سەردەمی نوێو پەرلەمانیان تەنیا بۆ پرسە گورگانە دەوێت.

چۆن دەکرێت متمانە بە کابینەیەک بدرێت پێش گفتوگۆکردن لەسەر بەرنامەکەیو کەسەکانی، تواناو کەفائەتو ڕابـردووی ئەندامەکانی؟ ئاخر متمانەدانو پاشان گفتوگۆکردن لە کوێی ئەم سەرزەمینەدا هەیە؟ کە تۆ متمانەت بە کابینە دا، واتە متمانەت بە سەرجەم بەرنامەو کەسەکان داوەو بە تەواوەتی پرۆسەکەت قبووڵە.

جا نازانرێت ئەندامەکانی فراکسیۆنی کوردستانی، کە بە تێکڕا دەنگیان بۆ یەک بەیەک کاندیدەکان دەدا، هەرچەندە ئەوانیش وەک سەرجەم ئەندامانی دیکەی پەرلەمان پێش نیو سەعات ناوی ئەو کاندیدانەیان بیستوبوو، بەڵام چەپڵەشیان بۆ لێدەدان، لە کوێوە ئەو وەحییەیان بۆ هاتبووە خوار، کە ئەمانە کەسی شیاون بۆ شوێنی شیاو، بێ هیچ گفتوگۆو لێکۆڵینەوەیەک؟

لەم خوێندنەوە خێرایەوە دەڕۆینە نێو باسێکی قوڵی هەستیار، کە پێویستە قسەی جدیی لەسەر بکرێت، ئەویش هێڵە ڕۆشنەکانی نێوان بیرکردنەوەی هەردوولا.

گۆڕانو لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن دەیانەوێت پەرلەمانێکی ڕاستەقینە، واقیعی، خاوەن دەســەڵات، کاراو چالاک، زیندوو وریـا، وردبینو ئاگادار لە کوردستاندا دروســت بکرێتو تــەلاری پەرلەمان لە جەستەیەکی مـردووەوە بکرێتە ناوەندی بڕیاردانو شەرعیەتدان بە حکومەت.

دیارە لایەنی دیکەش، بەتایبەت بەشێک لە دەســەڵات دەیانەوێت سیناریۆکانی جاران دووبارە بێتەوە (سەیر نییە چەند بەڕێزێک باسیان لەوە دەکـرد، کە پێنج کابینەی ڕابردوو هەر بەم شێوەیە متمانەی پێدراوە!!) دەیانەوێت پەرلەمان بە دیوێکدا پاشکۆی دەسەڵات بێتو بە دیوی دیکەدا تەنیا ئەرکی شەرعیەتدان بێت بە ئەمری واقیع.

چــوار ســاڵـی داهـــاتــوو شاهیدی ململانێیەکی توند دەبین لە نێوان ئەم دوو بۆچوونە دژ بەیەکەدا.

# چیرۆکی ف



**ئیبراهیم عەلی**

ئـێــوارەی (٢٩)ی مانگی ڕابــردوو ڕۆژنـامـەنـووس، نەبەز گـۆران خـاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری گۆڤاری جیهان، دەکەوێتە بەر پەلاماری چەند کەسێکی نەناسراو و بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو ئەو ڕۆژنامەنووسە ئازار دەدەن.

## تۆ نەبەزیت؟

نـەبـەز گـــۆران، خـــاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری گۆڤاری جیهان سەبارەت بە چۆنێتی ڕوودانـی ئەو ڕووداوەی کە لە کۆتایی هەفتەیی ڕابــردوودا بەسەری هات، بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە (١٠/٢٩) لە نووسینگەکەی خۆمان لە گەڕەکی ئیسکان سێ کەسم بینی چاودێریی ئەو ناوچەیەیان دەکرد (ئەگەر ئەو سێ کەسە ببینم دەیانناسمەوە)، لەبەرئەوەی شوێنی نووسینگەکەمان تازەیە، بۆیە باش شوێنەکەیان نەدەزانی ئەگەر نا ڕەنگە بهاتنایەتە ژوورەوەو لەناو نووسینگەکەی خۆمان ئەو کارەیان بکردایە». نەبەز گوران ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو کە ئەو سێ کەسە لەو کاتەدا لێی نزیک کەوتوونەتەوەو پێیانوتووە، تۆ نەبەزیت؟ ئەویش وای زانیوە کە میوانی ئەونو پێیوتوون، بەڵێ، من نەبەزم.

دەربڕینی ئەو دوو وشەیە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو سێ کەسە زۆر بەتوندی پەلاماری ناوبراو بدەنو نەبەز لەو ڕووەوە وتـی: «ئـەو سێ کەسە سێ کەسی زۆر تایبەت بوون لە ڕووی جەستەییەوە، لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەوە دەردەکـەوت کە ئەوانە بە پلان هاتوون بۆ ئەم کارە».

## گومانەکان

سەبارەت بـەوەی کە گومانی لە کێ هەیە ئەو کارەی بەرامبەری کردبێت، نەبەز گوران ڕایگەیاند «هیچ گومانم نییە کە پارتی ئەم کارەی کردووە، چونکە ئەوەی جاری پێشووش کە بەرامبەر بە من کرا، ئەویش هەر ئیشی پارتی بوو».

نەبەز گـۆران پێیوایە، کە لە ماوەی ڕابـــردوودا بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێـژراو کاریان لەسەر ئەو کـردووەو ئەوەی نەشاردەوە، کە ئەو گومانی لەو نووسینە هەیە کە بەناوی چاودێرێکەوە لە

# جەلال جەوهەر:

# لە هەڵبژاردنی داهاتوودا گۆڕانی گەورەتر ڕوودەدات



سازدانی: ڕۆژنامە

**جەلال جەوهەر، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و یەکێک لە هەڵسوڕاوانی ئێستای بزووتنەوەی گۆڕان، دەربارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق‌و قورسایی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت: دڵنیام ئەگەر بێت‌و بۆ ئەم هەڵبژاردنە بەتەواویی ڕێگە لە ساختەکاریی بگیرێت، ئەمجارە گۆڕانی گەورەتر‌و زۆرتر دەبێت لە نەخشەی سیاسیی لە عێراق‌و کوردستاندا، دەربارەی گوتاری سیاسیی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەمبەر پارێزگای کەرکوک دەڵێت: پلانێکی تۆکمەو بەرنامە بۆ داڕێژراویان هەیە.**

**ڕۆژنـامـە: لـەم ڕۆژانـــەدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان پلنیۆمی سازکرد‌و بە ڕەسمیی ئێوەی لەخۆی بێبەریی کـرد (١٠ سـەرکـردەی باڵی ڕیفۆرم)، چۆن دەڕوانیتە ئەو ڕووداوە لە ژیانی سیاسیتاندا، لەکاتێکدا زیاتر لە سێ دەیە ژیانی خۆتان لەگەڵ ئەو پارتەدا بردەسەر‌و ئێستا لەگەڵ ڕەوتێکی دیکەی سیاسیدا درێـژە بە کـاری سیاسیتان دەدەن؟**

* ئەو یەکێتییەی ئەمڕۆ هەر پیرۆزی ئەوان بێت... ئەوەتا لە ڕاپۆرتی پلنیۆمدا هاتووەو داوادەکەن بگەڕێنەوە بۆ ناو خەڵک‌و جەماوەر‌و یەکێتی بژار بکەن لە گەندەڵیی... ئەمە قسەی ئەوانە، جا یەکێتییەک دابڕابێت‌و دوورکەوتبێتەوە لـە مـیـلـلـەت‌و وڵاتـی خـۆی... و بـەوشـێـوەیـەش تـووشی گەندەڵیی بووبێت، کە چاکبوونەوەی نییە لەسەر دەستی ئەوان، ئەو یەکێتییە هەر پیرۆزی ئەوان بێت، ڕاستە زیاتر لە (٣٠) ساڵ لە ڕێگەی ئەم ڕێکخراوەوە خزمەتی میللەتمان کرد، کاتێک بوو، کە (ی.ن.ک) ڕێگاو شێوازێکی باش بۆ خزمەتکردنی میللەت‌و وڵات، بەڵام ئەمڕۆ (ی.ن.ک) دوورکەوتووەتەوە لە میللەت، ئەمڕۆ (ی.ن.ک) لە دۆڵێکەو خەڵک‌و جەماوەری کوردستان لە دۆڵێکی دیکەیە.

حیزبیش تا ئەو کاتە گرنگ‌و پێویستە کە لە خزمەتی میللەت‌و وڵاتـدا بێت. حیزب پیرۆز نییە، میللەت‌و وڵات پیرۆزە، هەرکاتێک حیزب سوودو خێری نەما بۆ میللەت گرنگی‌و پێویستی نامێنێت.

**ڕۆژنامە: هەندێک لە چاودێران لەسەر ئێوە دەڵێن: ئێوە لەناو یەکێتیدا لە هیچ شتێکی شەخسیتان کەم نەبووەو دەیان ئیمتیازی گەورەشتان خرایە بەردەست بۆئەوەی وازنەهێنن، ئایا لەپێناوی چیدا خۆتان تووشی ئەو سەرئێشە سیاسییە کردو مەوقیفی سیاسیتان گۆڕی؟**

* ئێمە کە هاتینە ناو سیاسەت بۆ ئەوەبوو بتوانین بەشداریی بکەین‌و ڕۆڵیکی ئیجابیمان هەبێت لە خزمەتکردنی میللەت‌و وڵات، ویستی ئێمە ئەوەبوو خزمەتی خـەڵـک بکەین‌و خزمەتی خۆشمان لەگەڵ خەڵک بکەین‌و خۆمان جیانەکەینەوە، ئامانجمان خزمەتکردنی میللەت بێت نەک خۆمان.

**ڕۆژنامە: بزووتنەوەی گۆڕان بۆچی بڕیاری ئۆپۆزسیۆنبوونی دا لە کوردستان، پێتانوایە دەتوانن بەم ڕێگەیە خزمەت بە هاوڵاتییان بگەیەنن، چۆن؟**

* چاکترین‌و پاکترین دەسـەڵات‌و حکومەت لە دنیا، ئەو دەوڵەت‌و دەسەڵات‌و حکومەتەیە کە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزی تێدایە، هەر وڵاتێک ئۆپۆزسیۆنی تێدا نەبێت، ئەو وڵات‌و دەسەڵاتە دەبێت بە مەرکەزێکی گەورەی گەندەڵیی.

ئەگەر سەیری ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتیی بکەیت، گەندەڵترین وڵات‌و دەسەڵاتی دنـیـا، ئـەوانـەن کـە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەیان تێدا نییە.

تەنانەت لە کوردستانیش هەر لەگەڵ سەرهەڵدان‌و لە دایکبوونی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە لەو ماوە کورتەدا، ئۆپۆزسیۆن بارێکی نوێی لە کوردستان دروستکرد، کە پێموایە خاڵە دیارەکانی ئەمانەن:

١- لـەو مـاوە کـورتـەدا ڕۆڵێکی دیـاری بینی لـە بـە ئاگاهێنانەوەو هـۆشـیـارکـردنـەوەی جـەمـاوەری کوردستان، کە بە درێژایی (١٨) ساڵی ڕابردوو بە هەموو لایەک نەیانتوانیوە ئەو دەورە ببینن.

٢- بوونی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە جارێکیدیکە ئازایەتی‌و ئومێدی خستەوە بەر هاوڵاتی لە کوردستان، بەجۆرێک هاوڵاتی تا ڕادەیەک ڕزگاربوو لە ترس‌و دڵەڕاوکێ، ڕاشکاوانە توانی هەڵوێستی خـۆی ڕابگەیەنێت، بەگژ دیـاردەی نادروستدا بچێت.

٣- بوونی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە دەسـەڵاتـی گورجوگۆڵکردەوە، لەو ماوەیەدا بەهۆی بوونی چاودێر لەسەر کارەکانی دەسـەڵات، دەسـەڵات لەبەر خۆی‌و لە خەمی خۆی ئەم ماوەیە زیاتر‌و وردتر کارەکانی خۆی ئەنجامداوە.

٤- بە سـەرهـەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان‌و هەندێ لایەنی دیکە بەشداربوونی لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥) بۆ جاری یەکەم ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە لەدایکبوو، بەمجۆرە هـەم پرۆسەی سیاسیی‌و ململانێی دیموکراسی لە کوردستان ئاستێکی دیـکـەی وەرگـرت‌و هەم سومعەت‌و ناو و ناوبانگی جووڵانەوەی سیاسیی لە کوردستان باشترکرد لەبەرچاوی گەلانی دیموکراتخواز.

**ڕۆژنامە: چاوەڕێی پەرچەکرداری توندوتیژ دەکەن لەلایەن دەسەڵاتەوە، کە بەوپێیەی ئۆپۆزسیۆنبوون دیاردەیەکی تازەیە لە هەرێمدا؟**

* ئـەوەی لـە ڕۆژانـی هەڵمەتی هەڵبژاردن‌و ڕۆژی هەڵبژاردن‌و یەک دوو ڕۆژی دیکەش دوای هەڵبژاردن ڕوویدا لە هەولێرو سلێمانی‌و دهۆک، لە ترساندن‌و تۆقاندن‌و لێدان‌و گرتن‌و نانبڕین‌و تەقەکردن بەسەر بارەگاکانی ئۆپۆزسیۆن، ڕەنگدانەوەی عەقڵیەتی دەسەڵاتە‌و ئاماژەشە بۆ قبووڵنەکردنی ئۆپۆزسیۆن‌و پرۆسەی دیموکراسی، بەڵام لەگەڵ هەمووئەوکەمووکوڕییانەش توانرا وێنەیەکی چاکترو جوانتر لە جاران نیشانبدرێت بەهەموو لایەک، پرۆسەی دیموکراسی‌و جێبەجێکردنی بنەماکانی دیموکراسییەت لە هەڵبژاردن، فرەیی ئازادییە سیاسیەکان،...

ئاستەنگی زۆر دەبێت، چونکە هەم میللەتی کوردو هەم جووڵانەوەکەش تازەیە لە دەسـەڵات‌و لە تەجروبەی بوونی ئۆپۆزسیۆن.

**ڕۆژنامە: د.بەرهەم ساڵح لەکاتی دەستبەکاربوونیدا وەک سەرۆکی حکومەت وتی: «با ئۆپۆزسیۆن بەکاری لابەلاوە سەرقاڵمان نەکات». چۆن لەو گوتارە تێدەگەیت؟ بۆچی لەم سەرەتایەوە ئەو بۆچوونە لەسەر ئێوە دروستبووە؟**

* کاری ئۆپۆزسیۆنبوون لە پەرلەمان دیارە، ئەویش بەشدارییە لە دەرهێنانی یاساو چاودێریی جێبەجێکردنی یاسا لەلایەن حکومەتەوەو بەدەنگەوەهاتنی داوای هاوڵاتییانە، کاری حکومەتیش ئەوەیە یاسا جێبەجێ بکات‌و بەپێی یاساو بەپێی توانای مادیی هەرێم بەرنامەی خۆی بۆ: ئەمن‌و ئیستقرار، نیشتەجێ، تەندروستی، ئاوەدانکردنەوەو کشتوکاڵ، زانکۆو پەیمانگاکان، خۆراک، ڕێگاوبان... داکۆکیکردنی لە مافە دەستوورییەکانی گەلی کورد لە ئاستی عێراق، ئەگەر کاک بەرهەم ئـەوەی وتبێت، بە ڕای من ئەوە زووە بۆ ئەو بڕیارە بەسەر ئۆپۆزسیۆن.

ئەرکی هەر یەکێک لە ئۆپۆزسیۆن‌و حکومەت دیـارە، بۆیە هـیـواداریـن ئـۆپـۆزسـیـۆن بـیـانـوویـەک نـەدات بـەدەسـتـەوە بـۆ دوورکـەوتـنـەوەی حکومەت لە ئەرکەکانی‌و حکومەتیش بیانووی پێشوەخت نەدات بۆ خۆدزینەوە لە ئەرکەکانی.

**ڕۆژنـامـە: ئامادەکارییەکانتان بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکەی عێراق گەیشتووەتە کوێ؟ هەندێک لە چاودێران دەڵێن گـۆڕان بۆ هەڵبژاردنی عێراق ناتوانێت هەمان سەرکەوتنی کوردستان مسۆگەربکات‌و پاشەکشە دەکات؟.**

* هێشتا لە عێراق زەمینەسازیی تـەواو نەبووە بۆ هەڵبژاردن، ئەوەتا لە ئەنجومەنی نوێنەران کێشەیەکیان دروسـتـکـردووە، بـۆ دواخستنی هەڵبژاردن‌و سەپاندنی لیستی داخراو، کە هیوادارم ئەم لێکدانەوەیە دروست نەبێت! ئێمەش لەلای خۆمانەوە کاردەکەین بۆ خۆ ڕێکخستن‌و خۆئامادەکردن بۆ ئەو مەبەستە. چاودێران لەسەر بنەمای چی ئەوە دەڵێن، هیچ گۆڕانکارییەک بووە لەم سێ مانگە، تەنانەت هێشتا حکومەتی نوێش دەستبەکار نەبووە. ئەو بارەی کە هەبوو لە زوڵم‌و ناعەدالەتی‌و بێڕێزیی‌و گوێپێنەدان هەر وەکو خۆیەتی، زیاد لەمانە زوڵمی سیاسیشی هاتووەتەسەر، ئەوەتا لەسەر ڕای جیاواز خەڵکی زۆر نانبڕاو دەکرێن‌و دەردەکرێن لە وەزیفە، یان پلەوپایەیان لێ وەردەگیرێتەوەو بە ناڕەوا دەگوازرێنەوەو بێزارو ناچار دەکرێن بۆ وازهێنان. بۆیە من دڵنیایان دەکەم ئەگەر بێت‌و بە تەواویی ڕێگە لە ساختەکاریی بگیرێت، ئەمجارە گۆڕانی گەورەترو زۆرتر دەبێت لە نەخشەی سیاسیی لە عێراق‌و کوردستان.

**ڕۆژنامە: ئێستا زۆرێک لە کەرکوکییەکان هیوایان لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان هەڵچنیوە، کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و ئیدارەی کەرکوکدا خواستە سیاسیی‌و خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابین بکەن، دەتوانن پێمانبڵێن چی بۆ کەرکوکییەکان دەکەن؟ ئایا بۆ هەڵبژاردنی کەرکوک، گوتاری سیاسیی ئێوە چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ پارتی‌و یەکێتی؟، کە هەندێک لە چاودێران دەڵێن هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینرێت جگە لە کۆمەڵێک ڕەخنە لە ئەدای ئیداریی چەند ساڵی ڕابردووی دوو هێزەکە لە کەرکوکدا؟**

* کـێـشـەی کـەرکـوک‌و نـاوچـە کێشەدارەکان لەلای ئێمە لە پێشەوەی هەموو کێشەکان دەبێت‌و لە زنجیرەی ئەو چوار کێشەیەی هەیە لەگەڵ بەغدا، ژمارەیەک وەردەگرین، گرنگیی یەکەم بە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک‌و ناوچەکێشەدارەکان دەبێت بەپێی مادەی (١٤٠)، نەک بخرێتە دوای کێشەی نەوت‌و غاز‌و میزانیەو پێشمەرگە.

ئەمڕۆش بەداخەوە هەندێک لە بەغدا وەک وەرەقەیەکی دیعایەی هەڵبژاردن بەکاریدەهێنێت، ئەگەر وا نییە بۆ لەچوار ساڵی ڕابـــردوودا نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەران‌و حکومەتی فیدراڵ کاریان لەسەر پرسی کەرکوک‌و ناوچەکانی دیکە نەدەکرد...! لە ئاستی کەرکوک‌و ناوچەکانیش، کاردەکەین بۆ ئاساییکردنەوەی:-

١- پەیوەندیی نێوان نەتەوەو ئایین‌و مەزهەبەکان، ئەم پەیوەندییە گرژیی‌و توندوتیژیی زۆری تێکەوتووە، بەشێکی دروستکراوی سەردەمەکانی پاشایەتی‌و کۆمارییەو هەتا ڕووخانی بەعسییەکان لە (٢٠٠٣)و بەشێکی دیکەی وەک کاردانەوەی لەلای نەتەوە ژێردەستەکان دروستبووە، بەشێکیشی هی دوای ئازادیی عێراقە. کاردەکەین بەجۆرێک کە کەشوهەوایەکی نوێ دروستبکەین، کە هەموو لایـەک هەست بە بوونی خۆی بکات‌و هاوبەشی ڕاستەقینە بێت لە بەڕێوەبردنی کاروباری کەرکوک‌و ناوچەکانی دیکە، بەوشێوەیە دەتوانین بڕواو متمانە بە یەکتر دروستبکەین.

٢- ئاوەدانکردنەوەو بووژانەوەی کـەرکـوک‌و نـاوچـەکـانـی دیـکـە، ئـاوەدانـکـردنـەوەو بـووژانـەوە لە کـەرکـوک‌و ناوچەکانی دیکە دەبێت بە ئەولەویەتی کارەکانمان، هەم بۆ دروسـتـکـردنـەوەی ئـەو ناوچانەی وێرانکران‌و هەم بۆ بووژانەوەی ئەو ناوچانەی پشتگوێخراون.

٣- کاردەکەین بۆئەوەی میزانیەی سـاڵانـەی کـەرکـوک بـە عـەدالـەت دابەشبکرێت بەسەر خەڵک‌و ناوچەکانداو بەشێوەیەک پلانی بـۆ بکێشرێت، کەمیزانیەکە بەتەواویی خەرجبکرێت، نەک وەکو ئەو ساڵانەی ڕابـردوو کە هەموو ساڵێک بەشێکی ئەو میزانیەیە گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا!

٤- کاردەکەین بۆئەوەی کەرکوک وەک ناوچەیەکی وێرانە لە ئەنجومەنی نوێنەران ڕەزامەندیی بۆ وەربگیرێت، چونکە کەرکوک‌و بەشێکی ناوچەکانی تووشی کارەساتی گەورە هاتوون لە ئەنفال‌و وێرانکردنی گوندو شارۆچکەو بۆردومانکردنی ئەو ناوچەیە بە چەکی کیمیایی.

٥- کاردەکەین بەشێک لە داهاتی نەوتی کەرکوک ساڵانە تەرخانبکرێت بـۆ ئـاوەدانـکـردنـەوەو بـووژانـەوەو قەرەبووکردنەوە.

٦- گفتوگۆو دانوستاندن‌و دادگاو هەموو ڕێگا یاسایی‌و شارستانییەکان دەگرینەبەر بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە دەستووری عێراق.

ئەمەو چەندین خاڵی گرنگی دیکە بۆ چاککردنی باری سیاسیی‌و ئیداریی‌و خزمەتگوزاریی‌و پـەروەردەو زانکۆو جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت‌و یەکخستنی یەکە ئـیـداریـیـەکـان‌و... پشتگیریکردن لە قەزایەک سەربەخۆ لە کرکوک‌و ناوچەکانی.

**ڕۆژنامە: بۆچی تائێستا پەیوەندیتان لەگەڵ یەکێتیدا بە دۆخێکی گرژاویدا تێدەپەڕێت، ئێوە وەک بزووتنەوەی گۆڕان ناتانەوێت پەیوەندیی ئاساییتان لەگەڵ یەکێتی هەبێت؟.**

* هـەمـوو پەیوەندییەک لەسەر دوو لایەن یان زیاتر دەوستێت، ئەم گرژییە ئێمە دروستمان نەکردووە، ئەوانن بارێکی نوێیان لە توندوگرژیی دروسـتـکـرد، ئـەوان بـوون کەوتنە ئەزیەتدانی خەڵک، جارێک بە هەڕەشەو چاوسوورکردنەوەو جارێک بە نانبڕین‌و دەرکـــردن‌و گواستنەوەی پۆلیس‌و ئاسایش‌و پێشمەرگەو مامۆستاو فەرمانبەر، ئێستاش هیوادارین دەست لەو زوڵمە هەڵبگرن، بۆ ئەوەی زەمینە خۆشبێت بۆ کۆتاییهێنان بەم بارەو لە زوڵم‌و بێدادیی.

ئێمە لـەگـەڵ بـوونـی هیچ جۆرە گـرژیـیـەکـدا نـیـن‌و هـەوڵـمـان بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان، گفتوگۆو دانوستاندن‌و ڕێگای یاسایەو ڕێگاکانی دیکەی شارستەنییە، لە ڕێپێوان، مانگرتن، ڕاگەیاندن، ئێمە بە پێویستی دەزانین پەیوەندیی ئاساییمان هەبێت لـەگـەڵ هـەمـوو لایەنەکانی کوردستانی‌و عێراقی لەسەر بنەمای ڕێزی یەکترو بەرژەوەندیی هاوبەش، خۆ ئەگەر بارێکی ناڕێکیش دروستبێت، دەکرێت بە گفتوگۆو دانوستاندن بەیەک بگەین.

**ڕۆژنامە: پەیوەندیتان لەگەڵ پارتی چۆنە؟ ئایا مامەڵەی هێزێکی جیابووەتان لە یەکێتی لەگەڵ دەکـەن، یان وەک ڕەوتێکی سیاسیی تازە؟**

* وەک لە ڕاگەیاندنی ڕەسمیی‌و ناڕەسمیی هەندێک لە برادەرانی پارتی دیارە، بزووتنەوەی گۆڕان بەهێزیکی سیاسیی وەسفدەکەن کە نابێت حسابی بۆ نەکرێت، بەتایبەتی کە توانیویەتی (٢٥) کورسی لە پەرلەمانی کوردستان بەدەستبهێنێت، کە بە تەقدیری ئێمە ئەمە خوێندنەوەیەکی دروست‌و واقیعیانەی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستانە.



جەلال جەوهەر

## بۆیە لە یەکێتی هاتینە دەرەوە، چونکە ئامانجمان خزمەتکردنی میللەت بوو

## عەلی محەمەد وەزیری دەوڵەتی عێراقی:

# تائێستا نەمانبیستووە شاندێکی باڵای هەرێم بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک بێتە بەغدا

سازدانی: هەستیار قادر

**عەلی محەمەد وەزیری دەوڵەتی عێراقی پێیوایە تائێستاش یەکێتی و پارتی لە ناچاریداو بە تەسەنوعەوە یەکتری دەخوێننەوە جا چۆن لایەنەکانی تر چاوەڕوان بن بیانخوێننەوە. سەبارەت بە کێشەی کەرکوکیش دەڵێت «هەرکاتێک کێشە لەسەر بوجەی هەرێم و پارەی پێشمەرگە دروستبووبێت وەفدێکی باڵای هەرێم سەردانی بەغدای کردووە بەڵام نەمانبستووە لەسەر کێشەی کەرکوک شاندێکی سەرکردایەتی سیاسیی هەرێم سەردانی بەغدا بکات.**

**ڕۆژنامە: پرسیارێکی زۆر لەسەر ئەدای نوێنەرانی کورد لە بەغدا دروستبووە، کە لە کێشە چارەنووسسازەکاندا لە ئاستی پێویستدا نەبووە، ئایا وێنەکە بەوشێوەیە دەبینیت؟ ئایا یەکگرتوو لە کوێی هاوکێشەی گوتاری سیاسیی کورددایە لە بەغدا؟**

* زۆر ورد نابیینم ئەگەر مەسەلەی نوێنەرانی کورد بیخەیتە ئەستۆی ئەوکەسانەی لە بەغدا پۆستی حکومیان بەدەستەوەیە، چونکە عێراقی فیدراڵ هی هەموو لایەکەو کاتێک د.بەرهەم جێگری سەرۆک وەزیران بووە جێگری سەرۆک وەزیرانی هەموو عێراقە، ڕاستە وەکو کوردێک لەوێ ئەو پۆستەی وەرگرتووەو وەک ئیستحقاقێکی خەڵکی کوردستان، بەڵام لە جێگەی خۆیدا زۆر ورد نییە بڵێین؛ نوێنەری کوردە لە بەغدا، بەڵکو نوێنەری هەموو عێراقەو بە هەمانشێوەش بۆ وەزیرو سەرۆک کۆماریش، ئەگەر بمانەوێت زۆر بە وردی باس لە نوێنەری هەرێم لە بەغدا بکەین دڵشاد میرانی نوێنەری حکومەتی هەرێم لە بەغدا بووە، هەرچەندە ئێمە وەک یەکگرتوو لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)دا هەردوو حیزبەکە بەتایبەت پارتی نیگەران بوون لە بەجیا دابەزینی ئێمەو ڕێوشوێنی فیزیکیان لە بەرامبەرمان گرتەبەر، بەڵام ئێمە بەوپێیەی دەستکەلای کەس نین‌و قەناعەتیشمان هەبوو بەوەی فرەلیستی‌و یەکهەلۆیستی باشترە لەوەی یەک لیست بێت‌و بە یەک ئاراستە قسە بکرێت.

**ڕۆژنامە: مەبەستت ئەوەیە شکستەکان لە ئەستۆی نوێنەری حکومەتی هەرێم لە بەغداو پەلەمانتارەکاندایە؟**

* من مەبەستم ئەوە نەبوو، کە بەرپرسیارێتییەکە بخەمە سەرشانی دڵشاد میرانی، ئێمەو لیستی هاوپەیمانی بە وەزیرو بریکاری وەزیرەکانیشییەوە کۆبوونەوەی مانگانەمان هەبوو بۆ تاووتوێکردنی ئەو دۆسیانەی پەیوەستن بە عێراق‌و کوردستانەوەو لە زۆرێک لەو دانیشتنانەدا دڵشاد میرانی گلەیی لەوە دەکرد، کە وەزارەتە عێراقییەکان باشتر مامەڵە لەگەڵ مندا دەکەن، تا وەزارەتە کوردستانییەکان‌و جاری وا هەبوو دەیوت: هیچ حسابم بۆ ناکەن، لە لایەکی دیکەوە هەموو خەڵکی کوردستان دەزانن ئەوانەی کە پێیاندەوترێت کوتلەی هاوپەیمانی کوردستانی لە بەغداو بە پەرلەمانی پێشووی کوردستانیشەوە فەرمانیان لە سەرکردایەتی سیاسییەوە پێدەگەیشت‌و زۆرجار لە مەکتەبی سیاسیشەوە، لیستی گۆڕان لەو واقیعەدا پەیدابوو یەکگرتووئیسلامیش لەو موعاناتەدالە دایکبوو، کە بەجیا دابەزێت‌و بەجیا بیربکاتەوە بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی پێویستییەکان، باشترین بەڵگەش ڕەوانەکردنی کێشەکانی کەرکوک بوو لە پەرلەمانەوە بۆ ئەنجومەنی سیاسیی بۆ ئاسایشی نیشتمانی، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەوانەی نوێنەری کوردن لە بەغدا بە ناوی هاوپەیمانی کوردستانییەوە دەسەڵاتی تەواویان نییە سنووریان بۆ دیاریدەکەن لە مامەڵەو دانووستان لەسەر دۆسییەکان، من بە نیگەرانیشەوە دیڵێم، بەڵام دەبێت بوترێت‌و مێژوو لە کەس خۆش نابێت، هەر جارێک کە تەنگژەیەک دروست بووبێت لەسەر مووچەی پێشمەرگەو بودجەی هەرێم‌و گرێبەستی نەوتی شاندێکی باڵا لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هاتووەتە بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام ڕۆژێک نەمانبیست وەفدێکی باڵای کوردستان لە ئاستی سەرکردایەتی سیاسیی کوردەوە هاتبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک لە بەغدا، بەڵکو کێشەی کەرکوک سپێردراوەتە کەس‌و لایەنی دیکە، کەواتە حەیف‌و کەسەرە، کە ئەو بارە قورسە بخرێتە سەرشانی ئەوانەی نێردراون بۆ بەغدا، کە ئەرکیان ئەوە نییەو ئەوە ئەرکی سەرکردایەتی سیاسیی کوردو حکومەتی هەرێمە، کە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بکات لەو بوارەدا، بەداخەوە سەرەڕای ئەوەش ناو بەناو لە دەرەنجامی لێدوانی ئاگرین‌و دروستکردنی کەشێکی ئیستفزازیی بارودۆخەکە زیاتر ئاڵۆزدەکرا لە نێوان بەغداو کوردستاندا.

**ڕۆژنامە: دەتوانین بڵێین سەرکردایەتی سیاسیی کورد ئەولەویەتی داوە بە شتە مادییەکان لە بری کەرکوک؟**

* من وانازانم وا بێت، سەرکردایەتی سیاسیی کورد، کە ماوەی چل ساڵ لە خەباتدا بووبێت بۆ هێنانەدی ئاواتەکانی کورد، ئەمڕۆ دۆسییەی کەرکوکی بە شتێکی لاوەکی زانیبێت‌و ئەگەر واش بێت ناتوانم قەناعەت بەخۆم بکەم کە وایە، بەڵام سەرکردایەتی سیاسیی کورد وا بەناوبانگە، کە لە شەڕدا ئازاو سەرکەوتوو بوون، بەڵام کاتێک هاتووتەنە سەرمێزی گفتووگۆ بەو گوژمە ئازایەتییان لێ نەوەشاوەتەوە، هۆکارێکی دیکەی کاریگەر ئەوەیە، کە سەرکردایەتی سیاسیی کورد تا هێندێکی زۆر دەستخەڵەت بوون بە مەسەلەی دەستوور، کە وەک ئەوەی ئایەتی قورئان بێت‌و کەس لێی لانەدات، تۆمارکردنی کەرکوک وەک مادەیەکی دەستووریی کارێکی ڕێکوپێکە، بەڵام هەوڵی دەوێت بۆ جێبەجێکردنی، هۆکاری دیکە کە کاریگەری سلبی هەبووە لەسەر ئەو دۆسییەیە پەیوەندی بە پشتوێن لێکردنەوەوە هەبووە لەو مەسەلەیەدا بەوەی، کە دڵنیابوون کە مادەیەکی دەستوورییەو دەبێت حکومەتی عێراقی جێبەجێی بکات.

**ڕۆژنامە: کاتێک کە وەفدێکی هەرێم هاتووەتە بەغدا بۆ دانووستان لەسەر کێشە چارەنووسازەکان وەک نوێنەرانی یەکگرتوو، پرس بە ئێوە کراوە؟**

* نەخێر

**ڕۆژنامە: لەمەوە پێتوانییە سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە بەغدا زیاتر بە دبلۆماسییەتی حیزبی کاریکردووە لەبری دبلۆماسیەتێکی گشتگیری ڕەسمیی سیاسیی؟**

* بەداخەوە هەتا ئێستاش ئەو دوو حیزبە بە تەسەنوعیش یەکتری دەخوێننەوە، نەوەک حیزبەکانی دیکەو لە ناچاریشدا یەکتری دەخوێننەوە، هەموو لایەک دەزانن ئەو کێشانەی کە لە نێوان ئەو دوو حیزبەدا هەبوو، کە کێ یەکەم‌و کێ دووەم بێت ماوەیەکی زۆر ئەزموونەکەی ئێمەی بەرەو پاشەکشێ بردو خەڵکی ئێمەی بێ هیوا کرد بەرامبەر بە دەستکەوت‌و دۆسییەکانمان، کاتێکیش کە ڕژێم رووخا ناچار بوون نیوەی دوو حکومەتەکە بکەنەوە بە یەک، دوای ئەوە پارەکە کە دەهات دەیانکرد بە دوو بەشەوە، لە جێیەک ئەوان دوای ئەو هەموو وەکو بڵێن مێوژ تەڕبوونە بە هەزار حاڵ یەکتریان خوێندەوە عەجەبا یەکگرتوو، یان لایەنێکی دیکەی هەرێم، چۆن چاوەڕێی ئەوە بکات پرسی پێبکەن، لەبەر ئەوە من پێموایە؛ ئەو دوو حیزبە کە دەهاتن بۆ بەغدا بۆ دۆسییە کوردییەکان دەهاتن، بەڵام بە تێڕوانینی دوو حیزبەکەو جۆرێک لە موساوەمەکردن لەسەر بارێکی گشتگیرتر لەو پەیوەندیانەی کە خۆیان هەیانە.

تائێستاش یەکێتی و پارتی لە ناچاریداو بە تەسەنوعەوە یەکتری دەخوێننەوە

**ڕۆژنامە: ئەو کۆبوونەوانە پرسە گورگانێ نەبووە؟**

* خۆمان ئەوەمان لەسەر خۆمان فەرزکردووە، کەس تەکلیفی لێ نەکردووین نەوەک ئەوەی حکومەتی هەرێم هاتبێت، بە پێچەوانەوە جارێکیان نێچرڤان بارزانی هات بۆ بەغداو داوام کرد لیقایەکی لەگەڵدا بکەم نەیکرد.

**ڕۆژنامە: ئەمە بە نزم سەیرکردنی وەزیرە کوردەکان نەبووە؟**

* باشتر وایە ئەوە خۆی وەڵامی بداتەوە، بەڵام بە بۆچوونی من کە خاوەنی دۆسییەیەک بوویت دەبێت دەستبەرداری بچوکترین کەسێک نەبیت، کە ئەگەر هەیە تێبینی پێ بێت کە تۆ گرنگی پێنەدەیت؟.

**ڕۆژنامە: لەناو ئەنجومەنی وەزیراندا شەڕتان لەسەر کەرکوک کردووە؟**

* بەڵێ شەڕکراوە لەوانە لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی، کە لیژنەی مادەی (١٤٠) بە سەرۆکایەتی هاشم شبلی وەزیری پێشووی دادی عێراق کاتێک هێنرایە ئەنجومەنی وەزیران‌و لایەنە کوردستانییەکان شەڕێکی گەرموگوڕیان کردو یەکێک لەو بڕگانە ئەوە بوو، کە هاوردەکان سەرپشک بکەن، کە بگەڕێنەوەو من ئیعترازم گرت‌و نوری مالیکی وتی: ئەوانە نفوسەکەیان دەگوازینەوەو ناتوانن لە کەرکوکدا دەنگ بدەن‌و کاریگەرییان لەسەر هاوکێشە سیاسییەکان نابێت، بەڵام وەک عێراقییەک لە هەرکوێ دادەنیشێت ناتوانین ڕێ لە خەڵک بگرین.



**ڕۆژنامە: بەراوردکردنی پێشکەوتنی بەغدا لەچاو هەرێمدا نیگەرانیی لە کوردستان دروستکردووە ئەوەچی‌شرۆڤەیەک هەڵدەگرێت؟**

* بەرلەوەی باس لەو بەراوردە بکەین، ئێمە چەندەها ساڵ چەوساوە بووین دەبوایە هەر کە دەسەڵاتمان گرتە دەست هەستمان بە موعاناتی ستەملێکراوو بەشخوراوان بکردایەو دیموکراسییەتێکی تەواو عەیارمان جێبەجێبکردایە، بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی ئەو واقیعە بقۆزینەوە لەپێناو پەرەپێدانی ئەو پرسە ئینسانیانەدا، خەڵک هەیە بە من دەڵێت، کوردستان پێشکەوتووە بە بەڵگەی ئەو بینا جوانانە، من دەڵێم؛ ئەوە بینای بەرپرسێکە بە پارەی میللەت کردوویەتی‌و سوودی وەرگرتووە لەو ئیمتیازاتانەی کە لەبەر دەستیدا بووە، کە پێویست بووە بۆ خزمەتی خەڵک بەکاری بهێنێت، ئەمە بەڵگەی پێشکەوتنی کوردستان نییە، بەڵکو بەڵگە ئەوەیە، کە ژێرخانی ئابووری ببوژێنرێتەوەو مافی هاوڵاتی بوون لە پێشچاو بگرن، بۆ نموونە بەنزین لە بەغدا بە (٤٥٠) دینارەو هەمان بەنزین لێرە بە هەزار دینارەو من پرسیارم لە وەزیری نەوت کرد، کە بۆ بەنزینمان بە گران دەدنێ، وتی: بە نرخی ئێرە دەتاندەینێ بە کیفایەتی هەموو کوردستانیش نەوت دەدەین‌و گران فرۆشتنی لە کوردستان بە دەست ئێمە نییەو تائێستا نەیانهێشتووە پشکنەرێکی ئێمە وێستگەیەکی هەرێم بشکنێت،

خەڵک هەیە بە من دەڵێت، کوردستان پێشکەوتووە بە بەڵگەی ئەو بینا جوانانە، من دەڵێم؛ ئەوە بینای بەرپرسێکە بە پارەی میللەت کردوویەتی‌و سوودی وەرگرتووە لەو ئیمتیازاتانەی کە لەبەر دەستیدا بووە، کە پێویست بووە بۆ خزمەتی خەڵک بەکاری بهێنێت

*** ڕۆژنامە «لەو بەراوردەدا باس لە دەستەی نەزاهە دەکرێت، کە لە کوردستاندا نییە، ئەمە نەنگی نییە بەم هەرێمە، ئایا دەسەڵاتی هەرێم لە دەستەیەکی لەو جۆرە دەترسێت، یان کەلتووری مامەڵەکردنی نییە لەگەڵ دەستەی نەزاهەدا؟**

* هەردوو هۆکارەکە کاریگەریی هەیە،

**ڕۆژنامە: ئەی بۆ ڕێنادرێت نەزاهەی بەغدا لە هەرێم ڕۆڵی هەبێت؟**

* نەک نەزاهە چاودێری داراییش موعاناتی هەیەو ماوەیەک لەمەوبەر جێگری سەرۆکی چاودێری دارایی عێراقم بینی وتی: هەتا ئێستا هەرێم ڕێیان نەداوە بچین وردبینی لە واقیعی دارایی هەرێم بکەین، لە کاتێکدا کە چاودێری دارایی دەیان ساڵە لە عێراقدا هەبووە.

**ڕۆژنامە: هەست ناکەیت لە نێوان هەولێرو بەغدادا سەرکردایەتی سیاسیی کورد سیاسەتێکی دووفاقی بەکار دەهێنێت لە مامەڵە کردن لەگەڵ دۆسییەکاندا؟**

* لە کوردستان دوو کێشەمان هەیە، یەکەمیان: کێشەی نەتەوایەتییە، کە هەموو لایەکمان کۆکین لەسەری‌و هەر ئەو ئاهانەشە کەوای لە میللەت کردووە بێدەنگ بێت بەرامبەر هەندێک لە مامەڵەی دەسەڵاتی کوردی، بەڵام واقیعی بژێوی خەڵک‌و خزمەتگوزاریی‌و ئیدارەی مەدەنیانەی خەڵک هەموو کەسێک تێبینی لەسەر هەیەو ڕەنگە خۆشیان نەتوانن بەرگری لەو کەموکورتییە بکەن، کە هەیە لەوەی کە ئیمتیازات لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون دابەشناکرێت، بەڵکو لەسەر بنەمای ئینتیمای حیزبی‌و عەشایری‌و خێزانی دابەش دەکرێت.

لە بەغداش سوننەو شیعە باس لە مەحرومبوونیان دەکەن لە ئیمتیازات، بەڵام کورد دەڵێت: وەک میللەتێک مەحروم بووم لە مافی نەتەوەییم، لەبەر ئەوە زۆر بایەخ نادات بە دۆسییە ئیدارییە مەدەنییەکە، لەوەشدا زۆر سەرکەوتوو نەبوون بۆیە دووفاقییەکە لەوەدا دروست بووەو بە هەمان دروشم‌و لۆگۆو لۆژیکی شاخەوە مامەڵە لەگەڵ واقیعەکەدا دەکات.

### پرۆفایل

عەلی محەمەد ئەحمەد
وەزیری دەوڵەتی عێراقی
لە ساڵی ١٩٥٢ لە دایکبووە
بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەیە لە شەریعەو ئوسولی دین
دکتۆرای فەخری هەیە زانکۆی (حضارة الاسلامیة المفتوحة)ی لوبنانی
ئەندامی ئەنجومەنی شورای گشتیی یەکگرتووی ئیسلامییە.

# گۆڕان حکومەتی سێبەر دروستدەکات

**بەرهەم خالید**

پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، فراکسیۆنی گۆڕان بۆ چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت‌و لێپێچینەوە لە وەزیـرەکـان لە نزیکترین دەرفەتدا کار بۆ دروستکردنی حکومەتی سێبەر دەکەن بۆ ئەوەی بە باشی چاودێریی کارو ئەدای وەزارەتەکان بکەن، پسپۆڕێکی دەستووریش پێیوایە؛ ئەو هەنگاوە تەرحێکی ژیرانەی ئۆپۆزسیۆنە لەپێناو پێشکەشکردنی بەدیلی باشتر.

عـەدنـان عوسمان، پەرلەمانتاری لیستی گـۆڕان ئاماژە بۆ ئەوە دەکـات کە فراکسیۆنەکەیان بە زووترین کات کار لەسەر سیستمی پێکهێنانی حکومەتی سێبەر دەکـات ئەویش بە گوێرەی دابەشکردنی ئەندامەکانی لە پەرلەماندا هەوڵدەدات بۆ هەر وەزارەتێکی گرنگ کەسێک دەستنیشان بکات وەک وەزیری سێبەر یان وەک بەرپرسی ئەو وەزارەتـە چاودێریی کارو ئەدائی ئەو وەزارەتە بکات‌و بە زووترین کاتیش ئەوە دەخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.

دەربـــارەی گرنگیی ئـەو هەنگاوەش عەدنان ڕایگەیاند، ئەوان وەک فراکسیۆنی گۆڕان ئۆپۆزسیۆن‌و چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکەن ئەوەش‌و پێویست دەکات بەپێی بوارەکان ئیشوکارەکان دابەشبکرێت‌و لە نزیکەوە چـاودێـریی بکات، وتیشی «دەبێت پەرلەمان دان بەوەدابنێت‌و لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمانیش گفتوگۆدەکەین بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بە ئاسانی سەردانی ئەو دامودەزگا پەیوەندیدارە بکەن».

پەرلەمانتارەکەی گـۆڕان هـەروەها باسی لەوەشکرد کە چـاوەڕوانـی هیچ پەرچەکردارێکی سلبی ناکەن لەلایەن لیستی دەسەڵاتەوە لەبەرئەوەی ئەوە هەنگاوێکی ئاساییەو هەموو ئۆپۆزسیۆنێک یان کەسێک یان لیژنەیەک بۆ چاودێریی حکومەت‌و وەزارەتەکان دەستنیشاندەکات.

بەڵام ئاسۆ کەریم، وتەبێژی فراکسیۆنی کوردستانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەوان وەک فراکسیۆن تا ئێستا گفتوگۆی ئەو بابەتەیان نەکردووە، بەڵام بۆچوونی وابوو کە دروستکردن‌و پێکهێنانی حکومەتی سێبەر پەیوەندیی بە فراکسیۆنی گۆڕان خۆیانەوە هەیەو چاودێری کارەکانی حکومەت دەکات‌و وتیشی «لـە هـەر وڵاتێکدا ئۆپۆزسیۆن خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، گرنگ ئەوە نییە حکومەتی سێبەر دروست دەکات، بەڵکوگرنگ ئەوەیە ئەو لیستە ئەرکەکانی خۆی وەک ئۆپۆزسیۆن ڕاپەڕێنێت‌و چاودێریی کابینە حکومەت بکات».

لەلایەکی دیـکـەوە کـــاردۆ محەمەد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەوان وەک فراکسیۆنی گۆڕان لە بەرنامەیاندایە کار بکەن لە چوارچێوەی لیژنە جیاوازەکانی پەرلەمان بۆ چاودێریکردن‌و لێپێچینەوە لە وەزیرەکان ئەوەش بەپێی بەرنامەی لیستی گـۆڕان بۆ سەرجەم وەزارەتەکانی حکومەت‌و وتی: «ئێمە بە جۆرێک کار دەکەین کە بەدیلمان هەبێت ئەگەر ئێمە حکومەت بگرینە دەست چۆن ئەدای حکومەت باش دەکەین ئەوەش لە حکومەتی سێبەردا خۆی دەبینێتەوە لەبەر ئەوە بە پێی تایبەتمەندیی وەزارەتەکان چاودێریی ئەدای حکومەت دەکەین‌و دوای دانانی سەرۆکایەتی لیژنەکان دەستبەکاردەبین بۆ چاودێریکردنی کارنامەی حکومەت بە شێوازێکی چڕوپڕ».


پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان تانە لە دانیشتنەکەی ١٠/٢٨ دەدات
فۆتۆ: ڕۆژنامە

پاش ئەوەی لیستی گۆڕان توانی (٢٥) کورسی پەرلەمانی کوردستان بەدەستبهێنێت دەنـگـۆی پێکهێنانی حکومەتی سێبەر لەلایەن ئەو لیستەوە بـڵاوبـوەوە، بەڵام لیستی کوردستانی کە خاوەنی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانە ئەو هەنگاوەیان بە سلبی وەرگرت، ئەوە لە کاتێکدایە بە بڕوای پسپۆڕانی دەستووری مەسەلەی پێکهێنانی حکومەتی سێبەر هەنگاوێکی سەردەمیانەی ئۆپۆزسیۆنە لە دنیای دیموکراسیدا.

د.لەتیف شێخ مستەفا، پسپۆڕی یاسای دەستووری بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە حکومەتی سێبەر یەکێکە لە تەرحە ئاقڵانەکانی ئۆپۆزسیۆن، چونکە ئۆپۆزسیۆن لە وڵاتانی خۆرئاوادا ڕەخنەگرتن نییە بۆ ڕەخنەگرتن، ڕەخنەگرتنیش نییە بۆ ڕووخان، ڕەخنەگرتنە لە پێناوی پێشکەشکردنی بەدیلی باشتر هەربۆیە دروستکردنی حکومەتی سێبەر تەقدیمی بەدیلە، «حکومەتێک تەقدیم دەکەم لە بەرامبەر هەموو وەزیرێک دا وەزیرێک دیاری دەکەم، خۆ ئەمانە ڕەئیسی وزەراو وەزیری فیعلی نین هەر خۆم ناوی دەنێم، مەسەلەن لەسەر هەموو ئاستەکان دەڵێم؛ حکومەت ئەمەی خراپە».

ئەو پسپۆڕەی بواری یاسای دەستووری هەروەها ڕاشیگەیاند؛ کە حکومەتی سێبەر لە قازانجی پرۆسەی سیاسیی دایە، «چونکە حکومەتی سێبەر واتە خۆئامادەکردن بۆ تەقدیمی بەدیل بۆ ئەو ڕەخنەیەی، کە من لە حکومەتی ئێستای دەگرم».

ڕۆژی چـوارشـەمـمـەی ڕابـــردوو پەرلەمانی کوردستان متمانەی بەخشیە کابینەی نوێی حکومەت، بەڵام فراکسیۆنی گـۆڕان‌و یەکگرتوو بەهۆی ڕێگەنەدانیان لەسەر دەربڕینی بۆچونیان لەسەر سەرۆک‌و وەزیرەکانی کابینەکە هۆڵی دانیشتنەکەیان جێهێشت.

# «کابینەی زۆرینە پارتی»

**ئیبراهیم عەلی**

## کابینەی زۆرینە پارتی

کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە لە (١٩)وەزارەت‌و ستافی ئەنجومەنی وەزیران پێکهاتووە لە (٢١)کەس، ئەمە جگە لەوەی کە حکومەتی هەرێم شەش فەرمانگەی دیکەی هەیە کە بەرپرسەکانیان لە ڕووی پلەو ئیمتیازەوە هەمان پلەو ئیمتیازی وەزیـریـان هەیە، بەڵام ئەوان بەشداریی لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا ناکەن، تەنیا دوو کەسیان نەبێت.

لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمدا حـەوت وەزارەت لەبەردەستی پارتییەو شەش وەزارەتیش لەبەر دەستی یەکێتییە.

وەزارەتەکانی پارتی لە کابینەی شەشەمدا بریتین لە (وەزارەتـــی داد، وەزارەتـــی ناوخۆ، وەزارەتـی سامانە سروشتییەکان، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی شارەوانی‌و گەشتوگوزار، وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی کشتوکاڵ‌و سەرچاوەکانی ئاو).

وەزارەتـەکـانـی یەکێتی لە کابینەی شەشەمدا بریتین لە (وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، وەزارەتـی کاروباری دارایی‌و ئابووری، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی کاروباری شەهیدان‌و ئەنفالکراوەکان، وەزارەتـی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی).

لـەو کابینەیەدا ئەگەرچی سەرۆکی حکومەت لەلایەن یەکێتی نیشتمانییەوە دەسـتـنـیـشـانـکـراوە، بـــەڵام زۆریـنـــەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم لەبەر دەستی پارتیدان‌و بە بـڕوای چاودێرانی سیاسی دەبێت کابینەکەی بەرهەم لە ژێر هەیمەنەی پارتیدا کارەکانی ڕایی بکات.

## دۆستەکانی پارتی وەزارەت وەردەگرن

ئەوە جگە لـەوەی لە ستافی سەرەکی ئەنجومەنی وەزیـرانـدا، ژمـارەی وەزیرە فیعلییەکانی پارتی زیاترن، لەو حیزبانەشی کە بەشداری حکومەتیان پێکراوە زیاترینیان نزیکن لە پارتی‌و لەسەر بڕیاری پارتی وەزارەتیان پێدراوە، وەکو حیزبی شیوعی‌و بزووتنەوەی ئیسلامیی کە بە دوو حیزبی هاوپەیمانی پارتی لەقەڵەم دەدرێـــن، لەبەرامبەریشدا پارتی لە ڕێگەی لێدوانەکانی ئازاد بەرواری، جێگری سەرۆکی حکومەتەوە توانی ڕێگە بگرێت لە بەشداریکردنی کۆمەڵی ئیسلامی کە بەیەکێک لە دۆستەکانی یەکێتی هەژمار دەکرێت‌و یەکێتیی نیشتمانی نیگەرانە لەوەی کە پارتی دەیەوێت قورسایی حیزبە دۆستەکانی کەمبکرێتەوە.

## دۆستەکانی یەکێتی بچووک دەکرێنەوە

پارتی دیموکراتی کوردستان بەر لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی (٢٥)ی تەمموزی ئەمساڵ توانی باڵی مەکتەبی سیاسی لە حیزبی زەحمەتکێشان جیابکاتەوە، کە حیزبی زەحمەتکێشان یەکێک بوو لەو حیزبانەی کە بە هاوپەیمانی یەکێتی دەدرایـە قەڵەم لەماوەی ڕابـــردوودا، بەڵام پارتی توانی ئەم دۆستەی یەکێتی زۆر لەقەبارەی خۆی بچووک بکاتەوە.

هەروەها پارتی لە ڕێگەی یارمەتیدانی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە کە بە مونافیسی کۆمەڵی ئیسلامیی هـەژمـار دەکـرێـت‌و زۆرجـــار وەک دۆسـتـی یەکێتی سەیر دەکرێت........ چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە خاڵی هاوبەش زۆرە لە نێوان جەماوەری کۆمەڵی ئیسلامیی‌و بزووتنەوەی ئیسلامییدا، بەهۆی ئەوەی کە یەکگرتووی ئیسلامیی‌و کۆمەڵی ئیسلامیی لەگەڵ دوو هێزی عەلمانی بەشدارییانکرد، ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی کە بزووتنەوەی ئیسلامیی بتوانێت ببێتە خاوەنی دوو کورسیی پەرلەمانی، لە قۆناغی دووەمدا پارتی پێیوایە کە بە پێدانی وەزارەتێکی هەستیاری وەک وەزارەتی ئەوقاف دەرفەتی زۆر بۆ بزووتنەوەی ئیسلامیی دەڕەخسێنێت کە بتوانێت بەشێکی زۆری جەماوەری کۆمەڵی ئیسلامیی بۆ خۆی ڕابکێشێت بە پێدانی ئیمتیازات‌و دامەزراندنیان لەو وەزارەتەدا.


بەرهەم ساڵح‌و ئازاد بەرواری شەمەندەفەری کابینەکەیان دەخەنەگەڕ
فۆتۆ: ڕۆژنامە

## کلیلی فەرمانگەکان لای پارتین

جگە لەوەزیرە فیعلییەکان، شەش کەسی دیکە هەن کە پلەیان وەزیرە، بەڵام لەبەردەم ئەندامانی پەرلەماندا سوێندی یاسایی ناخۆن، ئەوانیش بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم کە فەلاح مستەفا بەرپرسیەتی، ڕێکخەری هەرێم بۆ کاروباری نەتەوە یەکگرتووەکان کە دیندار زێباری بەرپرسیەتی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم‌و حکومەتی مەرکەزی کە دکتۆر محەمەد ئیحسان بەرپرسیەتی، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێم کوردستان کە دکتۆر فوئاد حوسێن سەرۆکیەتی، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران کە دکتۆر نوری سەرۆکیەتی، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان کە هێرش موحەڕەم بەرپرسیەتی.

دکتۆر نـوری عوسمان لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەدا لەبارەی بەرپرسی ئـەو فەرمانگانەوە وتـی: «ئـەوانـە تەنیا پلەیان وەزیرە، بۆ ئەوەی هەمان ئیمتیازی وەزیرەکانی تریان هەبێت، ئەگەر نا لە ڕاستیدا ئەوان ناتوانن بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزی‌راندا بکەن، تەنیا سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیـران‌و سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێم کە دەتوانن لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا بەشداری بکەن».

لە کـۆی ئـەو شـەش بەرپرسە تەنیا یەکێکیان سەر بەیەکێتییە ئەویش هێرش موحەڕەمە، ئەگەرنا تـەواوی ئەوانی تر لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دیاریکراون، ئەمەش لە کاتێکدایە کە دوان لەو بەرپرسانە دەتوانن بەشداری بکەن لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانداو لەکاتی دەنگداندا لەسەر هەر شتێک دەتوانن بە ئاسانی هاوکێشەکان لە بەرژەوەندیی پارتی کۆتایی پێبهێنن.

## پێدەچێت وەزارەتی کارەبا بدرێتەوە بەپارتی

پۆستی وەزیـری کـارەبـا تـا کاتی ئامادەکردنی ئـەم ڕاپـۆرتـە بە بەتاڵی مـاوەتـەوەو ئـەوەی لـە میدیاکانەوە ڕاگەیانراوە ئەوەیە کە ئەو پۆستە بەشی حیزبی سۆشیالیستی کوردستانە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئەو حیزبە دوو کاندیدی پێشکەش کردبوو، بەڵام لەلایەن لیژنەی باڵای لیستی کوردستانی بۆ دیاریکردنی کاندیدی پۆستەکانەوە دوو کاندیدەکەی سۆشیالیست ڕاتکرانەوەو تا ئێستاش ئەو حیزبە نەیتوانیوە کەسێکی دیکە بۆ ئەو پۆستە کاندید بکات.

بـەپـێـی ئــەو زانـیـاریـیـانـەی کە لەسەرچاوەیەکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەست ڕۆژنامە کەوتوون، ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەگەر لە ماوەیەکی دیاریکراودا حیزبی سۆشیالیست نەتوانێت کاندیدێکی بەهێز پێشکەش بکات بۆ ئەو پۆستە، ئەوا ئەو پۆستە دەدرێت بە لیستی کوردستانی‌و ئەگەری زۆریش هەیە هۆشیار سیوەیلی، وەزیری پێشووی کارەبا لە شوێنی خۆی بمێنێتەوەو پۆستی وەکـیـل وەزیـریـش بـدرێـت بـە حیزبی سۆشیالیست.

# وەزیرەکانی کابینەی نوێ لەسەر کام بنەما دانراون

# تەکنۆکـــرات، یـــان گـــوێڕایەڵـــی حیزب؟

رۆژنامە



یەکەم کۆبوونەوەی کابینەی شەشەم

بە وتــەی هــەنــدێـک لـە چـاودێـرانـی سیاسیی‌و ئابووریی‌و سەربازیی هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە کابینەی نوێ بەڵێنەکانی جێبەجێنەکردووەو «ژمارەیەک لـەو وەزیـرانـەی بۆ (٤) ساڵی داهاتوو دانراونەتەوە شایەنی ئەو پۆستانە نین».

بەرهەم ساڵح هەر لە سەرەتای دانانی وەزیرەکانی کابینەی شەشەمدا بەڵێنەکانی جێبەجێنەکرد، بەوپێیەی بەر لە راگەیاندنی ئەم کابینەیە، بەرهەم ساڵح سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بەڵێنی دا، کە وەزیرەکانی کابینەی شەشەم کەسانی شارەزاو لێهاتوو دەبن بۆ ئەو وەزارەتەی دادەنرێت‌و هیچکام لە وەزیرانی کابینەکەی نابێت پۆستی حیزبی باڵایان هەبێت‌و تەنانەت کەسانی پلەیەکی هیچ مەسئولێکی حیزبیش نابێتە وەزیر، بەڵام د.کامەران بــەرواری وەک چاودێرێکی سیاسیی پێیوایە؛ کە ئەو بەڵێنەی د.بـەرهـەم بۆ پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەت بە خەڵکی دا، نەهاتە دی، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەو وەزیرانە حیزبین‌و کەسانی نێو سەرکردایەتی‌و مەکتەبی سیاسییان تێدایە، بە خۆیشییەوە.

بە بۆچوونی ئەو چاودێرە سیاسییە لە کوردستان ژمارەیەکی زۆر کەسانی خـاوەن بڕوانامەی ماستەرو دکتۆراو پڕۆفیسۆرمان هەیە، کە دەشێت لە پۆستی وەزیری پـەروەردە، یان هەر وەزارەتێکی دیکە دابنرانایە، لەبری ئەوەی لە کابینەیەکدا (٥) وەزیـری پزیشک دابنرێن، کە تەنیا وەزارەتــی تەندروستی پێویستی بە وەزیرێکی پزیشکە.

## دانانەوەی وەزیرانی کابینەی پێشوو

لە کابینەی شەشەمی حکومەتدا (٤) وەزیـری کابینەی پێشوو دانـرانـەوە بۆ وەزارەتەکانی (دارایی، ناوخۆ، پێشمەرگەو سامانە سروشتییەکان)، کە بە بڕوای عوسمان بانیمارانی ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان؛ «زەحمەتە لەم کابینە نوێیەی حکومەتدا گۆڕانکاریی‌و نوێبوونەوەو بەرەوپێشچوون ببینرێت»، چونکە «دانانەوەی (٤) لە وەزیرانی کابینەی پێشوو، جێگەی پرسیارەو تەنیا دوو حیزبی دەسەڵاتدار خۆیان دەتوانن وەڵامبدەنەوە، ئەگەر وەڵامیان پێبێت».

## حکـومـەتـی گـۆڕیـنـی نـاوی وەزیرەکان

بۆچوونێکیش هەیە پێیوایە؛ کە دانانەوەی وەزیرانی کابینەی پێشوو، یان گۆڕینیان گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، بە وتەی سەرکەوت حەسەن بەڕێوەبەری پێشووی ئاسایشی سلێمانی، لەبەر ئەوەی گۆڕینی حکومەت‌و هاتنی کابینەی نـوێ، تەنیا گۆڕانکارییە لە ناوی وەزیرەکاندا، ئەگەرنا هەیکەلی وەزارەت‌و کارمەندەکان هەروەک خۆیانن، هەربۆیە هیچ گۆڕانکارییەک چـاوەڕوان ناکرێت لەم حکومەتە.

## وەزیری دارایی بۆ دانرایەوە؟

بە بڕوای شارەزایانی بواری دارایی‌و ئابووریی، هێشتا روون نییە بودجەی سەرتاسەری هەرێم بۆ ساڵی (٢٠١٠) پەسەند دەکرێت یان بودجە لەنێوان هەولێرو دهۆک لەگەڵ سلێمانی بەش دەکرێت.

هاوار رەئوف شارەزای بواری دارایی رایگەیاند: «نازانرێت وەزارەتــی دارایی یەکیگرتووەتەوە یـان نـا، چونکە هەتا وەزارەتــی دارایـی لە سلێمانی بمێنێت‌و فەرمانبەرو جێگری وەزیر هەبێت و دەوام بکەن، ئەوا ئەو دوو وەزارەتە بە رەسمیی یەکیاننەگرتووەتەوە».

ئەو شارەزا داراییە وتیشی: «لە چوار ساڵی رابردوودا بودجەیەکی خەیاڵیی دراوە بە حیزبەکان، بەتایبەت یەکێتی‌و پارتی، بەبێ ئەوەی هیچ یاسایەک هەبێت بۆ پێدانی ئەو بودجەیە بە حیزب بێ لێپرسینەوە، ئەمە بەشێوازێک لە شێوازەکان دەتوانرێت بە گەندەڵیی دابنرێت، چونکە ئەگەر گەندەڵیی بریتیی بێت لە بەکارهێنانی پێگەی شەخسیی بۆ بـەرژەوەنـدیـی خـۆی‌و خێزانەکەی، ئەوا حیزب وەزیرەکەی خۆی‌و پێگەکەی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لە داهاتی گشتیی بودجە بۆ حیزبەکەی دابینبکات».

ئەمە جگە لەوەی لە کابینەی پێشوودا کارمەندە حیزبییەکان مووچەیان لە وەزارەتــی دارایـی وەرگـرتـووە، بەپێی وەزیفەی حکومیی، کە ئەمە یەکێکە لە سەرپێچییە یاساییەکان.

بە وتەی هاوار، «وەزارەتـی دارایی لە ماوەی رابردوودا هیچ کات لە کاتی خۆیدا نەیتوانیوە بودجە رەوانەی پەرلەمان بکات‌و حساباتی خیتامیش رەوانــەی پەرلەمان نەکراوە، ئەگەر کرابێتیش زۆر کەموکوڕیی تێدابوو».

## وەزیـری وەزارەتــی «جانتاکە» دانرایەوە

لە (٤) ساڵی رابردوو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کە بە وەزارەتــی «جانتا» دەناسرا کە خودی ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان، لەبەردەم خولی پێشووی پەرلەماندا باسی لەوەکرد کە وەزارەتەکەی بێ هەیکەلی وەزاری‌و تەنیا وەزارەتی ناو جانتا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم وەزیری «وەزارەتی جانتا» جارێکی دیکە دانرایەوە.

ئاشتی هەورامی لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ سەرنووسەری رۆژنـامـەو گۆڤارەکانی کوردستان، بە ئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم، هۆکاری نەبوونی هەیکەلی وەزاری وەزارەتەکەی‌و نەبوونی ستافی وەزاری بۆ ئەو عەقڵییەتە گەڕاندەوە کە پارتی‌و یەکێتی بڕوایان پێیەتی بۆ ئیدارەدان.

لەوڕووەوە هێمای بۆئەوەکرد کە داوای لە حکومەت‌و مەکتەبی سیاسی پارتی‌و یەکێتی کردووە، بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتەکەی لەسەر بنەمای شارەزایی‌و بە پشتبەستن بە (C.V)ەکانیان دابنرێن، بەڵام پارتی‌و یەکێتی رێگەیان نەداوەو ویستویانە خۆیان خەڵکی بۆ دابنێن‌و لـەوڕووەوە هەورامی وتی: «من خەڵکی نەشارەزام بۆچیە کە پۆستی پێ بدرێت‌و کاری هەر وەرگرتنی مووچەو دانیشتن بێت‌و خۆم رۆژانە ١٨ سەعات کاربکەم».

## وەزیری ناوخۆ دەبێت بێلایەن بێت

لەگەڵ ئەوەی توانراوە لە (٤) ساڵی رابـردوودا ئاسایش‌و هێمنی لە هەرێم بسەپێنرێت، بــەڵام وەک نەریمان عەبدولقادر پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی پێدا، لە رووی ئـازادیـی رادەربـڕیـن‌و رۆژنامەگەرییەوە، وەزارەتــی ناوخۆ کـەمـتـەرخـەمـیـی هــەیــەو لــە کاتی هەڵبژاردنەکاندا نەتوانراوە بێلایەن بن، زۆرترین نانبڕاوکردن‌و دەرکردنی خەڵک لەسەر بیروبۆچوونی سیاسیی لە دوای هەڵبژاردنی (٧/٢٥) لە وەزارەتی ناوخۆ بووە، رەنگە خودی وەزیر بە هەندێک لەو کارانە رازی نەبووبێت، بەڵام رێگەشی لەوانەی خوارخۆی نەگرتووە،

نەریمان عـەبـدولـقـادر، کـە پێشتر کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ بووە پێیوابوو؛ کە زۆر پێویستە وەزارەتی ناوخۆ بێلایەن بێت‌و وەزیرو جێگرەکەی حیزبیی نەبن، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان وەزیرو جێگری وەزیری ناوخۆ کەسانی حیزبین‌و سەر بە دوو حیزبی جیاوازن‌و بەپێی بۆچوونی حیزبەکانیان کاردەکەن.

## پێشمەرگە، یەک وەزیرو دوو وەزارەت

بە وتەی بەرپرسانی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە، تائێستا ئەو وەزارەتــە بە رەسمیی یەکینەگرتووەتەوە، چونکە دوو وەزارەت هەن کە بە دوو سیستمی جیا کار دەکەن، بەڵام یەک وەزیریان هەیە،

دلاوەر حاجی عوسمان وەک ئەندامێکی پێشووی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە پێیوابوو؛ کە وەزارەتی پێشمەرگە وەزارەتێکی حیزبییە، نەک حکومیی‌و ئەرکی بەڕێکردنی کارەکانی حیزب بووە، نەک کاری حکومیی‌و هیچ کارێک نابینرێت، کە کرابێت لەو وەزارەتەو وەزیرەکەی شایەنی ئەوە بێت دابنرێتەوە، تەنیا ئەوەنەبێت کە کەسێکی حیزبییە.

بە وتــەی ئــەو ئەندامەی پێشووی فــەرمــانــدەیــی هــەرکــاتــێـک وەزارەتـــی پێشمەرگە بە رەسمیی یەکیگرتەوەو هێزی چەکداری حیزب نەماو یەک سوپا لەژێر فەرماندەیی حکومەتی هەرێمدا دانـرا، کێشەی مووچەی پێشمەرگەو یەکخستنی ئەو مووچەیە لە هەولێرو سلیمانی بۆ پێشمەرگە سەرفکرا، ئەوکات دەتوانرێت بوترێت هــەردوو وەزارەتــی پێشمەرگە یەکیانگرتووەتەوەو وەزارەتیش کارەکانی سەرکەوتوو بووە.

# راپۆرتی لیژنەی بەدواداچوون لە دۆسیەی نانبڕاوەکان

# ئەم هەفتەیە دەگاتە دەست بارزانی

دلێر عەبدولخالق

کارەکانی ئەو لیژنەیەی لە سەرەتای مانگی ئەیلولی ئەمساڵدا لەسەر بڕیاری مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بۆ بەدواداچوونی کێشەی نابڕاوو لادراوەکــانــی دەزگاکانی حکومەت پێکهێنرا، گەیشتووەتە کۆتایی، بڕیاریشە لە کۆتایی‌و ئەم هەفتەیەدا راپۆرتی لیژنەکە ئاڕاستەی سەرۆکی هەرێم بکرێت.

بورهان رەشید پەلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەموو ئەو کارانەی کە پێویست بـوون لیستی گۆڕان بۆ لیژنەکەیان جێبەجێبکات، تەواو کراون، بەشێوەیەک کە ژمارەیەک لەو کارمەندانە لەلایەن لیژنەکەوە دیداریان لەگەڵ کراوە، کە بەرپرسی پاسەوانەکان‌و ژمارەیەکی زۆر گەورە ئەفسەرو ئەفسەری پلە نزم‌و سەربازو پۆلیس بۆ ئەو مەبەستە براون بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم، چەند ناوێکی دیکەش ماوە کە ئەم هەفتەیە دەگەیەنرێنە دەست لیژنەکە».

بەپێی زانیارییەکانی ئەو پەرلەمانتارەی لیستی گۆڕان، ژمارەی کارمەندە لادراوەکان (١٤٠٠) کەسە، هاوکاتیش لیژنەکە زۆر بەجدیی کاری لەسەر ئەو دۆسییەیە کردووە. بورهان وتیشی: «لیژنەکە فۆڕمی زانیاریی کارمەندەکانیان نــاردووە بۆ ئاسایش‌و پۆلیس‌و دامەزراوەکانی دیکەو فۆڕمی هەموو شوێنەکانی بەدەستگەیشتووەتەوەو تەنیا فۆڕمی خانەنشینی سەر بە وەزارەتی دارایی‌و ئابووریی مـاوە کە وەڵامـی سەرۆکایەتیی هەرێمیان نەداوەتەوە، بۆ بڕیاری کۆتاییش چاوەڕێی راپۆرتی کۆتایی لیژنەکەین».

د.حەمید دەربـەنـدی، سەرۆکی لیژنەی بـەدواداچـوونـی کێشەی لـەکـارلادراوەکـان لەسەرۆکایەتی هەرێم بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە کۆتایی کاری لیژنەکەمان نزیکبووینەتەوەو ئەم هەفتەیە ئیش‌و کارەکانمان کۆتایی پێدێت، هەرچی پەیوەندی بەئەنجامی کۆتاییەوە هەیە، تا ئامادەکردنی راپۆرتەکە ناتوانن هیچ بڵێن‌و راپۆرتەکەش بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم دەبێت، نەک بۆ میدیاو رای گشتیی».

سەرۆکی لیژنەکە ئەوەشی نەشاردەوە، دواکەوتنی وەڵامی وەزارەتی دارایی‌و ئابووریی لەسەر کێشەی خانەنشینەکان، کاری لیژنەکەی دواخستووەو وتی: «ئەوانیش بەڵێنیان پێداوین، ئەم هەفتەیە وەڵامی زانیارییەکانمان بدەنەوە».

لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکایەتی هەرێم، کە ماوەی مانگێکی خایاند، لەسەر بیروباوەڕی جیاوازو نەبوونی مەیلیان بۆ لیستی دەسەڵاتدار، مووچەبڕین، دوورخستنەوەی فەرمانبەرو گواستنەوەی بێ خواستیان بووە دیاردەیەکی نەخوازراوی هەڵبژاردنەکە، ئەم دیاردەیەش بەشێوەیەکی بەربڵاو لەسنووری یەکێتی‌و بەشێوەیەکی کەمتر لەسنووری پارتی دەبینرا، کە جگەلە کادیرانی حیزبیی‌و رێکخستنی حیزبیی، کارمەندانی دەزگاکانی دەوڵەتیشی گرتەوەو لەناویشیاندا هێزی چەکدار، فەرمانبەری حکومیی‌و بنەماڵەی شەهیدانیشی تێدابوو.



## مادەی (٢٣) خۆی دووبارە دەکاتەوە

# کەرکوک دەرگا بەسەر هەڵبژاردنی عێراقدا دادەخات؟

**بەهادین یوسف**

ژمارەیەک پەرلەمانتاری عەرەبو تورکمان داوادەکـەن هاوشێوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کەرکوک دوابخرێت بۆ ماوەی شەش مانگ یان یەک ساڵو لەو ماوەیەدا لیژنەیەکی پەرلەمانی وردبینیی لە تۆماری دەنگدەرانی کەرکوکدا بکەنو لە بەرامبەریشدا هـەردوو لیستی یەکگرتوو و هاوپەیمانی پێداگریی لەسەر ئەوە دەکەن، کە هەڵبژاردن هاوشێوەی هەر پارێزگایەکی دیکەی عێراقو هیچ بارودۆخێکی تایبەتی بۆ ئەژمار نەکرێت، بەڕای زۆربەی چاودێرانی سیاسیش لە ئەگەری وەستانی شەمەندەفەری کێشەکان لە کەرکوکدا، ئەگەر زۆرە هەڵبژاردنی عێراق بۆ ماوەی نزیکەی مانگێک دوابخرێت.

### مادەی (٢٣)، خۆی دووبارە دەکاتەوە

ڕۆژی (٢٢)ی تەمموزی ساڵی (٢٠٠٨) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بێ بەشداریی کورد کۆبوونەوەیەکی ئەنجامداو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی پەسەندکردو بەپێی مادەی (٢٤)ی ئەو یاسایەش هەڵبژاردن لە کەرکوک دواخرا بۆ ماوەی یەک ساڵ، دوای ڕەتکردنەوەی یاساکە لـەلایـەن سەرۆکایەتی کۆمارەوەو دوای نزیکەی مانگێک گفتوگۆو کێشمەکێش یاساکە بە چەند گۆڕانکارییەکی کەمەوە دووبـارە پەسەندکرایەوەو بەپێی مـادەی (٢٣)ی هەمان یاسا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بۆ ماوەی یەک ساڵ دواخراو لیژنەیەکی پەرلەمانی لە نوێنەری پێکهاتەکانی کەرکوک پێکهات بۆ لێکۆڵینەوە لە تۆماری دەنگدەرانو ڕەگەزنامەو زیادەڕەوییو دابەشکردنی پۆستە سیادییەکانو ئەو لیژنەیە، بێ ئەوەی بگاتە هیچ دەرەنجامێک، کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

ئێستا لەگەڵ بوونی کێشمەکێشمی بـەردەوام، دووبـارە هەمان ئەو نوێنەرانەی، کە پێشنیازی دواخستنی هەڵبژاردنی کەرکوکیان لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کرد، داوادەکەن دووبارە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کـەرکـوک بۆ مـاوەی یـەک ساڵ دوابخرێت.

فـــەوزی ئـــەکـــرەم تـــەرزی پەرلەمانتاری تورکمانی لیستی سەدر بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: ژمـارەیـەک ئەندامی ئەنجومەن داوادەکەن هەڵبژاردنی کەرکوک بۆ ماوەی یەک ساڵ دوابخرێت، وتیشی: «لەدەستدانی تۆماری دەنگدەرانی سـاڵـی (٢٠٠٤) دەبـێـتـە ڕێگر لەبەردەم پێداچوونەوە بۆ تۆماری دەنگدەران».

لـە بـەرامـبـەردا د.ئیسماعیل شوکر ئەندامی لیستی هاوپەیمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕایگەیاند: ژمارەیەک پەرلەمانتاری تورکمانو عەرەب داوادەکەن هەڵبژاردنی کەرکوک بۆ ماوەیەک، کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت، لە کەرکوک دوابخرێتو بۆ ئەو مەبەستەش هەموو هەوڵەکانیان خستووەتەگەڕو ئیمزای (٧٥) پەرلەمانتاریان لە هەموو کوتلەکان کـۆکـردووەتـەوە، بەوهۆیەشەوە تائێستا نەگەیشتوونەتە هیچ ڕێکەوتنێکی تـەوافـوقـی لەسەر یاسای هەڵبژادنەکەو بە تایبەتیش هەڵبژاردنی کەرکوک.

بە وتـەی ئەو ئەندامە کـوردە، بەشێکی پەرلەمانتارە عـەرەبو تورکمانەکان هەموو جۆرە ڕێکەوتنو تـەوافـوقـێـک لـەسـەر مەسەلەی کەرکوک ڕەتدەکەنەوە، سەرەڕای ئـەوەی چەندین پێشنیاز هەیە، چ لەلایەن سەرۆکایەتی کوتلەکانەوەو چ لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە.

### تۆماری (٢٠٠٤)

بوونی کێشەو تێبینی لەسەر تۆماری دەنگدەرانی نوێی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، گرفتێکی دیکەی بەردەم پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانە، کە عەرەبو تورکمانەکان داوادەکـەن، کە پشت بـە تـۆمـاری دەنـگـدەرانـی ساڵی (٢٠٠٤) ببەسترێت، چونکە پێیانوایە؛ لە دوای ئـەو سـاڵـەو بەتایبەتی قـەرەبـووکـردنـەوەی ئـاوارەکـانو گەڕانەوەیان بۆ کەرکوک بەپێی مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق، گۆڕانی دیمۆگرافی لە کەرکوک ڕوویداوەو ژمارەی دانیشتووان لە بەرژەوەندیی نەتەوەیەکی دیاریکراو زیادکردووە.

> **ژمارەیەک پەرلەمانتاری تورکمانو عەرەب داوادەکەن هەڵبژاردنی کەرکوک بۆ ماوەیەک، کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت، لە کەرکوک دوابخرێتو بۆ ئەو مەبەستەش هەموو هەوڵەکانیان خستووەتەگەڕو ئیمزای (٧٥) پەرلەمانتاریان لە هەموو کوتلەکان کۆکردووەتەوە**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هـەڵـبـژاردنـەکـان لـەسـەر زاری سـەرۆکـەکـەیـەوە ڕایگەیاند؛ کە تۆماری ساڵی (٢٠٠٤)یـان نییەو هاوکات کوردیش داوادەکات هەموو کوردەکان بە ئاوارە گەڕاوەکانیشەوە مافی بەشداریکردنیان هەبێت لە دەنگداندا.

لەو بـارەیـەوە عومەر جبوری ئەندامی لیستی گـردبـوونـەوەی عەرەبی عێراق ڕایگەیاند: لەدەستدانی تۆماری (٢٠٠٤)، کارەساتەو بە مەبەستی سیاسیی ئەو کارە کراوە، کە ئەمەش بە وتەی ئەو: «سـەرۆکی کۆمسیۆن لە پشت ئەو کارەوەیە»، بـۆ چـارەسـەری ئـەو کێشەیەش جبوری پێشنیازیکرد، هەڵبژاردنی کـەرکـوک بـۆ مـاوەی یـەک ساڵ دوابخرێتو لیژنەیەک پێکبهێنرێت بـۆ پـێـداچـوونـەوە بـە تـۆمـاری دەنگدەراندا.

لە بەرامبەردا د.ئەحمەد ئەنوەر ئەندامی لیستی هاوپەیمانیو ئەندامی لیژنەی قانوونی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند: تۆماری سـاڵـی (٢٠٠٤)ی دەنـگـدەران لەدەستنەدراوە، بەڵکو نوێکراوەتەوە بۆ ساڵانی (٢٠٠٥و ٢٠٠٨) بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، لەبەرئەوە ئێستا تۆمارێکی نوێو ورد لەبەردەستدا هەیە.

### کۆمسیۆن پەلەیەتی

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هـەڵـبـژاردنـەکـانو تیمی هـاوکـاری نێودەوڵەتی سـەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان داوایـان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد، کە پەلە بکات لەسەر شێوازی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکەو ژمارەی تـەواوی کورسییەکانو ژمـارەی کورسییەکانی هەر پارێزگایەکو کۆتای ژنو کەمینەکان.

بەپێی سایتی ڕەسمیی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، دادوەر قاسم عەبودی ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵا، ڕایگەیاند: ئەو داواکارییە دوای ئەوە هات، کە پێشتریش داوایـان لە ئەنجومەنی نوێنەران کردبوو ڕێکەوتنی کۆتایی بکەن لەسەر ئەو مەسەلانە، بۆ ئەوەی دوانەکەون لەو خشتە زەمەنییەی کە بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان دانـــرابـــوون، بـــەڵام ئـەگـەر پەسەندکردنی یاساکە دوابکەوێت ئەوکاتە ئامادەکارییو خشتەکەی کۆمسیۆن دوادەکەوێت، لەبەرئەوە داوایانکردووە لانیکەم ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاربدات لەسەر جۆری سیستمی هەڵبژاردنەکانو لـەگـەڵ ژمــارەی کورسییەکانی هەموو ئەنجومەنەکەو بەشی هەر پارێزگایەک لەو کورسیانەو بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بێت بۆ چاپکردنی پسووڵەی دەنگدانو پەسەندکردنی پاڵێوراوان.

### مالیکی دەسەڵاتی دواخستنی هەیە

ئەندامێکی عەرەبی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاشکرایکرد، بەپێی یاسا، کە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق (کە لە ئێستادا نوری مالیکی ئەو بەرپرسیارێتییەی هـەیـە)، دەسـەڵاتـی دواخستنی هەڵبژاردنی هەیە لە بازنەیەک، یان زیاتری هەڵبژاردندا.

هـــەر ســـەبـــارەت بـــە پرسی هەڵبژاردنی کەرکوک، محەمەد تەمیم ئەندامی کوتلەی عەرەبی بە ئاژانسی هەواڵی خەبەری ڕاگەیاند: «دەقێکی یاسایی هەیە، کە دەسەڵاتی داوە بە فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، کە هەڵبژاردن لە بازنەیەکی هەڵبژاردن، یان زیاتر دوابخات بەپێی هەندێک بـارودۆخ»، پێیشی وابوو؛ کە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی سوورە لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکوک لە کاتی خۆیدا، لە کاتێکدا دواخستنی هەڵبژاردن لەو پارێزگایە تاکە چارەسەرە.

لە بەرامبەردا د.ئەحمەد ئەنوەر ئـەنـدامـی لیستی هاوپەیمانی ئاشکرایکرد؛ هەموو داواکارییەکی دواخستنی هەڵبژاردن ڕەتدەکەنەوە، کـە لـەلایـەن ئـەنـدامـە عـەرەبو تورکمانەکانەوە، چونکە بە وتەی ئـەو: «دواخـسـتـنـی هـەڵـبـژاردن دانیشتووانی کەرکوک بێبەش دەکات لە مومارەسەکردنی مافی خۆیان».

سەبارەت بە لێدوانەکەی محەمەد تەمیم بە دواخستنی هەڵبژاردن لەلایەن فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانەوە، د.ئەحمەد وتی: «ڕاسـتـە یـاسـا ئـەو دەسـەڵاتـەی بـە فـەرمـانـدەیـی گشتیی هێزە چەدارەکان داوە، بەڵام لە حاڵەتی بوونی بارودۆخێکی ئەمنیدا، بەڵام لە کـەرکـوک بـارودۆخ ئاساییەو هیچ بیانوویەک نییە بۆ دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە کەرکوک.



خۆپیشاندانی خەڵکی کەرکوک دژی مادەی ٢٤، ٢٠٠٨/٧/٢٨ فۆتۆ: ئارام جەمال

## هەواڵ

### کەرکوکی: نابێت کەرکوک جیابکرێتەوە



د.کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ڕایگەیاند: پێویستە هەڵبژاردن لەهەموو عێراقدا لەیەککاتدا بکرێتو هەموو پێکهاتەکانی عێراق بەشداریی تێدا بکەنو نابێت هیچ پارێزگایەکی عێراقو بەتایبەتی کەرکوک، بارێکی تایبەتی پێبدرێتو لە پارێزگاکانی دیکە جیابکرێتەوە.

### UN داوای نەگەڕانەوەی کەرکوک دەکات





لەمیانەی پێشنیازێکی نوێدا کە نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی کرد، بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک داوایکردووە، پشت بە تۆماری نوێی دەنگدەران ببەسترێتو ئەگەر دوای ساڵێک دەرکەوت گۆڕان لەو تۆمارانەدا ڕوویـداوە، هەڵبژاردنەکە دووبارە بکرێتەوەو کەرکوک لەسنووری ئیداریی خۆیدا بمێنێتەوەو ناوچەدابڕاوەکان نەگەڕێنرێنەوە سەر کەرکوکو دوو کورسی زیاد وەک قەرەبوو بدرێتە عەرەبو تورکمانەکان، لەبەرامبەردا لیستی هاوپەیمانی پێشنیازەکەی ڕەتکردەوە.

### لیژنەی لێکۆڵینەوەی ڕاستییەکان

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق پێشنیازێکی خستە بەردەست کوتلە سیاسییەکانو بەپێی پێشنیازەکەش، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی ڕاستییەکان پێکبهێنرێت لە وەزارەتەکانی (ناوخۆ، پلاندانان، بازرگانیو چەند دەستەیەکو نوێنەری پەرلەمان) بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر زیادبوونی نائاسایی ژمارەی دانیشتووان، ئەگەر دەرکەوت ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە هاوتا نەبوو لەگەڵ ئەنجامی هەڵبژاردن، دواتـر چەند گۆڕانکارییەک لە دابەشبوونی کورسییە بەدەستهاتووەکانی کەرکوکدا بکرێت.

### پارێزگارێکی نوێ بۆ سەڵاحەدین هەڵبژێردرا



ئەنجومەنی پارێزگای سەڵاحەدین، خالید حەسەن مەهدی وەک پارێزگاری نوێی سەڵاحەدین هەڵبژارد، دوای ئەوەی مانگی ڕابـردوو بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن، مەتشەر حسێن عەلەوی لە پۆستەکەی لابرا، لەهەڵبژاردنەکەدا خالید حەسەن توانی لەکۆی دەنگی (٢٢) ئەندامی ئەنجومەن (٢٠) دەنگی بەدەستبهێنێت لەنێو (١٧) پاڵێوراودا، هەر لەدانیشتنەکەدا کوتلەی تەوافوقی ئەنجومەنەکە، بایکۆتی کۆبوونەوەکەیان کردو هۆڵەکەیان بەجێهێشت.

**بەهادین یوسف**



# پارێزگاری کەرکوک: ئەگەر لە کەرکوک هەڵبژاردن ئەنجام نەدرێت، ژیانی تێدا دەوەستێت

سازدانی: ئارام جەمال

**عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکوک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە کێشەی کەرکوک لە قەبارەی خۆی گەورەتر کراوەو بەهۆی پشتگوێخستنی مادە دەستوورییو یاساییەکانەوە، کێشەی شارەکە بەم دۆخەی ئێستا گەیشتووە، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان گەورەترین زیانی بە کەرکوک گەیاندووەو ئەگەر ئەمجارە هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کەرکوک ئەنجام نەدرێت، ژیان لەشارەکەدا دەوەستێت.**

**ڕۆژنامە: ئەو پێشکەوتنانە چین کە لە شەش ساڵی دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە لەشاری کەرکوک بەدیهاتوون؟**

* لە شەش ساڵی ڕابردووەوە گۆڕانکاریی گەورە لەم شارەدا ڕوویداوە، کاتێک من پۆستی پارێزگاری کەرکوکم وەرگرت لە ٢٠٠٣/٥/٢٨، ئەو کات شارەکە وێرانە بوو، بەهۆی ئەو هەموو پشتگوێخستنو کاولکارییوماڵوێرانییو سیاسەتە دڕندانەیەی ڕژێمی بەعسەوە کە بەسەر ئەم شارەو خەڵکەکەی هێنابوو، لەسەرجەم بوارەکاندا پێشکەوتنی بەرچاو بەدیهاتووە، بۆ نموونە لەبواری ئەمنیدا ئەو هەڵچوونو توندوتیژییەی لەساڵانی ڕابردوودا هەبوو ئێستا بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمیکردووەو دۆخی ئەمنیی شارەکەش تاڕادەیەکی بەرچاو سەقامگیرە، لەبواری ئاوەدانکردنەوەشدا کاری زۆر باشکراوە، بۆ نموونە لەمێژووی کەرکوکدا چوار پرد لەسنووری پارێزگاکەدا دروستکراوە، بەڵام لەم ماوە کەمەدا توانیومانە پێنج پردی گەورەو ستراتیژیی دروست بکەین، هەروەها لە بواری ڕێگاوباندا ژمارەیەکی بەرچاو ڕێگاوبان دروستکراون چ لەناو شار یاخود گوندەکان، چەندین بەنداوی گرنگمان لەدەوروبەری کەرکوک دروستکردووە، کە دواترینیان دانانی بەردی بناغەی بەنداوی خاسەیە کە سوودێکی گەورەی دەبێت بۆ ئاوی خواردنەوەو کشتوکاڵو گەشتوگوزار، لەسەر ئاستی زانکۆ چەندین کۆلێژی نوێو بینای نوێ دروستکراونو لە کەرتەکانی دیکەی تەندروستیو پەروەردەشدا کاری گەورە ئەنجامدراوەو بەدەیان بینای نەخۆشخانەو قوتابخانە دروستکراون، لەئاستی کارەباشدا هەنگاوی باش نراوە، بۆ نموونە لەسەردەمی بەعسدا پێویستی سەرجەم خەڵکی کەرکوک بۆ کارەبا (١٨٠)مێگاوات کارەبا بووە، بەڵام ئێستا ئەو پێویستییە (٦٨٥)مێگاواتە، کە توانراوە بڕێکی باشی دابینبکرێتو پێدانی کارەباش بە هاوڵاتییان لەئێستادا باشترە لەچاو سەردەمی بەعسدا، هەروەها لە بواری پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوەو ئاوەڕۆدا بەسەدان کاری گرنگ کراوەو بەدەیان باخچەی نموونەیی لە گەڕەکاندا دروستکراونو دوو پارکی گەورە لەبواری جێبەجێکردندان، لەبواری وەرزشیشدا خزمەتێکی بەرچاو کراوە، لەبواری دامەزراندیشدا ئێمە ڕێگەمان نەداوە وەزارەتەکان خەڵکی دەرەوەی کەرکوک لە کەرکوک دابمەزرێنن، بەو هۆیەوە هەلی کارو دامەزراندن بۆ بەشی زۆری خەڵکی شارەکە دابینکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستی خەڵکی شارەکە زیاترەو دەبێت هەوڵەکان بەردەوامبن.

**ڕۆژنامە: ئێستا پرۆژە ستراتیژییەکانی شارەکە لەچ قۆناغێکدان؟**

* لەو پرۆژە ستراتیژییانە، یەکەمیان نەخۆشخانەی (٤٠٠)قەرەوێڵەییەو ئێستا لەبواری جێبەجێکردندایە، دووەمیان پاڵاوگەیەکی نەوتە کە ئێستا لەقۆناغی پێدان بە بەڵێندەردایەو سێیەمیشیان ئاوەڕۆی بنەڕەتییە، بەڵێنمان وەرگرتووە کە لەسەرەتای ساڵی داهاتووەوە دەستدەکرێت بەجێبەجێکردنی، کە بێگومان ئەمانە دوای هەوڵێکی زۆرو دروستکردنی چەندین لەمپەرە لەبەردەمیان، بەڵام ئێمە هەرسوربووین لەسەر دروستکردنیان لە کەرکوک، هەروەها لە سەرەتای ساڵی داهاتووشەوە دەستدەکرێت بە دروستکردنی شاری وەرزشیی کەرکوک، کە پرۆژەیەکی نێودەوڵەتییەو لەئاستی عێراقدا تەنیا لە کەرکوکو بەسرە دروستدەکرێت، ئەگەر بەراوردی بکەیت کەرکوک لەچاو پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا، لەپێشەوەیە لەبواری ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاریدا.

**ڕۆژنامە: ساڵانەو لەکاتی دیاریکردنی بودجەدا ئێوە بەو بەشەی بۆ کەرکوک دیاریدەکرێت ڕازی نین، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لەو بودجەیە خەرج ناکرێت، بۆ نموونە بودجەی ساڵی (٢٠٠٨)، ئایا بە چ پێوەرێک بودجە سەرفدەکەن؟**

* جێگەی داخە دەوترێت ئێوە بودجە خەرج ناکەن، تەحەدا دەکەم با کەسێک بێتو بڵێت دینارێکتان لە بودجە گەڕاندووەتەوە، ئەمانە تەنیا پڕوپاگەندەنو بێبناغەن، ساڵی (٢٠٠٧) بودجەمان بەتەواویی خەرجکرووە، ساڵی (٢٠٠٨) نەک بودجەی کەرکوک، بەڵکو بوجەی زۆربەی پارێزگاکان بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتو کورتهێنانەوە لە بەغداوە نەنێردرا، بودجەی ئەمساڵیس لەوبڕەی بۆمان هاتووە، مانگێک زیاترە لەپرۆژەدا خەرجکراوە، بەگشتیی تەواونەکردنی بودجە تاوانی ئێمەی تێدا نییە، ئەگەر لەبەغدا زەوتبکرێتو نەدرێت، بۆ لە ئەستۆی ئێمەیە؟، جگەلەوەش لەدابەشکردنی بودجەدا پشت بەژمارەی دانیشتوان دەبەستینو بەپێی ئەوە بودجەکە دابەشدەکەین بەسەر ناوچەکاندا.

**ڕۆژنامە: گەندەڵیی ئیداریی لە چ ئاستێکدایە، تا چەند ڕاپۆرتەکەی دەستەی نەزاهە دروستبوو کە کەرکوکی لە پلەی یەکەمی گەندەڵیدا ئەژمارکردبوو؟**

* گەندەڵیی دیاردەیەکی جیهانییەو سەرجەم پارێزگاکانی عێراقیش گیرۆدەن بەدەستییەوە، بەڵام ئەو ڕاپۆرتە ڕاپۆرتێکی بێبنەمابوو، زۆر بە عەشوایی ئامادەکرابوو، بە دڵنیاییەوە دەیڵێم کەرکوک لە رووی گەندەڵیی ئیدارییەوە لەدواوەی پارێزگاکانی عێراقەو دوایین ڕاپۆرتی دەستەی نەزاهەی عێراقی ئەوە دەسەلمێنێت کە کەرکوک لە ئاستێکی باشدا گەندەڵیی تێدا بنەبڕکراوە، بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵیش پێویستمان بە هاوکاریی هاوڵاتییانە، بەوەی کە هەر کارێکی گەندەڵیی بەدیدەکەن با لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگاداربکەنەوە، جگەلەوەش هەنگاوی باشمان ناوەو بەسەدان کەسیش لەسەر گەندەڵیی ئیداریی لە کەرکوک لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کراوەو خەڵکێکی زۆریش کە هەیانە لەئاستی بەرپرسیارێتیدا بووە، دراون بەدادگاو سزای یاسایی دراون، بۆیە من ناڵێم گەندەڵیی نییە، بەڵام بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبووەتەوەو دەکرێت بەهەموومان هەوڵی لەناوبردنی بدەین.

**ڕۆژنامە: لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە کێشەی کەرکوک لەچوارچێوەی چەند مادەیەکدا چەسپێنرا بەبێ ئەوەی ئەو مادەو یاسایانە جێبەجێبکرێن، لەو شەش ساڵەدا چەندین هەل خرایە بەردەست پێکهاتەکانی شاری کەرکوک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی شارەکە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، پێتوانییە ئێستا کێشەکە لەدەستی خەڵکی کەرکوکدا نەماوە؟**

* کێشەی کەرکوک زۆر لە قەبارەی خۆی گەورەتر کراوە کە نەدەبوو وایلێبێت، کوتلەکانی پەرلەمانی عێراقیش زیاتر کێشەکەیان قووڵترکردووەتەوە، بەتایبەتی لەئێستادا کە بووەتە کێشەیەکی گەورە لەبەردەم پەرلەماندا بۆ دەرکردنی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی عێراق، بەداخەوە کێشەی کەرکوک گەیشتە ئەمەی ئێستا، لەکاتێکدا ڕێگە زۆربوو بۆ چارەسەرکردن لە مادەی(٥٨)ەوە تاکو مادەکانی (١٤٠)و مادەی (٢٣)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، کە ئەوانە هەلی باشبوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک چ لەبەردەم حکومەتی عێراقدا چ لەبەردەم پێکهاتەکانی کەرکوکدا، بەڵام نەتوانرا یاخود نەیانهێشت کێشەکە چارەسەر بکرێت، کە لەهەموو ئەمانەدا تەنیا خەڵکی کەرکوک زەرەرمەندبووە، بۆ نموونە ئەگەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا ئەنجام بدرایە، ئێستا ئەم شارە لە کۆمەڵێک کێشەی دیکە دەربازی دەبوو، کە هەندێک دەسەڵات ئەنجومەنە نوێیەکان هەیانە، ئێمە نیمانەو زیانی گەورەی پێگەیاندووین، بۆیە ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنی ئەمجارە لە کەرکوکو ئەنجام نەدانی سەرژمێریی، ژیان لە کەرکوک دەوەستێنێت، بۆیە پێویستە لایەنە ناکۆکەکان بیر لە بەرژەوەندیی خەڵکی کەرکوک بکەنەوەو هەوڵی چارەسەری کێشەکە بدەن، بەڵام بەپێی یاسا چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک، یاخود دیاریکردنی چارەنووسەکەی، دەبێت بەدەست خەڵکەکەیو بەپێی ئەنجامدانی ریفراندۆم بێت، هەروەها نەدەبوو کوتلە سیاسییەکانی کەرکوک لەناوخۆیاندا هەلی چارەسەرکردنی کێشەکەیان لەدەست بدایە.

**ڕۆژنامە: پێتوانییە قوڵبوونەوەی کێشەی سیاسیی شارەکە کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی خراپی لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا لێکەوتووەتەوە؟**

* نەخێر، من لەو بڕوایەدانیم ئەو کێشانە لەشەقامی کەرکوکدا ڕەنگدانەوەیان دروستکردبێت، بەپێچەوانەوە خەڵکی کەرکوک بەئاشتیو تەباییو تێکەڵاویی دەژینو خۆیان بەیەک گەل دەزانن و یەکگرتوون، ئێستاش پەیوەندییەکان لەکەرکوکدا ئاسایین، چ کۆمەڵایەتی یان بازرگانیو هەموو بوارەکانی دیکە، تەنانەت ژنو ژنخوازیی تائێستاش لەنێوان پێکهاتەکاندا بەردەوامە، بۆیە من وای نابینم کێشە سیاسییەکان لەناو خەڵکی کەرکوکدا ڕەنگبداتەوە.

**ڕۆژنامە: لە چەند ساڵی ڕابردوودا پۆلیس ڕۆڵێکی باشی گێڕاوە لە بەرقەرارکردنی ئاسایشدا لە کەرکوک، لەو ماوەیەدا تائێستا تۆ سەرۆکی ژووری چالاکی ئەمنیت، بەڵام لەئێستادا فیرقەی (١٢)ی سوپای عێراق لەهەوڵدایە دۆسیەی ئەمنیی ناوشاری کەرکوک لە پۆلیس وەربگرێتەوەو سوپا سەرپەرشتی بکات، هاوکات ئەو ژووری چالاکییەش فەرماندەی فیرقە سەرۆکایەتی بکات، هەڵوێستتان لەوبارەیەوە چییە؟**

* ئێستا ئەو کێشەیە هەیەو ئێمە ڕێگریی لێدەکەینو لە ئاستی بەرپرسیارێتی بەرزیشدا خەڵک لەبەغداوە هاتووەو هێزەکانی ئەمریکاش ئاگاداری ئەو هەوڵانەن، زۆر بەڕاشکاویی پێمانوتوون، کە ئێمە قبووڵی ئەو هەوڵانە ناکەینو ڕێگە نادەین سوپا بێتە ناو شاری کەرکوکەوە، چونکە پێویستمان پێی نییە، ڕەنگە هاتنی سوپا بۆ ناوشار کارەساتی گەورەی لێبکەوێتەوە، پێشمان وتوون سوپا سوپای خۆمانەو هەرکات پێویستمان بوو خۆمان داوای دەکەین، وەزیری بەرگریی عێراقیش لەسەردانیدا بۆ کەرکوک بەچاوی خۆی دۆخەکەی بینیو وتی کەرکوک پێویستی بەهێنانی سوپا نییە، بۆیە ئێستا لەگفتوگۆو هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەداین، هەر لە سەرەتاشەوە وابووە ناوشار پۆلیسو دەرەوەی شار سوپا دەیپارێزێتو دەبێت وا بمێنێتەوە.

**ڕۆژنامە: تا چەند هەماهەنگی لە نێوان حکومەتی بەغداو ئیدارەی کەرکوکدا هەیەو ئایا ئاورلێدانەوەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ کەرکوکدا وەک پێویستە؟**

* گلەییو ڕەخنەی زۆرمان لە بەغدا هەیە، بەتایبەت هەندێک لەو وەزارەتانە کە وەک پێویست بەدەنگمانەوە نایەنو داوارییەکانی کەرکوک جێبەجێ ناکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سوپاسی بەشێک لەو وەزارەتانە دەکەین کە هاوکاری باشی کەرکوک دەکەنو پرۆژەی گرنگ جێبەجێدەکەن، وەک وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانو وەرزشو لاوانو نیشتەجێکردنو ئاوەدانکردنەوە، لەهەموو کۆنگرەو کۆبوونەوەکانیشدا بەردەوام داوای هاوکاریی لە وەزارەتەکان دەکەین، لە دوایین کۆنگرەی ئاوەدانکردنەوەشدا کە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیران ئامادەیبوو، داوای نیو دۆلار لە هەر بەرمیلێک نەوتمان کرد بۆ خەڵکی شارەکە، کە ئەوە بوو سەرۆک وەزیران ڕەزامەندیی دەربڕیو دواتریش لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، دوای ڕەزامەندیی بۆ پەرلەمان بەرزکرایەوە، بەڵام بەداخەوە هێشتا پەرلەمان ڕەزامەندیی لەسەر دەرنەبڕیوە، بەگشتیی بەردەوام دەبین لە هەوڵدان بۆ خزمەتکردنی زیاتری کەرکوک.

**ڕۆژنامە: هاوکارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەرکوک لە چ ئاستێکدابووە؟**

* حکومەتی هەرێم چ لە سەردەمی دوو ئیدارەیداو چ ئێستاش بەردەوام هاوکارمان بوونو پرۆژەی باشیان لە کەرکوکدا جێبەجێکردووەو لە سەرجەم بوارەکاندا هاوکاریی باشیان کردووینو جێگای سوپاسە، هیواداریین ئەو هاوکارییانە بەردەوامبن.

**ڕۆژنامە: تۆ پاڵێوراوی لیستی برایەتی بوویت بۆ پۆستی پارێزگای کەرکوکو سەرۆکی ئەو لیستە بوویت لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٥)دا، ئەوەی بەدیدەکرێت تۆ کەمتر خۆت لەپرسە سیاسییەکان دەدەیت، ئەمە بۆچی؟**

* من پارێزگارمو سەرۆکی یەکەی ئیداریی کەرکوکم، کاری من کاری ئیدارییو ئیدارەدانی شارەکەیەو مامەڵەکردنێکی دروستە لەگەڵ سەرجەم نەتەوەکاندا، ڕاستە من لەلیستی برایەتییەوە ئەم پۆستەم وەرگرتووە، بەڵام بێهەڵوێست نەبوومو بەردەوام داکۆکیم لە بەرنامەکانی لیستی برایەتی کردووەو هەر بەسیاسەتی لیستی برایەتیش هەڵسوکەوتم کردووەو بەرنامەکانی لیستی برایەتیم جێبەجێکردووە، بەڵام کارەکەی من زیاتر ئیدارییەو دەبێت هاوسەنگی نێوان پێکهاتەو لیستەکان ڕابگرم.

**ڕۆژنامە: تا چەند دەستوەردانی حیزبیی لە کاروباری ئیداریدا هەبووە، بەوپێیەی تۆ کەسێکی بێلایەنیت؟**

* من دەڵێم کاری حیزبیی کاری ڕێکخستنی حیزبەکان خۆیانەو لەگەڵ ئیدارەدا جیاوازە، نابێت تێکەڵ بەیەکتر بکرێن، بە هەڵەتێگەیشتنو دەستوەردان لێرەو لەوێ جارجارە هەبووە، بەڵام لەکاتی خۆیدا چارەسەرکراوە بەگشتیی من کێشەی شەخسیم لەگەڵ کەسدا نییەو دۆستی هەموو لایەنەکانم.

**ڕۆژنامە: ئەگەر هاتوو هێزەکانی ئەمریکا کەرکوکیان بەجێهێشت، لەکاتێکدا چارەنووسی شارەکە بەیەکلا نەکراوەییو وەک ئێستا مایەوە، چاوەڕوانی کاری توندوتیژییو شەڕی نەتەوەییو تایفی دەکەیت؟**

* نەخێر، هیچ مەترسییەکم لەخەڵکی کەرکوک نییە، هەوڵە دەرەکییەکانیش بە بەردەوامی لەلایەن خەڵکی کەرکوکەوە پوچەڵدەکرێنەوە، لە حوزەیرانی ئەمساڵیشدا کاتێک هێزەکانی ئەمریکا ناوەندی شارەکانیان جێهێشت، هێزەکانی پۆلیس زۆر بەباشی کۆنترۆڵی ڕەوشی ئەمنییان کرد، بۆیە وای دەبینم کە هەر کاتێک ئەو هێزانە کەرکوک جێبهێڵن، مەترسی لەسەر کەرکوک نییە.

**ڕۆژنامە: ئایندەی کەرکوک چۆن دەبینیت، لەوبڕوایەدایت کێشەی کەرکوک بەکوێ بگات؟**

*گەشبینم بە ئایندەی کەرکوک، بەوپێیەی هاوکارییو دۆستایەتیو هەماهەنگی دڵخۆشکەر لە نێوان خەڵکی کەرکوکدا هەیە، ڕاستە جیاوازی لەنێوان سیاسییەکاندا هەیە، بەڵام خەڵکی کەرکوک لە کێشەکانی خۆیان تێدەگەنو ئەو وتەیەی کە دەڵێت، کەرکوک بەرمیلە باروتە، خەڵکی کەرکوک لەماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا بەپێچەوانەوە وەڵامی ئەو وتەیەیان دایەوەو دڵنیام خەڵک دەیەوێت بەئاشتیو برایەتی بژی، ئێستاش ئازادیی ڕادەربڕینو کاری ڕێکخراوەییو جۆرەکانی دیکەی ئازادیی لە کەرکوک بەرقەرارەو ئەمانە گەشبینمان دەکەن بەئایندەی کەرکوک، جیاوازییە سیاسییەکانیش نەگەیشتوونەتە ڕادەی توندوتیژییو لە وڵاتی دیموکراتیو هەنگاونان بەرەو دیموکراتیدا جیاوازیی بۆچوونو جیاوازیی سیاسیی ئاساییە.

راستە من لەلیستی برایەتییەوە ئەم پۆستەم وەرگرتووە، بەڵام بێهەڵوێست نەبوومو بەردەوام داکۆکیم لە بەرنامەکانی لیستی برایەتی کردووەو هەر بە سیاسەتی لیستی برایەتیش هەڵسوکەوتم کردووەو بەرنامەکانی لیستی برایەتیم جێبەجێکردووە


عەبدولڕەحمان مستەفا

عەبدولڕەحمان مستەفا فەتاح
لەدایکبووی، (١٩٥١) کەرکوک
لەساڵی (١٩٧٤) کۆلێژی یاسای بەغدای تەواوکردووە.
لەساڵی (١٩٧٥)ەوە تا ساڵی (٢٠٠٣) لەشاری کەرکوک کاری پارێزەریی کردووە.
لە (٢٠٠٣/٥/٢٨)وە پارێزگاری کەرکوکە.

ئا: شالاو فەتاح

## دەستپێکردنەوەی ململانێکان

# دەنگدانەوەی هەڵوێستەکەی ئۆپۆزسیۆن لە جیهاندا

دەنگدان لەسەر کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و چوونە دەرەوەی «ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە»و ئەو ململانێیانەی چاوەڕواندەکرێت لە کاتژمێری سفردا لەعێراق ڕووبـــدەن، جێی سەرنجی میدیای جیهانن. ئەوەی کە میدیای کوردیی مافی خۆی پێنەدا، بەڵام لە میدیای جیهاندا فەرامۆش نەکرا، هەڵدانەوەی کێشەی چەند وەزیرێکی کوردو گومان دروستکردن بوو لەئاست دووبارە هەڵبژاردنەوەیاندا، ئەمە جگە لەوەی کێشەی کەرکوک لەم هەفتەیەدا گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت‌و وەک «مەترسییەکی ئێجگار گەورە» سەیردەکرێت‌و هەڵوێستە لە ئاست هەڵوێستی چەند سەرکردەیەکی عەرەب، کە گوتاری «نیشتمانیبوون»یان بەرزکردووەتەوە، دەکرێت.

### ئێرس تایمز:
### یەکێتی‌و پارتی گشت وەزارەتە گرنگەکانیان بۆ خۆیان بردووە

پەرلەمانی کوردستان گۆڕانێکی بنەڕەتی لە هەیکەلی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باکووری عێراق پەسەند کرد. حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا لە ١٩ وەزیر پێکدێت، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر ٤٢ وەزیر کاروباری هەرێمەکەیان بەڕێوەدەبرد، وەکو ئاژانسی هەواڵی کوردی وتی. پەرلەمان گۆڕانەکەی بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆک وەزیرانی نوێی حکومەتی هەرێمی قبووڵکردو ١٠ وەزارەتی یەکخست‌و سیانی هەڵوەشاندەوە. یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان‌و پارتی دیموکراتی کوردستان، پشکی شێری وەزارەتەکانیان لەنێو خۆیاندا دابەشکردووە، هەریەکەی حەوت وەزارەتیان بەرکەوتووە، لەنێویاندا وەزارەتە گرنگەکانی وەک وەزارەتـی، ناوخۆ، پێشمەرگە (هێزە سەربازییەکان)، دارایی، نەوت‌و سامانە سروشتییەکان، وەک خۆیان ماونەتەوە. وەزارەتەکانی دیکە لەنێوان بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستان، نوێنەری تورکمان لە حکومەتی هەرێم‌و نوێنەری مەسیحیەکان لە هەرێم دابەشکران. بەرهەم ساڵح کورسییەکی پێشکەش بە کۆمەڵی ئیسلامیی کرد، بەڵام ڕەتیان کردەوەو بەبەتاڵی جێیان هێشت.

### یوپی ئای:
### حکومەتی هەرێم بە کێشە دەرەکییەکانەوە خەریکە

بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پەیمانی سەقامگیریی هەرێمەکەی دا، لەکاتێکدا خەریکی چارەسەرکردنی کێشە دەرەکییەکانە لەگەڵ سەرکردە عێراقییەکان‌و تورکیا. بەرهەم ساڵح ئەم پۆستەی دوای سەرکەوتنی لیستی کوردستانی لە هەڵبژاردنە هەرێمییەکەی ٧/٢٥دا بەدەستهێنا. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کێشەدایە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لەسەر ئەو تموحانەی کە هەرێمەکە هەیەتی، دوایین کێشە لەگەڵ بەغدا لەسەر شێوازی هەڵبژاردن لە شاری دەوڵەمەند بەنەوتی کەرکوک هەڕەشە لە دواخستنی کاتی هەڵبژاردنەکان دەکات، کە بڕیارە لە کانوونی دووەمی ساڵی داهاتوو ئەنجامبدرێت. کوردەکان‌و حکومەتی ناوەندی لەعێراق مشتومڕێکی دیکەشیان هەیە کە ناودەبرێت بە کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان، کە سنوورێکە لە سنجار کە نزیک سوورییایە درێژدەبێتەوە تا خانەقین لە پارێزگای دیالە. لەبارەی کێشە ناوخۆییەکانەوە، سەرۆک وەزیران بەڵێنی دا کە کاربکات بۆ ناساندنی نێودەوڵەتییانەی ئەنفال وەک جینۆساید، پاکتاوی ڕەگەزیی دەستی ڕژێمی سەدام حسێن. ئەو کێشەیەی لەئێستادا زۆرێک لە سەرانی ڕژێمی پێشوو لەسەری دادگایی دەکرێن وەک تاوانباری جەنگ.

### ڕۆیتەرز:
### ئاشتی هەورامی دەبێتەوە بە وەزیر

لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئاشتی هەورامی دووبارە وەک وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم دیاریکرا. ئاشتی هەورامی لەکێشەیەکدا بوو کە چەند کەسێکی دەرەکی ئاشکرایان کرد، سەرەڕای بوونی کێشەی زۆر، ئاشتی هەورامی دەبێتەوە بە وەزیر، لەبارەی بازرگانیکردن لە هەرێمێکی ئارامی عێراقدا. بەڵام ئەو نکوڵی لە بوونی هەر بەرژەوەندییەکی مادی لەو مامەڵەیە کرد کە بۆ دوو کۆمپانیای بیانی کرابوو، لەنێویاندا دی.ئێن.ئۆی نەرویجی کە لە کێڵگەی تاوگ کاردەکات. محەمەد قەرەداغی سکرتێری کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشتر ڕایگەیاند، ئاشتی هەورامی بەردەوام دەبێت لە پۆستەکەی وەک وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. پاشان گەورە بەرپرسێکی هەرێم کە سەرۆکی دیوانی هەرێمە، فوئاد حسێن زانیارییەکی پشتڕاستکردەوە. لـــەدوای هەڵبژاردنەکانی تەممووز، کە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی لە دەسەڵاتدا هێشتەوە، پەرلەمانتارانی کوردستان بەرهەم ئەحمەد ساڵح، جێگری سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراقیان دەستنیشانکرد بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ. شیکاروانەکان پێیانوایە، ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا. لەنێو دڵی کێشەکانداو لە شاری کەرکوکی دەوڵەمەند بەنەوت، دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم‌و ناوەند لەبەغدا لەسەر یاساییبوونی ئەو گرێبەستانەی کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان بەستوویەتی، لەکێشەدان.

### فرانس پرێس:
### دەنگ لەسەر حکومەتی نوێ دەدرێت‌و ئۆپۆزسیۆن دەچێتە دەرەوە

پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان دەنگیان دا بە کاندیدەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکاتێکدا چەندین پەرلەمانتار چوونە دەرەوە، پاش ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی دەنگدانی جیالەسەرهەروەزیرێک.سەرچاوەیەک لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، وەزارەتەکان لەلایەن بەرهەم ئەحمەد ساڵحەوە سەرۆکایەتی دەکرێن‌و ژمارەشیان کەمکراوەتەوە بۆ نیوەی کابینەی پێشتر. تەنیا چـوار وەزیـری کابینەی پێشوو پۆستەکانیان بەدەستهێناوەتەوە، کە پێکهاتوون لە وەزارەتەکانی سامانە سروشتیەکان، ناوخۆ، دارایـی، وەزارەتـی کاروباری پێشمەرگە، لەدوای بردنەوەی هەڵبژاردن لەلایەن هەمان ئەو پارتانەی پێشتر دەسەڵاتیان لەدەستدابوو، هەڵبەت بە دەنگێکی کەمتر. بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، سیاسەتی هەرێم کۆنترۆڵ نەکراوە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان کە مەسعود بارزانی سەرۆکی دووبـارە هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتی دەکات‌و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق سەرۆکایەتی دەکات. لە هەڵبژاردنەکانی تەممووزدا، فراکسیۆنی گۆڕان بووە یەکەمین ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە بە بەدەستهێنانی ٢٥ کورسی لە کۆی ١١١ کورسی پەرلەمان. لەگەڵ نزیکەی ١٠ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، کە پێکهاتبوون لە ئیسلامی-کۆمۆنیستەکان، پەرلەمانتارانی گۆڕان چوونە دەرەوە. عەبدوڵڵای مەلا نوری، پەرلەمانتاری کوردستان سەر بە فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت، بڕیارماندا بچینە دەرەوە، چونکە سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەی نەداین پرسیار لە بەرهەم ساڵح بکەین. ئێمە پرسیارمان زۆربوو دەربـارەی چۆنێتی حوکمی ئەو لە هەرێمی کوردستانی لە ساڵانی ٢٠٠١-٢٠٠٤دا. سەرچاوەیەکی پەرلەمانی کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات وتی، ئۆپۆزسیۆن دەیویست لەسەر هەر وەزیرێک دەنگبدرێت بەشێوەیەکی تایبەت، بەڵام ڕەتکرایەوە.



### داود ئۆغلو: دەبێت هەمووان کەرکوک ئاوەدانبکەنەوە

ئەحمەد داود ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا لەکاتی سەردانە مێژووییەکەیدا بۆ کوردستان، باس لە گرنگی پەیوەندییە دوولایەنەکانی تورکیاو عێراق دەکات کە دەبێتە دەروازەی وڵاتانی کەنداو. لەبەرامبەردا مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ستایشی «بوێری»ی تورکیای کرد بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەی چەکدارانی پەکەکە کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا جێگیرن. لە پرێس کۆنفرانسێکدا داودئۆغلۆ وتی، عێراق وەک وڵاتێکی فرەڕەگەز گرنگی خۆی هەیە بۆ ئێمەو هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر عێراق، هەڕەشەیە بۆ سەر تورکیا. دواتر لەبارەی سـوودی هاوبەشی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێم، داودئۆغلو، وتی: ئێمە دەروازەی ئەوروپاین بۆ ئێوەو ئێوەش دەروازەی باشوور، واتە کەنداون بۆ ئێمە. سەردانەکەی داودئۆغلو، یەکەمین سەردانی وەزیرێکی تورکیە بۆ کوردستان، بە نیشانەی باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنکەرەو بەغدایە بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەی ٢٥ ساڵەی پەکەکە. بەرزانی پشتیوانی خۆی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ دەربڕی. بارزانی لەبارەی کێشەی پەکەکەوە وتی، سیاسەتی سەرۆک وەزیرانی تورکیا مامەڵەکردنە لەگەڵ کێشەکانداو سەرۆکایەتی تورکیاش دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ کێشەی پەکەکە بکات، بڕیارەکان زۆر بوێرانەیەو ئێمە پشتگیریی سیاسەتەکانیانین. دواتر داودئۆغلو لەبارەی کێشەی کەرکوکەوە لێدوانی داو وتی، کاتی ئەوە هاتووە بانگهێشتی گشت پێکهاتەکان بکرێت بۆ بیناکردنەوەی ناوچەکە، عەرەب‌و کوردو تورکمان.

### لۆس ئەنجلس تایمز:
### شەڕی چاوەڕوانکراو لەسەر کەرکوک

ئـەو نیشتیمانیبوونەی لە چەند ڕووداوێـکـدا باسدەکرێت، هەڵگری تۆوی کێشەیەکی دیکەیە، ئەویش کێشەی نێوان کـوردو عەرەبە، کە سوپای ئەمریکا بە گەورەترین کێشەی ئێستای عێراقی ناودەبات، کە هەڕەشە لە سەقامگیریی ئەو وڵاتە دەکات. ململانێی نێوان کوردو عەرەب لەسەر دەنگدانی پارێزگای تەئمیم، پارێزگای شاری دەوڵەمەند بەنەوتی کەرکوک، پێدەچێت ڕێخۆشکەربێت بۆ دەرکردنی یاسایەکی نوێی هەڵبژاردن. ئەمەش ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێت، وەک بەرپرسان دەڵێن، دەبێتە هۆی دواخستنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا. ئەم کێشەیەی هەڵبژاردن تەنیا ئاماژەی کێشەیەکی گەورەترە، ئەویش کێشەی دەستووری عێراقە، کە پەیمانی ریفراندۆمی لەسەر چارەنووسی کەرکوک بە کوردەکان داوە، بەڵام تورکمان‌و عەرەب، بەهەردوو سوننەو شیعەوە دژایەتی هەر جۆرە بڕیارێکی لەو شێوەیە دەکـەن. نەبیل محەمەد سالم، سەرۆکی بەشی خوێندنی ستراتیژیی لە زانکۆی بەغدا لەبارەی گوتاری نیشتمانیی سیاسییە عەرەبەکانەوە دەڵێت، پێمـوایە ئەمە تەنیا مەبەست لێی سوننەو شیعەیە، نەک کورد. لەبارەی چارەنووسی کەرکوکەوە وتی، کەرکوک بەشێکە لە عێراق‌و ئەگەر کوردەکان سووربن لەسەر بەدەستهێنانی، پێموایە شەڕێکی گەورە لەنێوان کوردو عەرەبدا ڕوودەدات.

## بۆچی بۆمبەکانی بەغدا پلانی ئەمریکا ناگۆڕێت؟

**ئایا ئامانجی دوو تەقینەوەکەی ناوچەی سەوزی بەغدا بۆ:**

**١) لاوازیـــــی‌و ناجێگیریی حکومەتەکەی مالیکی بوو؟**

**٢) پەکخستنی هەڵبژاردنی کانوونی دووەم بوو؟**

**٣) هەڵگیرسانی شەڕی نێوان سوننەو شیعە بوو؟**

**٤) کوشتنی ژمارەیەکی زۆر عێراقی بوو؟**

**وەڵامی ڕاست بەدڵنیاییەوە بریتییە لە:**

**٥) هەموو ئەوانەی سەرەوەیە.**

هەرچەندە تەقینەوەی بەغدا ژمارەیەکی زۆری کوشت، بەڵام ئەم هێرشانە چیتر ناتوانن زنجیرەی ڕووداوەکـان بگۆڕن، لەبەر ئەم هۆکارانە.

یەکەم: حکومەتەکەی مالیکی هەرگیز نەیتوانیوە سەقامگیریی تەواو دروستبکات، تەنانەت پێش تەقینەوەکەی یەکشەممەش، ئەو هەوڵە زۆرەی مالیکی بۆ وێناکردنی خـۆی وەک «پـیـاوە بەهێزەکە» دای، بەهەدەرچوو، بەڵام چیتر پێگەی سیاسیی خـۆی لەڕێی دابینکردنی ئاسایشەوە ناپارێزێت، بەڵکو دەیەوێت ئەو پێگەیە بە سیاسەتی ئیئتیلافات بەدەستبێنێتەوە، چونکە هیچ حیزبێک ناتوانێت بەبێ دروستکردنی هاوپەیمانیی، زۆرینە بێنێت.

دووەم: ئـەگـەر هـەڕەشـە لەسەر هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەم هەبێت، ئەوا بەهۆی بۆمبەکانی ئەلقاعیدەوە نییە، بەڵکو بەهۆی ململانێی نێوان سیاسییەکانی عێراقە لەسەر یاسای هەڵبژاردن، ئەمەش دوای ئـەوەی کـوردو عـەرەب لەسەر چارەنـووسـی کـەرکـوک بـەتـەواویی دابەشبوون.

سێیەم: تەنیا ڕێگە بۆئەوەی ئەلقاعیدە سیاسەتی عێراق بگۆڕێت، ئەوەیە کە شەڕی مەزهەبیی نێوان شیعەو سوننە دروسـتـبـکـاتـەوە، ئـەمـەش ڕوونـە کە تەقینەوەکان بەو مەبەستە دەکرێن، بەڵام شیعەکان وەڵامێکی ئەوتۆیان نییە، ئەمەش دوای ماڵیکردنی ئامێری تۆڵەسەندنەوە، سوپای مەهدیو ئەوەی کە شیعە دەزانێت زۆرینەیەو بوونی دەوڵەتێکی دیموکرات لە بەرژەوەندیی ئەواندایە.

چوارەم: واقیعی مەترسیداری عێراق ئەوەیە، کە بۆمبەکان بەردەوامدەبن لە تەقینەوەو خەڵکی زیاتریش دەکوژرێن. تاوەکو مالیکی زیاتر پایتەخت بپارێزێت، ئەلقاعیدە هێرشی زیاتر دەکاتە سەر ئەو شارانەی ئاسایشیان لاوازە.

لە کۆتاییدا هەندێک لە کۆمێنتارەکان تـەقـیـنـەوەکـەی یەکشەممەیان وەک ئارگومێنتێک بەکارهێناوە بۆ گۆڕینی پلانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ئەمەش وەک ئەوەی کە هێرشبەرەکان پەیامێکیان دابێتە ئۆباما، بەڵام ئەگەر ئەو ئامانجەشیان هەبووبێت، ئەوا شکستیانهێناوە، چونکە چیدی لە دەسەڵاتی کۆشکی سپیدا نییە ئەو پلانە بگۆڕێت کە لە چوارچێوەی سۆفاداو لەنێوان مالیکی‌و بۆشدا ئیمزاکرا، بەڵکو تەنیا حکومەتی عێراق دەتوانێت داوای مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بکات، بەڵام ئەم داوایە خۆکوشتنی سیاسییە، کە پێموانییە مالیکی لەئێستادا بیەوێت ئەنجامیبدات، بەپێچەوانەوە ئەو کەمپەینی هەڵبژاردنەوەی وەک پیاوێک ڕێکدەخات، کە ئەمریکای وەدەرناوە.

**بەدەستکارییەوە: بۆبی گۆش، تایم**

## هێزە کوردییەکان، تاک لایەنە دەچنە هەڵبژاردنی عێراقەوە

# بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی: لیستی کراوە ڕێگایەک بۆ هاوپەیمانی پارتیو یەکێتی ناهێڵێتەوە

دلێر عەبدولخالق

**چارەنووسی یەکلیستی هێزە سیاسییەکانی هەرێم بۆ بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، نادیارە، بەتایبەت کە هێزی ئۆپۆزسیۆنو زۆربەی حیزبەکانی دیکە یەکلاییبووەتەوە لەوەی بە لیستی جیاواز بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە بکەن، هاوکاتیش بەپێی لێدوانی بەرپرسانی یەکێتیو پارتی، ئەگەر شێوەی هەڵبژاردنەکە بە لیستی کراوەبێت لەسەر ئەو دوو حیزبەی فەرز دەکات بەجیا بەشداریی لەو هەڵبژاردنەدا بکەن.**

لایەنە عەرەبەکانی عێراق بە شیعەو سوننەوە لەسەر چۆنێتی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکەو هاوپەیمانێتییەکانیان یەکلاییبوونەتەوەو ڕایانگەیاندووەو ئەوەی لەو نێوەندەدا ماوەتەوە هێزە کوردییەکانن، لەناو ئەو هێزانەشدا دوو هێزە باڵادەستەکەی هەرێم پارتیو یەکێتی خوازیاری پێکهێنانی لیستێکی یەکگرتوو و بنکەفراوان بوون، بەڵام هەر زوو لایەنی ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەت لیستی گۆڕانو دواتریش یەکگرتووی ئیسلامیی ڕایانگەیاند: «بە لیستی جیاواز بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکەن». لەگەڵ ئەوەی تائێستاش بەشێوەیەکی گشتیی لیستی کوردستانی پارتیو یەکێتی، کە (٥٩) کورسی پەرلەمانی هەرێمیان هەیە، ئاماژە بە یەکلیستی نێوانیان بۆ بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنە دەکەن، بەڵام بەپێی دوایین لێدوانی بەرپرسانی ئەو دوو هێزە دەردەکەوێت تا چەند ئەگەری هاوپەیمانێتی ئەو دوو هێزە لەگۆڕێیە، ئەوەندەش ئەگەری بەجیا دابەزینیان هەیە.

سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، ئاماژە بەوە دەکات؛ چاوەڕێی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکەن بۆ بڕیاردان لەسەر هاوپەیمانێتی یان ئەگەرێکی دیکەو وتی: «هەرچەندە گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلەیە کراوە، بەڵام تا پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان ئەو بابەتە ڕووننابێتەوە.

ئەگەر هەڵبژاردن بەشێوەی لیستی داخراو بێت، ئەوا هاوپەیمانێتی یەکێتیو پارتی درێـژەی پێدەدرێت، ئەگەریش بە لیستی کراوە بێت، هیچ نرخو گرنگییەک بۆ ئەو هاوپەیمانێتییە نامێنێت.

پیرە ئـەوەش دەڵـێـت: «یەکێتی هیچ کێشەیەکی لەسەر شێوەکانی هەڵبژاردن نییە، بەڵام لە ڕاستیدا جۆری هاوپەیمانێتیمان لەگەڵ پارتی لەسەر بنەمای یاساکەو ئالیەتی یاساکە دەبێت».

هاوکات سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتیش هـاوڕا لەگەڵ بۆچوونی ئەندام مەکتەب سیاسییەکەی یەکێتی پێیوایە؛ لیستی داخراو یەکلیستی فەرز دەکات، بەڵام لیستی کراوە ڕێگەیەک بۆ هاوپەیمانێتی ناهێڵێت.

جەعفەر ئیبراهیم سەرۆکی دەزگای گشتیی هەڵبژاردنی پارتی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «چاوەڕێی یاساکە دەکەین، ئەگەر هەڵبژاردن بە لیستی داخراو بێت، بێگومان هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەکێتی زیندوو دەکەینەوەو بە یـەک لیست بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکەین، چونکە ئەو کات یەکلیسی خۆی فەرز دەکات، بەڵام ئەگەر بە لیستی کراوە بێت، جگە لەوەی لە ڕووی تەکنیکییەوە هاوپەیمانێتییەکی فـراوان ئاسان نییە، هاوکاتیش لەو باوەڕەدانیم ئەندامی حیزبەکانیش پەیوەستبن بەو هاوپەیمانێتییە».


جەعفەر ئیبراهیم


سەعدی ئەحمەد پیرە

**سەعدی ئەحمەد پیرە: ئەگەر هەڵبژاردن بەشێوەی لیستی داخراو بێت، ئەوا هاوپەیمانێتی یەکێتیو پارتی درێژەی پێدەدرێت، ئەگەریش بە لیستی کراوە بێت، هیچ نرخو گرنگییەک بۆ ئەو هاوپەیمانێتییە نامێنێت**

لیستی گـۆڕان_یـش، کە لیستەکەیان خاوەنی (٢٥) کورسی پەرلەمانییەو دووەم لیستی براوەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی هەرێمی کوردستانە، لە سەرەتاکانی قسەکردن لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق هەڵوێستی خۆیان لەمەڕ شێوەی بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنە ڕوونکردەوە، کە بە لیستی جیاواز بەشداریدەکەن.

هەرچی سێیەم لیستی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشە بەشێوەیەکی فەرمیی هاوپەیمانێتی چوار حیزبەکەیان هـەڵـوەشـانـدووتـەوەو بەرپرسانی ئەو حیزبانەش ڕایدەگەیەنن؛ بە جیا بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکەن.

سەمیر سەلیم ئـەنـدامـی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی ڕایگەیاند: «یەکگرتووی ئیسلامیی بە تەنیا بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکات، ئەمەش لە بەرەنجامی سەرکەوتنی ئەزموونی ڕابـــردووی دابـەزیـنـی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق، کە توانیویەتی لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی کورد لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان هاوهەڵوێست بێت».

وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامیش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە دوایئەوەی گەیشتنە بنبەست بۆ دروستکردنی لیستێکی ئیسلامیی بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەگەری بەهێز ئەوەیە، کۆمەڵی ئیسلامیی بەجیا بەشداریی لە هەڵبژاردنەکان دەکات.

عەبدولستار مەجید وتەبێژو کارگێری مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پێمانباش بوو لیستێکی هاوبەش هەموو لایەنە کوردییەکان لەسەر بنەمای ئەرکو ماف لە بەغدا کۆبکاتەوە، بەڵام بەپێی ئەزموونی ڕابـردوو لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی تەنیا ئەرک هەبووەو ماف نەبووە».

جگەلەوەی بۆ دروستکردنی لیستی ئیسلامیی یەکگرتووی ئیسلامیی ڕەزامەند نەبوو، بۆیە ئێستا ئەگەری بەهێز لەناو کۆمەڵی ئیسلامیی دابەزینە بە لیستی سەربەخۆ».

لەلایەکی دیکەشەوە، عەبدوڵڵا حاجی مەحمود ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان جەخت لەوە دەکاتەوە؛ حیزبەکەیان کار بۆ ئەوە دەکات بە تەنیا بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی عێراق بکاتو وتی: «گرنگ ئەوەیە لایەنە کوردییەکان لە بەغدا، لە مەسەلە نیشتمانیو نەتەوەییەکان یەکگرتوو و پـارێـزەی دەستکەوتەکان بن».

نەسروڵڵا نەجمەدین ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشان (ئایندە) بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە تائێستا بڕیاری کۆتاییمان لەسەر چۆنێتی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق نەداوە، بەتایبەتیش تاوەکو یاسای هەڵبژاردنەکان پەسەند نەکرێت، بێگومان هەڵوێستمان ڕوون نابێت».

بـزووتـنـەوەی ئیسلامیش، تائێستا یەکلایی نەبوونەتەوە لەسەر سروشتی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق.

د.ئەحمەد وەرتـی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بـزووتـنـەوەی ئیسلامیی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات؛ جەماوەری لایەنە ئیسلامییەکان خوازیاری ئەوەبوون ئیسلامییەکان لە لیستێکی هاوبەشدا کۆببنەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی یەکگرتوو بڕیاری بەجیا دابەزینیان دابوو، ئەو هەوڵە سەرینەگرتو کۆبوونەوەکانی ئایندەی مەکتەبی سیاسیی ئەو ئەگەرانە تاووتوێ دەکەین».

لیستی ئازادیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی، کە خاوەنی تەنیا کورسییەکی پەرلەمانی کوردستانو بە لیستی چەپەکان ناسراون، هاوپەیمانێتی ئـەو حـەوت پارتەش بۆ هەڵبژاردنی عێراق هەڵدەوەشێتەوە.

سوبحی مەهدی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستان، ڕایـگـەیـانـد: «چـەپـەکـان وەک بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە لیستی ئـازادیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەشداریمان لە هەڵبژارنی هەرێم کرد، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ئامادەکاریی خۆمان هەیە، بە شێوەیەک هەوڵدەدەین کۆدەنگیی دروستبکەین، ئەگەر لەو هەوڵەدا سەرکەوتوو نەبووین، ئەو کات ئێمەش بە تەنیا بەشداریی لەو هەڵبژاردنەدا دەکەین».

## مالیکی: نابێت بەعسییەکان بچنە پەرلەمان

نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق هەموو لایەکی لە دەرئەنجامە سلبییەکانی چوونی بەعسییەکان بۆ ناو پەرلەمانی عێراق لە ڕێگەی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە ئاگادارکردەوە.

لە وتەیەکیدا لە میانەی فیستیڤاڵی دامـەزراوەکـانـی گواستنەوە بۆ ڕووبـەڕووبـوونـەوەی بەعس، مالیکی داوای لە هاوڵاتییانی عێراق کرد، کە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوودا دەنگ نەدەن بە بەعسییەکان، تا نەتوانن بچنە پەرلەمانو بە گرنگیشی زانی کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وردبینیی تەواو لە پاڵێوراوەکانی ئەو هەڵبژاردنەدا بکات.



## UN لێکۆڵینەوەکانی لە عێراق دەستپێکرد

شاندی لێکۆڵەرانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان دەستیان بە کارەکانیان کرد سەبارەت بەو تەقینەوە خوێناوییانەی ئەم دواییەی بەغدای پایتەخت.

لـــەوبـــارەیـــەوە سـەعـیـد عووەیقات وتەبێژی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق (یۆنامی) ڕایگەیاند: «ئۆسکار تارانکۆ نـوێـنـەری سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرووەکان بۆ ئەو لێکۆڵینەوانە لەگەڵ هەریەک لە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانو بەرپرسانی وەزارەتـی دەرەوەو بەرگرییو نـاوخـۆو ئاسایشی نیشتمانیدا کۆدەبێتەوە.



## هاشمی: دەسەڵاتەکانم بۆ کەرکوک بەکاردەهێنم

تاریق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق ڕایگەیاند: «ئەگەر چارەسەرێکی نـادادپـەروەرانـە بۆ کێشەی کەرکوک بسەپێنرێت، دەسەڵاتەکانی خۆم وەک جێگری سەرۆک کۆمار بەکاردەهێنم».

لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت، تـارق هاشمی ئـامـاژەی بـــەوەدا؛ کـە هەمان دەسـەڵاتـی خـۆم وەک سـەرۆک کۆمار بەکاردەهێنم، ئەگەر لە بارێکدا بڕیاری دادگای فیدراڵیی پشتگوێبخرێت سـەبـارەت بە زیادکردنی ژمـارەی ئەندامانی پەرلەمان لە (٢٧٥) ئەندامەوە بۆ (٣١١) ئەندام.



# ـــــوور



فەرمیی نەوتی ناردە دەرەوەو پێشبینیدەکرێت لەماوەی داهاتوودا ڕۆژانە بتوانێت (٦٠)هەزار بەرمیل لە کێڵگەی تاوگیو (٤٠)هەزاریش لە کێڵگەی تەقتەق بەرهەمبهێنێت، کە سەدان ملیۆن دۆلار داهاتی دەبێت، بەڵام پرسیاری گرنگ بۆ هاوڵاتییان ئەوەیە کە بەرهەمهێنانی نەوت چی لە ژیانی ئەوان دەگۆڕێت؟

بەپێی لێدوانی هەندێک لە بەرپرسانی بیانیی کۆمپانیاکانی نەوت، حسێن شەهرستانی زۆر توندە لەمامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیاکاندا، لەلایەکیتریشەوە هەرچەندە بارودۆخی ئاسایشی عێراق خراپەو بونیادنانەوەی ژێرخانی ناوچە نەوتییەکان تێچوونێکی زۆری هەیە، بەڵام هێشتا عێراق جێگەی بایەخو تەماحی ئەو کۆمپانیایانەیە.

لەیەکەم خولی ڕێگەپێداندا(First bid round) کە لە (٣٠)ی مانگی شەشدا ئەنجامدرا، تیایدا وەبەرهێنان لە کێڵگەی نەوتی ڕومەیلەدا کراو نرخەکان بەمجۆرە نمایشکران.

وەزارەتـــی نـــەوت Oil ministry بۆ دەرهێنانی یەک بەرمیل نەوت بڕی (٢)دۆلاری دانابوو.

Exam Mobil(٤,٨٠) دۆلار

BP (٣,٩٩)دۆلار

دواتـــر Winner_BP بــە (٢)دۆلار پڕۆژەکەیان وەرگرت.

تائێستا ڕومەیلە بە گەورەترین کێڵگەی نەوت دادەنرێتو بەیەکێک لەدەستکەوتەکانی خولی ڕێگەپێدانی یەکەم دادەنرێت.

پێدانی (٢)دۆلار بۆ دەرهێنانی یەک بەرمیل نەوت بەکۆمپانیاکانی نەوت هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کە (٣٥٪)ی بۆ باج دەڕواتو (٢٥٪)یشی دەڕوات بۆ کۆمپانیای نەوتی عێراقی، بەوپێیەش کۆمپانیاکە کەمتر لەیەک دۆلاری بۆ دەمێنێتەوە، هەر ئەوەش وایکرد ئەو کۆمپانیایانە شەهرستانی بە «بەخیلو حەسود» نـاوبـەرن، بەوپێیەی «نایەوێت قازانجی زۆر بکەن»، بەتایبەت دوای ئەوەی کە لە کێڵگەی خۆرئـاوای قـورنـەدا بڕی (١,٩٠)دۆلاری دانا بۆ هەر بەرمیلێک نەوتو بواریشی نەهێشتەوە بۆ گفتوگۆکردن.

لێکۆڵینەوە جیۆلۆجییەکان ڕایدەگەیەنن کە (١,٢)دۆلار تێچوونی دەرهێنانی یەک بەرمیل نەوتە لە عێراقدا، بەڵام لە زۆرێک لە وڵاتانی تردا (٧_٨)دۆلار تێچوونی دەرهێنانی یەک بەرمیل نەوتەو کۆمپانیاکانی نەوتیش لەعێراقدا باسلەوەدەکەن کە ئەو تێچوونە کەمە سەرنجراکێش نییە، چونکە ئەوان خەرجییەکی زۆر لە ئاسایشو بونیادنانەوەی ژێرخانی ناوچە نەوتییەکاندا دەکـەن. ئەگەرچی لە ڕووی پێکهاتەوە عێراق خاوەنی باشترین جۆری نەوتە، بەڵام لەبازاڕەکانی جیهاندا (١٠٪)نرخەکەی کەمترە، چونکە نەتوانراوە وەک پێویست پێکهاتەکانی جیابکرێتەوە.

هەرچەندە لە خولی یەکەمی ڕێگەپێداندا گەورەترین کێڵگەی نەوتیی بەرهەمهێنانی تێدا کرا، بەڵام زۆرێک لە ڕۆژنامە جیهانییەکان ئەو خولەیان بە «فاشیلو سەرنەکەوتوو» دایە قەڵەم.

لەلایەکیتریشەوە ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراق خولەکەیان بـە سـەرنەکەوتوو ئەنجامدا، بۆیە پێیانوابوو کە دەبێت خولی ڕێگەپێدان لەلایەن پەرلەمانەوە تەسدیق بکرێت، بەڵام شەهرستانی ڕایگەیاند کە ئەوە کاری حکومەتە نەک پەرلەمان.

خولی دووهەمSecond bid round

بڕیاروایە لــە(١١-١٢)ی مانگی کانونی یەکەم داهاتوودا لە ئەستەمبوڵ ڕێکبخرێتو (٢٠)ی تشرینی دووەم دوا وادەیە بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە دەیانەوێت بەشداریبکەن لەو (١٠)کێڵگەیەی کە حکومەتی عێراقی دەیەوێت نەوتیان تێدا دەربهێنێتو تا ئێستا (٤٤)کۆمپانیا بەشدارن.


بەخیلیو دەستگرتنەوەکانی شەهرسانیو توندبوونی لەبەرامبەر گەورە کۆمپانیاکانی نەوتی جیهانیدا لەکاتێکدایە کە حکومەتی هــەرێـم بــە سیستمی PSAکــاردەکــاتو کۆمپانیاکان بەرێژەی (١٥٪)بــەشــدارنو دەنگۆی (٢٢٪)یش لێرەو لەوێ هەیە.

لە خولی یەکەمدا هەموو کێڵگەکان پێشتر هەبوونو کاریان تێدا کرابوو، بەڵام کێڵگەکانی خولی دووەم بەو جۆرە نین، هەربۆیە عاسیم جیهاد، وتەبێژی وەزارەتی نەوت ئەو کێڵگانەی بە «سـەوز» ناوبرد، چونکە هیچ کارێکیان تێدا نەکراوە.

ئەگەرچی شەهرستانی پێشتر ڕایگەیاند کە بەهۆی خولی یەکەمەوە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق بۆ (١٠)ملیۆن بەرز دەکاتەوە، بەڵام پڕۆسەکە بەوجۆرە بەڕێوەنەچوو، هەربۆیە ئاگایانی سیاسیو ئابووری، گومانیان هەیە لە ئەنجامدانی خولی دووەمو ریانوایە، ئەگەر شەهرستانی دەتوانێت ئاستی بەرهەمهێنان بەوجۆرە بەرزبکاتەوە، بۆچی خولی دووەم ڕادەگەیەنێت.

لەسەروبەندی خولەکانی ڕێگەپێداندا، بەرپرسانی کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی (SOMO)، بـەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەوان دەتوانن وەبەرهێنانی گـەورەو بەرفراوان لە کێڵگەکاندا بکەنو عێراق پێویستی بە کۆمپانیای بیانی نییە، هەربۆیە کێشەیەکی زۆر لە نێوان وەزارەتی نەوتو کۆمپانیای نەوتدا هەیەو هەر ئەوەش وایکرد، لەماوەی یەک ساڵدا حکومەت سێ بەڕێوەبەر بەدوای یەکدا بگۆڕێت لە کۆمپانیاکەدا.

# سەرچاوەکانی ئاوی قەڵادزێ، بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵو بوژاندنەوەی ئابووریی هەرێم



ئارام جوامێری

لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیاییەوە، پشدەر یەکێکە لەو ناوچانەی کە سەر بە پارێزگای سلێمانییە، بەڵام تائێستا ژمارەیەکی ڕووپێوی تەواوی ڕووبەرەکەی لەبەردەستدا نییە، بۆیە ڕای جیاواز هەیە لەسەری. هەندێک سەرچاوە بە (١٢١٦)کیلۆمەتر دووجا مەزەندەیان کردووە، بەڵام دکتۆر ڕەفیق سابیر بە (١٥٠٠)کیلۆمەتر دووجا مەزەندەی دەکات.

پشدەر بە زنجیرەیەک چیا وەکو پشتێنە دەورەیانداوەو سنووری جوگرافیی ناوچەکە وەکو حەوزێک پیشاندەدات، هەربۆیە زۆرجار وشـەی حـەوزی پـشـدەر نـاوی هـاتـووە، سروشتو شێوەی ناوچەکە تایبەتمەدی زۆرەو لە ناوچەکانی تری کوردستان جیای دەکاتەوە.

ئـەو پشتێنەیەی کە حـەوزی پشدەری دروستکردووە پێکهاتووە لەم زنجیرە چیایانە: (زنجیرە چیای بلفەتو تەورداسە لە ڕۆژهەڵاتەوە لە ناوچەی سەردەشت، چیای قەندیل لە باکورەوە لە ناوچەی پیران شاری (خانێ)، چیای کێوەڕەش لە ڕۆژئاواوە لە ناوچەی بیتوێن، چیای ئاسۆس لە باشورەوە لە ناوچەی مەرگە - بنگرد). چیای قەندیل یەکێکە لە شاخە هەرە بەرزەکانی کوردستان، بەرزی شاخی قەندیل (٣٤٥٢م)ە، بە چلەی هاوین بەفری لێدەمێنێتەوەو زۆر فێنکە، مەڕدارانو کوێستانچیان هەر کە گەرمێن گەرم داهات بار لێدەنێنو دەچنە هەواران. ئەو لوتکە سەرکەشانەی بەسەر ناوچەکەدا دەڕوانن (قەندیل، چواس، هەرمێن، مامەندە، بلفەتو کوریس)، هەر بەهۆی ئەم چیا سەرکەشانەوە بوو شۆڕشو سەرکردایەتیی کورد ئەوسا وەکو شوێنیو حەوانەوە لە ڕۆژانی سەختو بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو، کردیە مەنزڵیو لەوێوە چالاکیو گیانبەختی هێزی پێشمەرگە لە دژی ڕژێمی سەدام دەستپێکرد، خەلکی ئەم دەڤەرە زۆر بە پەرۆشو دلسۆزییەوە باوەشیان بۆ هێزی پێشمەرگە کردەوە، ئەگەر ڕۆژانێک دوو نانیان بۆ خۆیان بخستایاتە سەر ساج، ئەوا لەپێناو خزمەتی پێشمەرگە دەیانکردە چوار نان بۆ ئەوەی پشتیان نەشکێ لە برسێتیو تینوێتیو دووری کەسوکاریان، بەڵام مەخابن ئەو سەرکردایەتییەی ئەوسا پشتی بەخەلکی خۆڕاگری پشدەر بەستبوو، ئێستا پشتی کردووەتە خەلکی ئەو دەڤەرە.

ئەوەی من مەبەستمە لێرەدا باسی بکەمو بیخەمە بەردەم حکومەتی هەرێمو دەسەڵاتی میری، بۆئەوەی لایەک بەلای ناوچە بەپیتو فەڕەکەی پشدەردا بکاتەوە، بۆ سوودمەندبوون لە لایەنە ئابوورییەکەیو دەشتو زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئەو ناوچەیە. سەرەتا دەبێت حکومەت بەرنامەو پلانی هەبێت بۆ ئەوەی پشت بەو ئاوە زۆرەی ئەم ناوچەیە ببەستێت، بەرلەوەی وشکەساڵی هەموو دنیا قڕ بکات، چونکە زاناکان باس لەوە دەکەن کە گۆی زەوی بەشێوەیەکی چڕ ڕووبەڕووی دیاردەی وشکەساڵیو کەمبوونەوەی ئاو دەبێتەوە، شارەزایانو پسپۆڕانی نەتەوەیەکگرتووەکانو کارمەندانی ئاژانسەکانی پەیوەست بە ژینگەپارێزی وای بۆ دەچن کە تا ساڵی (٢٠٢٥) لەوانەیە ڕێژەی (٧٠٪)ی ڕووبەری گشتی پانتاییەکانی گۆی زەوی بەرەو بیابانبوون بچنو ڕوەکو گیاو دارستانە سروشتییەکانو ناوچە کشتوکاڵییەکان دەگۆڕێن بۆ زەوی وشکی شەقاراویی.

بۆ ئەوەی بەر بە وشکەساڵی بگرینو خۆی بۆ ئامادە بکەین لە هەرێمی کوردستان، دەبێت سوود لەو سەرچاوە دەولەمەندە ئاوییانەی پشدەر وەربگرین.

**سەرچاوە ئاوییەکانی ئەم دەڤەرە کامانەن:** زێیی بچوک دووەمین زێیی گەورەی باشووری کوردستانە کە درێژییەکەی (٣٢٠کلم)ە، لە شاخەبەرزەکانی ( کەندی شێخانو سیاکێو)ی ڕۆژهـەڵاتو باکووری شاری خانە (پیرانشار)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێتو بە ناوچەکانی موکریانو سوێسنایەتیدا دێتەخوارەوە، بە چۆمی(کەلوێ) ناودەبرێت. دواتریش لەناوچەی(ئالان)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بە باشووری گوندی(قندۆڵ)ی پشدەردا کە لەوێشدا بە چۆمی(تەیەت) ناودەبرێت دێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانو بەدامێنی چیای ئاسۆسدا بە ناوچەی پشدەردا تێپەڕدەبێتو لە دەربەند کە ناوچەی پشدەرو بیتوێن گرێدەدات، ڕەتدەبێتو دەڕژێتە ئەو دەریاچەیەی کە سەدی دوکانی لێدروستکراوە، دوای بڕینی چەند پێچاوپێچیو دۆڵو نشێوییەکو بڕینی چەندین کیلۆمەترێک دەڕژێتە ناو ڕووباری دیجلەوە. ڕووبارێکی تر کە لە ئاوی سپیی سەروی هەڵشۆ هەلدەقولێت، لە پشت قەڵاتی قەڵادزێ لەگەڵ چۆمی چۆمخڕکە یەکدەگرنەوە، ئەم چۆمانەش (ژاراوە، بەستەستێنو کەلەگافرێن) کە لە بنارەکانی چیاکان هەلدەقولێنو دەڕژێتە زێی بچوکەوە.

**ناوچەیەکی کشتوکاڵی، ئاژەڵداریو بازرگانییە**

حکومەت دەتوانێت بە سوودوەرگرتن لەو سەرچاوە ئاوییانە هەموو دەڤەری پشدەر ئاوەدان بکاتەوەو پاراوی بکات، دواجار زەوییە بەپیتو فەڕە کشتوکاڵییەکانی بەشێوازو سیستمی زانستی پێشکەوتوو بەروبومی جۆراوجۆری تێدا بەرهەم بهێنرێت، چونکە ناوچەی پشدەر لە ڕووی کشتوکاڵییەوە هەروەک هەموو ناوچەکانی تری کوردستان، خاکەکەی بەپیتو بەرەکەتە، توانای بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی زۆرەو جوتیاران سوودی لێدەبینو بە هاوینان بە بەرهەمهێنانی توتن، گولەبەڕۆژە، تەماتە، پیاز، شوتی، پەمووو تورو گەلێک بەرهەمی تر. بێجگە لەوەش زەوییەکان بەکاردەهێنن بۆ بەرهەمهێنانی گەنم، جۆ، نۆک، نیسکو بۆ بێستانی کالەک. لەناوچە فێنکەکانیش وەک ناودەشتو گوندەکانی پشت قەڵادزێ میوەجاتێکی زۆری لێ بەرهەمدێت وەک، هەنار، سێو، گوێز، هەرمێو ترێ.

بەرهەمە سروشتییەکانیش زۆرن بۆ نمونە، ڕێواس، کنگر، تۆڵەکە، هێرۆ، کیسوێ، کارگ، بنێشتی کوردی، قەزوان، گۆیژ، بەڕوو، مازوو، کرۆسکو چواڵە.. هتد.

دواجار کوردستان بوژاندنەوەی ئابووری تێدەکەوێت، نەک هەرێمی کوردستان بەڵکو هەموو عێراق پشت بە بەرهەمەکانی دەبەستێو ڕەنگە لە داهاتوودا بتوانین بەرهەمی خۆماڵی ڕەوانەی دەرەوە بکەین، نەک وەکو ئێستا تەنانەت تورو تەماتەشمان لە وڵاتە دراوسێکانەوە بۆ دێت.

سەرچاوەی ئامارە زانستییەکان:-

- ماڵپەڕی قەڵادزێ
- ماڵپەڕی پشدەر
- ماڵپەڕی ناوەندی چاک

# کارتی ئەلکترۆنی بانکیی بۆ خانەنشینانو هاوڵاتییان دروستدەکرێت

ڕۆژنامە

حکومەت کارتی ئەلکترۆنی بۆ ئیشوکاری بواری بانکیی دروستدەکاتو بەڕێوەبەری ئیدارەی بانکەکانیش ئاماژە بەوە دەکات بەمزووانە دووجۆر کارتی ئەلکترۆنیی دەخرێتە بەردەست هاوڵاتییانو خانەنشینان.

ئەحمەد حـەسـەن، بـەڕێـوەبـەری ئیدارەی بانکەکانی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند: لە بەرنامەی حکومەتدایە بەمزووانە جۆرێک لە کارتی ئەلکترۆنیی تایبەت بە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینان لە کوردستان دروستبکرێت.

جگە لە دروستکردنی کارتی ئەلکترۆنیی تایبەت بە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینان وا بڕیارە کارتێکی ئەلکترۆنیی گشتیی بۆ هاوڵاتییان دروستبکرێتو لەجیاتی بەکارهێنانی دراوی کاغەزیی سوود لەو جۆرە کارتانە وەربگیرێتو لە بازاڕو سۆپەرمارکێتەکاندا کاری پێبکرێت.

بواری بانکییو خزمەتگوزارییە بانکییەکان پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆوە بینیوەو ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا لەجیاتی مامەلەکردن بە دراوی کاغەزیی، کار بە سیستمی بەکارهێنانی کارتی ئەلکترۆنیی دەکرێت.

# مووچەی خانەنشینان زیاد دەکرێت

شارا عەبدولڕەحمان

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پڕۆژەیاسای زیادکردنی مووچەی خانەنشینی پەسەند کردو تیایدا بڕیاردرا بە زیادکردنی مووچەی ئـەو خانەنشینانەی کە لـەدوای (٢٠٠٨/١/١)ەوە خانەنشین بوو بە بڕی (٧٠) هەزار دینار.

لە دانیشتنی ڕۆژی (١١/١)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا یەکێک لە کارنامەی دانیشتنەکە بریتیبوو لە دەنگدان بە پڕۆژەیاسای زیادکردنی مووچەی خانەنشینانی عێراقو تیایدا پڕۆژەکە پەسەندکرا.

د.ئیسماعیل شوکور، جێگری ســەرۆکــی لـیـژنــەی دارایـــی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەزۆرینەی دەنگی ئەندامەکانی ئەنجومەنی نوێنەران پڕۆژەیاساکە پەسەندکراوە، کە تێیدا بڕی (٧٠) هەزار دینار دەخرێتە سەر مووچەی ئـەو خانەنشینانەی کە لـەدوای (٢٠٠٨//١/١)ەوە خانەنشینکراون.

د.ئیسماعیل ئاماژەی بەوەشکرد؛ زیادکردنەکە لە (٢٠٠٩/٩/١)ەوە هەژماردەکرێتو خانەنشینانی هەرێمیش دەگرێتەوە.

# ساڵی داهاتوو (٢٠) هەزار تاکسی دەهێنرێتە کوردستان

ڕۆژنامە

بەڕێوەبەری بانکی کوردستان، لقی سلێمانی ڕایدەگەیەنێت سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندیی نیشانداوە بۆهێنانی (٢٠) هەزار ئۆتۆمبێلی دیکە لەساڵی داهاتوودا بۆ کوردستان، ئەمە لەکاتێکدایە لەبەرامبەر هێنانی تاکسی بۆ کوردستان خاوەن تاکسییەکانی شاری سلێمانی تائێستا دووجار خۆپیشاندانیان سازکردووە.

ئەگەرچی ئامانج لە هێنانی ئەم تاکسیانە «نەهێشتنی ئۆتۆمبێلی مۆدێل کۆنو پاکڕاگرتنی ژینگەی کوردستانە»، بەڵام والاکردنی سنوورەکان لە بەردەم هێنانی ئۆتۆمبێل وێڕای ئەوەی پشێویی لە کوردستاندا دروستکردووە، هاوکات نیگەرانیی لای خاوەنی کۆمپانیاکانی تایبەت بە هێنانی ئۆتومبێلیش دروستکردووە.

وەزارەتی بازرگانی حکومەتی هەرێمیش لای خۆیەوە ڕایدەگەیەنێت، «هێنانی ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێل بەبێ مۆڵەتی وەزارەتی بازرگانییە».

ئیسماعیل محەمەد، بەڕێوەبەری هاوردەکردن لە وەزارەتـــی بازرگانی هەرێم، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: پێشتر چەندجارێک سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـرانـیـان لەوە ئاگادارکردووەتەوە کە تەنیا بە مۆڵەتی ئەوان ئۆتۆمبێل هـــاوردەی هـەرێـم بکرێت، بـەڵام داواکارییەکەیان ڕەتکراوەتەوەو ئەو دەسەڵاتەیان پێنەدراوە.

# نـەوتی سـ

محەمەد شێخ فاتح

**پێنج مانگ لەمەوبەر، لە کێڵگەی نەوتیی ئەلئەحدەب لە کاتی گەڕان و پشکنین بەدوای نەوتدا و بەهۆی دزەکردنی گازی کبریتەوە ئەحمەد ئیسماعیل تەمەن (٣٠) ساڵ کە ئەندازیاری کیمیاییەو لەگەڵ کۆمپانیای (واحە)ی چینی کاردەکات تووشی تەنگەنەفەسی و لەکارکەوتنی هەردوو دەستی دەبێت.**
**کێڵگەی ئەلئەحدەب بەدووری (٢٣) کیلۆمەتر دەکەوێتە رۆژئاوای پارێزگای واستەوە ئەحمەدیش لەکاتێکدا کە چاودێریی پرۆسەی گەڕانی دەکرد بەدوای نەوتدا کە لە رێگەی موشەکی تایبەتەوە کارەکە دەکرا، بڕێکی زۆر لە گازی کبریتی بەردەکەوێت و جگە لەوەی ژیانی ئەحمەد دەخاتە مەترسییەوە دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگەی ناوچەکەو هەڕەشە لە دانیشتووانی ناوچەی ئەحرار دەکات کە نزیکن لە کێڵگەکەوە**
**دوای توشبوونی، تەنها یەک مانگ مۆڵەتی بێمووچە دەدرێتە ئەحمەدو قەرەبووش ناکرێتەوە**
**هەرچەندە ئێستا ئەحمەد بارودۆخی تەندروستی کەمێک باشترە بەڵام تائێستاش ژیانی خۆی و هاوکارانی جێگەی گرنگی نییەو هیچ بیمەیەکیان نییە**

به بڕوای جینا شۆن، رۆژنامەنووس لە وۆڵ ستریت جۆرناڵ، لەعنەتەکانی نەوت لە عێراق هیچیان کەمتر نییە لە نەهامەتییەکانی ئەڵماس لە ئەفەریقا، بە بڕوای ئەو ئەگەر ئەڵماس مایەی نەگبەتی بووبێت بۆ منداڵی ئەفەریقا، ئەوا نەوت مایەی نەهامەتیی بووە بۆ ژن و پیری عێراقی.

بــە بــۆچــوونــی ئـــەو خـانـمـە رۆژنـامـەنـووسـە، نـەوت یەکێکە لەو کایانەی کە کەسانی گەندەڵکارو ژینگەی گەندەڵ بەرهەمدەهێنێت.

نزیکەی نەوەد ساڵە نەوت لەعێراقدا مـایـەی ئـاشـوب بـــووەو هۆکارێک بووە بۆ کەمەندکێشکردنی ئاڵۆزیی و ناکۆکییەکان بۆ ناوچەکەو هۆکارێک بووە بۆ گەمەکردن بە ژیان و ریسککردن بە چارەنووسی عێراقییەکانەوە، هەربۆیە هەندێک پێیانوایە، ئەو داهاتەی کە نەوت هەیەتی بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق، هەرگیز بەشی ئەو کاولکارییە ناکات کە دەیان ساڵە وڵاتەکەی نغرۆ کردووە.

## نەفرەتەکانی نەوت

ساڵی (٢٠٠٨) پارێزگای واست بەهۆی هاوردەکردنی سووتەمەنی لە ئێرانەوە (٦٤٢) ملیار دینار زیانی لێدەکەوێت.

ئــەو شــارە رۆژانـــە پێویستی بە (٥٠٠) هــەزار لیتر بەنزین و (٤٥٠) هەزار لیتر گـازو (٣٥٠) هـــەزار لیتر نـەوت هەیە، بۆ هــەر لیترێک سووتەمەنی حکومەتی عێراق هــەزارو (١٠٠) دینار دەدات و لەبەرامبەریشدا بە (٤٥٠) دینار دەیفرۆشێتەوە بە هاوڵاتییان.

ئەو زیانە زۆرە لەکاتێکدایە کە لەو شــارەدا پێنج پاڵاوگەی نـەوت هەیەو دەتوانرێت بەو سوتەمەنییەی لە رێگەی بۆرییەوەو لەماوەی دووهەفتەدا لە زیقارەوە دەگەیەنرێتە واسـت، بەشی پێداویستی دوو مانگی ئەو شارە بکات و هەرکەسێکیش ویستبێتی لەوبارەیەوە قسە بـکـات رووبـــەڕووی هـەڕەشـە بووەتەوە.

هـاوردەکـردنـی نــەوت لە وڵاتانی دراوسێوە بۆ شارەکانی عێراق لە کاتێکدایە کە عێراق یەکێکە لەدەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان لە رووی یەدەگی نەوتییەوە، بەجۆرێک کە ئێستا خاوەنی زیاتر لە (١١٥) مـلـیـار بەرمیل نەوتی یەدەگە، ئەگەرچی لە دوای سعودیەوە دێت بە پلەی دووەم، بــەڵام پێشبینیدەکرێت لەکاتێکدا پشکنین بکرێت بۆ تەواوی ناوچەکانی، ئــەوا عێراق پلەی یەکەم داگیربکات لەریزبەندی یەدەگی جیهانیدا، بەتایبەت کاتێک چاوەڕواندەکرێت بڕی نەوتی یەدەگ بگاتە (٢٠٠) ملیار بەرمیل.

لەسەردەمی دەسەڵاتی سەدامدا، عێراق رۆژانە (٣) ملیۆن و (٥٠٠) هــەزار بەرمیل نەوتی هەناردەی وڵاتانی دەرەوە کردووە، بەڵام لەدوای ساڵی (٢٠٠٣) و دوای ئەوەی ژێرخانی ئابووریی کەرتی نــەوت لە عێراقدا توشی قەیرانێکی گەورەهات و ئەو برە بۆ ئاستێکی زۆر هاتە خوارەوە.

## گرێبەستەکانی نەوت یان گەمە مەترسیدارەکان

لــەدوای ساڵی (٢٠٠٣) وە مەسەلەی بـەرهـەمـهـێـنـانـی نــەوت لــە رێـگـەی گرێبەستەکانی نەوتەوە بەردەوام جێگەی مشتومڕی نێوان هەولێرو بەغدا بووەو زۆرجـــار کێشەکانی هێندەی تر ئاڵۆز کــردووە، هاوکات لەئاستی عێراقیشدا هەمیشە ئەو گرێبەستانە جێگەی گومان و سەرنجی لێکۆڵیاران و بەرپرسان بووە.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەو گرێبەستانەی لەعێراقدا دەکرێن دوو جۆرن، جۆرێکیان پێیدەوترێت: (Sharing Agreements Production PSA)

واتــە گرێبەستەکە بەجۆرێکە کە کۆمپانیای بیانی لە قازانجدا شـەریک دەبێت.

جــۆری دووەمـــیـــان پێیدەوترێت (Technical service contracts TSC)

لەمجۆرەیاندا کۆمپانیای وەبەرهێن تەنها مووچە وەردەگرێت و هیچ مافێکی تری نییە، ئەمجۆرەیان پێشنیازی حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراقە کە بە بڕوای شارەزایان جۆری دووەمیان باشترە، چونکە لە کاتێکدا نرخی نەوت لە (٦٠) دۆلارەوە چووە (٧٠) دۆلار، ئەوا کۆمپانیای وەبەرهێن هیچ قازانجێکی زیاتر نابات، بۆیە حکومەتی عێراقی پرەنسیپی PSAگۆڕی بۆ TSC.

کارکردنی شەهرستانی بــەو جۆر گرێبەستانە لەکاتێکدایە کە کۆمپانیاکانی نەوت لەهەوڵێکی زۆردا بوون بۆ ئەوەی کە بە PSA کاربکرێت، چونکە قازانجێکی زۆرتریان دەکرد.

ئەوشێوازی رێگەپێدانەی کۆمپانیاکانی نەوت کە شەهرستانی کارپێیدەکات زۆر جیاوازە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، هەربۆیە مشتومڕەکان لەوبارەیەوە بەردەوامن.



## لە وەزیرە دەستبڵاوەکەوە بۆ وەزیرە بەخیلەکە

ئێستا عـێـراق رۆژانـــە (٢) ملیۆن و (٥٠٠) هـــــەزار بـــەرمـــیـــل نـــەوت بەرهەمدەهێنێت و (٢) ملیۆن بەرمیلیش دەنێرێتە دەرەوە.

پێش چەند مانگێک حکومەتی هەرێم لە کێڵگەکانی تاوگی و تەقتەقەوە بەشێوەیەکی

# دەستی کاری خۆماڵیی لە بواری نەوتدا بەکارناخرێن

ستارە عارف

لە هەرێمی کوردستان (٢٨) گرێبەستی نـــەوت لــە گــەڵ کۆمپانیاکانی جیهان ئیمزاکراوەو تائێستاش نەتوانراوە کرێکارو دەستی خۆماڵیی لەو بـوارەدا بخرێنەگەڕ، ئەوە لەکاتێکدایە کە بەپێی گرێبەستەکانی نەوت، پێویستە ئەو کۆمپانیانەی دێنە ناووەو وەبەرهێنان دەکەن، سەرمایەی ناوخۆ بۆ ناوخۆ بەکاربهێننەوەو نەیبەنە دەرەوە.

پرۆفیسۆر محەمەد رەئوف، باس لەوە دەکات کە هەرچەندە پێویستبوو وا بکرایە، بەڵام وانەکراوە، هەربۆیە ناهێڵن کادیرەکانی کورد لەبواری نەوتدا هەر نزیکیش ببنەوە لەو شوێنانەی کە نەوتی تێدا دەردەهێنرێت، زۆربــەی ئەوانەی بەپێی گرێبەستەکان لەبواری نەوتدا کاردەکەن خەڵکی کوردستان نین و بەشدارییان لە بەگەڕخستنی خەڵکی کوردستاندا نەکردووە، کەواتە بەقازانجی کۆمپانیای بیانی و کەمکردنەوەی هێزی کارە لە کوردستاندا.

یەکێک لــە ســـودی گرێبەستەکانی نەوت لەوەدایە کە کارمەندی خۆماڵیی بە تەکنەلۆژیای بیانی ئاشنادەکرێت و ئەزموونی ناوخۆیی بەو بوارە بەرفراوانەی وەبەرهێنان دەوڵەمەند دەکرێت.

کەمال تەها، بەڕێوەبەری پاڵاوگەی نەوتی سلێمانی، بـاس لــەوە دەکــات، کە ئـەوان هەمیشە داکۆکی لــەوە دەکــەن کە کارمەندی خۆماڵیی لە هەموو گرێبەستەکاندا شوێن بگرن، نموونەی کارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجەی هێنایەوەو دەڵێت: دەبوایە ئەگەر لە بەرژەوەندیی میللەتەکە بوایە (٨٠_٩٠٪)ی کرێکاری خۆماڵیی بوایە، وتیشی: «لە گرێبەستەکانی نەوتدا، کە گرێبەستی نەوتی کێڵگەی شیواشۆک لە کۆیە کراوە، پێویستە ئەو کۆمپانیایەی کە گرێبەستەکەی کردووە چەندین ملیۆن دۆلار بۆ خزمەتگوزاریی ناوچەی کۆیە خەرجبکات، بــەڵام ئەوان رێگە بە کەسە شارەزاکان نادەن کار بکەن، خەڵکانێک هاتوونەتە پێشەوە کە سیفاتی ئەو بوارەیان تێدا نییەو نازانن چۆنە».

کەمال تەها کێڵگەی نەوتی تەقتەقی بە نموونە هێنایەوە، کە شیواشۆکی پێدەڵێن و ئـامـاژەی بـــەوەدا لەساڵی (١٩٩٥) ەوە خستویانەتەگەڕو نــەوتــی خـاویـان لێ بەرهەمهێناوە بۆ پاڵاوگەی نەوتی سلێمانی، واتە کێڵگەیەکی بەرهەمهێنەرە، کە ئەم کێڵگانە هەبن پشکنین و پارە خەرجکردنی دەوێت، ئیتر چ پێویست بەوە دەکات بە شەراکەت کۆمپانیا بهێنرێت.

بەڕێوەبەری پاڵاوگەی نەوتی سلێمانی، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد؛ پێنەگەیاندنی کادیری خۆماڵیی زیانگەیاندنە بە سامانی نەتەوەیی و پێیوایە دەسەڵات وەک بونیادێکی نەتەوەیی بیر لە مەسەلەکان ناکاتەوە، کەرتی تایبەت با کار بکات، بەڵام هەر کۆمپانیایەک کە کارگەیەک یان پرۆژەیەک دادەنێت، دەبێت لە (٨٠-٩٠٪)ی ئەو کرێکارانەی لەوێدا کار دەکەن، کرێکاری کوردی و کرێکاری هەمان ناوچە بن.

لەلایەکی دیکەوە، د.بایەزید حەسەن، ئەندامی لیژنەی نەوت و گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: پێویستە بەپێی گرێبەستەکان لە(٧٥- ٨٠٪) گرێبەستەکان کرێکارو کارمەندی خۆماڵیی بن، بەڵام زۆرجار لە عێراق و کوردستانیش کادیری شارەزا کەمە، چونکە لەکاتی بەعسدا هەرکەسێک کورد بووبێت لە کۆمپانیاکانی نەوت دەریانکردووە، بەتایبەتی کۆمپانیای نەوتی باکوور کە ئێستا رێـــژەی کورد لەو کۆمپانیایە (١١٪) یــە، ئەوە لەکاتێکدایە مەرج بۆ کۆمپانیاکان دانراوە کە زۆرینەی کادیرەکانیان (٧٥-٨٠٪)ی خۆماڵیی بن.

نـەشـارەزایـی و کەمتوانایی کرێکارو کادیرانی کورد لە زۆرێک لە کەرتەکانداو بەتایبەت لە کەرتی نەوتیدا بیانوویەکی بەهێزە بەدەست کۆمپانیاکانەوە تا نەیانەوێت کەڵک لە توانای ئەو کەسانە وەربگرن.



زرار تاهیر، ئەندامی لیژنەی دارایـی و سـەرۆکـی لیژنەی ئـاوەدانـکـردنـەوە لە خولی دووەمـــی پەرلەمانی کوردستان، رایدەگەیەنێت، کە ئەگەر کرێکاری خۆمان لە پرۆژەکانی ناوخۆدا بەگەڕبخرێن، ئەوا ئەو کرێکارانە خێزانەکانیشیان لە کەمدەرامەتیی رزگاری دەبێت، بەڵام لە زۆر شوێن بینراوە کە کرێکاری خۆمان وەک پێویست کار ناکەن.

هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد؛ ئەگەر ئەندازیارەکانی بواری نەوت شارەزاییشیان نەبێت هەر دەبێت لەم بوارەدا بەگەڕبخرێن تا شارەزایی پەیدا بکەن، چونکە ئەگەر هەبن و بەگەڕ نەخرێن زیان بە سامان و داهاتووی گەلێک دەگەیەنێت، لە شوێنی ئەوەی پارە بدەین بە ئەندازیاری بیانی و پارەکە بەرنە دەرەوە، دەبێت ئەو پارەیە بۆ ئەندازیاران و شارەزایانی خۆمان بێت و لە بوارەکەدا بخرێنە کار، ئەو کاتە پـارەو سەرمایەش ناچێتە دەرەوە.

## عەبدوڵڵا مەلا نوری، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان:

# هەرکاتێک داوامان لێبکرێت بەڵگەکان دەخەینەڕوو

سازدانی: رۆژنامە

**عەبدوڵڵا مەلا نوری، سوورە لەسەر ئەوەی کە چەند کەسێک لەوانەی پۆستیان لە کابینەی نوێی حکومەتتدا پێدراوە، تۆمەتبارن بە بەفیرۆدانی سامانی گشتیی‌و دەڵێت: «هەرکاتێک داوامان لێبکرێت بەڵگەکان دەخەینەڕوو»، ئەو کە ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، پێیوایە؛ قسەکانی داکۆکیکردن نییە لە بەرەیەک، کە دژی بەرژەوەندییەکانی میللەتەکەی بێت، «یان دژی میللەتەکەم بجەنگێت، بەڵکو لە روانگەی هەستی بەرپرسیارێتیی بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکانی میللەتەکەم قسەمکردووە».**


عەبدوڵڵا مەلا نوری

**رۆژنامە: رۆژی چوارشەممەی رابردوو پێشچوونە دەرەوەتان لە هۆڵی پەرلەمان وتت: بەڵگەت هەیە، کە چەند کەسێک لەوانەی دەبنە وەزیر تۆمەتبارن بە گەندەڵیی، ئەم بەڵگانە بەفیعلیی هەیە؟**

* بەڵێ، پێویستە هەمووان ئەوە بزانن، کە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا مافدراوە بە هەموو ئەندام پەرلەمانەکان هەر بابەتێک لە ناو پەرلەماندا قسەی لەسەرکرا ئەویش قسەی خۆی هەبێت، بەوپێیەی نوێنەری خەڵکە، ئەو رۆژە (١٠/٢٨) رۆژێکی گرنگ بوو لەبەرئەوەی پەرلەمان متمانە دەدات بە کابینەیەک لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا کار بکات، زۆرگرنگە ئەو کەسانەی دایاندەنێیت‌و متمانەیان پێدەدەیت هەڵیانسەنگێنیت، ئێمە بەو پێیەی کە پێشتر بیستبوومان چەند کەسێک هەیە دووبارە پۆستیان لە حکومەتدا پێدەدرێت، چەندین بەڵگەمان لەسەر ئەوانە کۆکردبوویەوە، کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت لە رابردوودا لە بەفیرۆدانی سامانی گشتیدا تێوە گلابن.

بۆیە ئەو رۆژە داوامانکرد، بەڕێزان سەرۆکایەتی پەرلەمان رێگەمان پێبدەن بەڵگەکان بخەینەڕوو، ئەوانەش کە ئێمە تۆمەتەکان دەخەینە پاڵیان روونکردنەوەمان پێبدەن‌و دواتر متمانەیان پێبدرێت.

لەمەشدا مەبەستمان شکاندنی هیچ کەسێک نەبووە، هێندەی مەبەستمان ئەوە بووە، کە رابردووی ئەو کەسانە بخەینەڕوو بۆ ئەوەی بتوانن هەڵەکانی رابردوو دووبارە نەکەنەوە.

دووبارەی دەکەمەوە شتی شەخسیمان لە بەرامبەر هیچ کەسێکدا نەبووە، بەڵام بەڵگەمان لە بەردەستابووەو ئەوەش مەبەستمانە حکومەتێکی کارامان هەبێت، بۆ ئەوەی خزمەتی خەڵک بکات، دەبوو حکومەتەکە لەسەر رەخنە بنیاتبنرایە، نەک بە بێ دەنگیی متمانە وەربگرێت.

**رۆژنامە: پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان رێگە بەوە دەدات لەناو هۆڵی پەرلەماندا تۆمەت بدەنەپاڵ ئەو جۆرە کەسانە؟**

* لە پەیڕەوی ناوخۆدا لەناو هۆڵی پەرلەمان‌و لەناو لیژنەکانیشدا رێی پێدراوە پرسیار رووبەڕووی کەسانی بەرپرس بکەیتەوە، بەپێی ئسوڵی پەرلەمانەکانی دنیاش کاتێک پۆستێک بە وەزیرێک دەدرێت پەرلەمانتاران مافی ئەوەیان هەیە تەقیمی وەزیرەکان بکەن، نەک هەر وەزیرەکان بە بۆچوونی من پەرلەمانتار مافی ئەوەی هەیە، لە بەڕێوەبەری گشتیش بپرسێتەوە.

**رۆژنامە: دەتوانیت هەرکاتێک داوات لێکرا ئەو بەڵگانە بخەیتەڕوو؟**

* هەرکاتێک هەر لایەنێکی پەیوەنیدار داوامان لێبکات بەڵگەکان دەخەینەڕوو، جۆری دەزگاکەش دیاری دەکات، رەنگە وای بە پێویست نەزانین لە قۆناغی یەکەمدا لە رێی دەزگاکانی راگەیاندنەوە بەڵگەکانمان بڵاوبکەینەوە، بەڵام ئەگەر رۆژێک دەزگایەکی وەک نەزاهە داوای لێکردین، ئەوا دەیخەینە بەردەستیان.

**رۆژنامە: قسەکانتان لە پرۆتۆکۆڵی پەرلەماندا سڕاوەتەوە، بۆ تەنیا قسەکانی ئێوە؟**

* بەداخەوە، هۆکاری یەکەمی سڕینەوەی قسەکانی من ئەوەیە، کە دەسەڵات رانەهاتووە لەگەڵ رای جیاوازدا، تائێستا دەسەڵات وەک پێویست راستگۆ نییە لەگەڵ ئەو پەیامەی باسی دیموکراسیی دەکات، تائێستا راستگۆ نییە لەگەڵ باسی سەربەخۆیی‌و گەڕاندنەوەی هەیبەت بۆ پەرلەمان، قسەکانی من داکۆکیکردن نییە لە بەرەیەک، کە دژی بەرژەوەندییەکانی میللەتەکەم بێت، یان دژی میللەتەکەم بجەنگێت، بەڵکو لە روانگەی هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکانی میللەتەکەم قسەمکردووە.

رێگە نەدان بە بڵاوکردنەوەی قسەکانی من بەڕاستی کارێکی نایاساییە، نەدەبوو بکرایە، وا هەستدەکەم مەبەست لەو کارە ئەوە بووە، کە ئەوەی لە پەرلەماندا روودەدات نەگات بە خەڵک.

**رۆژنامە: ئێستا کار بۆ ئەوە دەکرێت لەسەر ئەو قسانەت حەسانە لەسەر تۆ هەڵبگیرێت، لەسەر شتی لەوجۆرە حەسانە هەڵدەگیرێت، یان تەنیا موزایەدەیەکی سیاسییە؟**

* ئەگەر موزایەدەیەکی سیاسیش بێت زۆر بە خراپ بە سەریاندا دەشکێتەوە، ئەوە وەک ئەوە وایە کە مافی قسەکردنی (١٨) هەزار کەس بسەنیتەوە، بەپێی مادەی (٢٦)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش لێپرسنەوە لەگەڵ هیچ ئەندام پەرلەمانێکدا ناکرێت لەسەر ئەو قسانەی لەناو هۆڵی پەرلەماندا لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیدا دەیکات، هەوڵی لێسەندنەوەی حەسانە، نەزۆکەو لە ئەنجامی دیراسەنەکردندا ئەو هەوڵە دراوە.

**رۆژنامە: لە چ کاتێکدا حەسانە هەڵدەگیرێت؟**

* لە کاتێکدایە، کە پەرلەمانتار تاوانێک بکات‌و بەسەر تاوانێکەوە بگیرێت، یان خیانەتێکی نیشتمانی بکات، یان ئەو مەرجانەی تێدا نەمێنێت، کە پێی هەڵبژێردراوە، ئەگینا من لەسەر بەرژەوەندیی میللەتەکەم قسەبکەم‌و داوای تەقیمی وەزیرەکان بکەم، تا کابینەکە سەرکەوتوو بێت‌و کەموکورتی نەبێت، بەڕاستی ئەو قسانە شتێکی نامۆیەو لە بێئاگاییەوەیە.

**رۆژنامە: پێتوایە ئەم جۆرە هەوڵانە تەقدیسکردنی ئەو کەسایەتیانەیە، بۆ ئەوەی رەخنەی لێنەگیرێت؟**

* بەوپێیەی هەندێک لەو ئەندام پەرلەمانانەی لە پەرلەمانی کوردستاندان تائێستاش نەیانتوانیوە خۆیان قوتار بکەن لەو مەرجەعە سیاسییانەی کە پشتگیرییان دەکەن، بۆیە ئەوە هەوڵێکە بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو کەمووکورتیانەی لە رابردوودا دەسەڵاتدارەکان هەیان بووە.

ئەگینا تائێستا هەندێک لە پەرلەمانتاران لەوە تێنەگەیشتوون، کە دەسەڵاتی یاسادانان لە سەروو هەموو دەسەڵاتەکانەوەیە، بەو هەوڵەشیان پێگەی پەرلەمانتاریی خۆیان لاواز دەکەن، کە لەو رۆژەدا دەرکەوت، بۆ نموونە ئێمە وەک پەرلەمانتار ئەو رۆژە کە چووینە پەرلەمانەوە بە جیهاز پشکنراین، بەڵام مۆنیکاو چەندین بەرپرس تا بەردەم دەرگای پەرلەمان بێ پشکنین رۆشتن.

**شتی شەخسیمان لە بەرامبەر هیچ کەسێکدا نەبووە، بەڵام بەڵگەمان لە بەردەستابووەو ئەوەش مەبەستمانە حکومەتێکی کارامان هەبێت، بۆ ئەوەی خزمەتی خەڵک بکات، دەبوو حکومەتەکە لەسەر رەخنە بنیاتبنرایە، نەک بە بێ دەنگیی متمانە وەربگرێت**

---

# با هەفتەی هەڵوێست دروستبکەینەوە


ستارە عارف

**ڕێژەی ژنان لە کابینەکەی نێچیرڤان بارزانیدا سێ تا چوار ژن بوون‌و لەم کابینەدا تەنیا یەک ژن هەیەو گەنجیش هیچ گرنگیی پێنەدراوەو زۆر لە وەزیرە پیاوەکانیشی کە دیسان پۆستیان وەرگرتووەتەوە شایەنی لێپرسینەوەو بانگهێشتکردنە بەردەم یاسان**

دوای راگەیاندنی کابینەکەی نێچیرڤان بارزانی لەساڵی (٢٠٠٥)دا دژ بە کەمیی ژن لە کابینەکەیدا، کۆمەڵێک رێکخراوو ژنانی سەربەخۆو رۆژنامەنووسان جگە لە ژنانی دەسەڵات هەفتەی هەڵوێستمان پێکهێناو داوای زیادکردنی ژنمان لە کایە ئیدارییەکاندا کردو کاریگەریشی هەبوو، دوای سێ مانگ چاوەڕوانیی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت، کە دواکەوتنی کابینەکە زۆر لێکدانەوەو شرۆڤەی جیاوازی لەخۆی گرت، وەڵامی دەسەڵات ئەوەبوو سەرۆکی نوێ کە گوایە کەسێکی مۆدێرن‌و خاوەن بڕوانامەیەو دونیایەکی زۆری بینیوە! دەیەوێت کابینەکەی جیاوازبێت لە هەموو کابینەکانی دیکەو کەسانی تەکنۆکرات‌و شارەزاو گەنج بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی دەستنیشان بکات، بەڵام دوای زیاتر لە سێ مانگ لە راگەیاندنی کابینەکەی د.بەرهەم دەرکەوت نەک تەکنۆکرات‌و گەنج نین، بەڵکو توێژێکی گرنگی کۆمەڵگەی لەبیرکردووە، کە ژنەو ئەم شێوەیەش ناهاوسەنگییە لە کارو بیرکردنەوەی سەرۆکی کابینەی نوێدا.

دەتوانرێت بووترێت نەک لە کابینەکانی پێش خۆی پێشکەتوتر نییە، بەڵکو رێژەی ژنان لە کابینەکەی نێچیرڤان بارزانیدا سێ تا چوار ژن بوون‌و لەم کابینەدا تەنیا یەک ژن هەیەو گەنجیش هیچ گرنگیی پێنەدراوەو زۆر لە وەزیرە پیاوەکانیشی کە دیسان پۆستیان وەرگرتووەتەوە شایەنی لێپرسینەوەو بانگهێشتکردنە بەردەم یاسان، ئەگەر یاسا لەم وڵاتەدا هەبێت، وەک وەزیری دارایی کە هیچ ساڵێک بودجەی هەرێمی لەکاتی خۆیدا نەداوەتە پەرلەمان‌و تاووتوێ نەکراوەو ناشەفاف بووە.

لەکاتێکدا ئێستا پێوانی شارستانی‌و تەکنۆکراتی گرنگیدانە بە مەسەلەی جێندەرو بوارکردنەوە بۆ هاتنەپێشەوەی ژنان‌و گەنج بەشێوەیەکی جەوهەریی، بەڵام کابینەی نوێ هیچ ژمێرەی بۆ قۆناغی نوێی سیاسی‌و ئاستی ژن‌و بوونی رەوشی تازەی هەرێم کە ئێستا ئۆپۆزسیۆن رۆڵ‌و بوونی هەیەو چاودێری حکومەتە نەکردووەو تەنیا یەک ژنی بۆ پۆستێکی وەزیریی داناوە بۆئەوەی رەخنەی رووبەڕوو نەبێتەوە، هەرچەندە ئەمە مەسەلەکە باشتر دەوروژێنێت‌و گومان دروستدەکات.

بیانوو هەرچییەک بێت ئەم حکومەتە ئەوەی سەلماند کە نەک لەوانی پێش خۆی جیاوازتر نییە، بەڵکو دواکەوتوترەو یەکەم هەنگاوی دەریخست کە وتەکانی سەرۆکی نوێی حکومەت متمانە بە ئێمەی ژنان نابەخشێت‌و قسەکانی لە بارەی ژنەوە لە فۆرمێکی بێ ناوەڕۆک زیاتر چی دیکە نییە، چونکە ئەگەر پێوانی تەکنۆکراتی‌و پێشکەوتن لای ئەم حکومەتە هەر بوارکردنەوە بێت بۆ هەمان ئەو پۆتانسیالەی کۆنی کۆمەڵ‌و نەبزواندنی هێزی دینامیکی ژن‌و گەنج، کەواتە سەرۆکی نوێی حکومەت یان ئەو کەسە نییە کە راگەیاندنەکانی دەسەڵات پیایاندا هەڵدەداو گەورەیان کرد، یان راستە کەسێکی بە توانایە، بەڵام بێ ئیرادەیەو نەیتوانیوە بەخواست‌و ئیرادەی خۆی بڕیار بدات‌و کابینەکەی پێکبهێنێت، لەشوێنی ئەو بڕیاری دیاریکردنی کابینەکەی دراوەو بڕیاری ئەو کاریگەر نەبووە، کەسێکی بە راست تەکنۆکرات‌و دنیادیدە دەبێت لە پراکتیکدا دەریبخات کە بیرکردنەوەو جیهانبینیی خۆی هەیەو وەک ئەوانی دیکە بڕیار نادات.

لەساڵی (٢٠٠٥)داو لەکاتی پێکهێنانی کابینەکەی نێچیرڤان بارزانیدا بەهێزی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و ژنانی چالاک رێژەی ژنان لە حکومەتدا زیادکرا، دەسەڵات بەشێوەیەک مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکانی ژناندا دەکات تا ئەو رادەیەی کە هیچ بوارێکی بۆ ناهێڵێتەوە بۆئەوەی لەکاتی فشارو نارەزاییەکانیاندا تەنیا رێژەیەکی سنوورداریان پێبدات‌و لەو رێژەیە زیاتر دەرفەت بەهاتنەپێشەوەیان نەدات، کە ئەمە گوزارشتە لەو سیاسەتەی کە (١٨) ساڵە دەسەڵات بەرامبەر بە ژنان دەیکات، چونکە لە قازانجیدا نییە گوێیان پێبدات، بەڵام ئەم رێگەیە زۆر ترسناکە، کە هەمیشە دەسەڵات چاوی لەوە بێت بەرامبەر بە نارەزایەتی ژنان چمکێک یان کەمترین مافی خۆیان بۆ دەستەبەر بکات.

رێژە دیاریکردن بۆ ژنان لەلایەن دەسەڵات‌و حکومەتەوە سنووردانانە بۆ هاتنەپێشەوە، واتە هیچ بواری ناداتێ، ئەگەر دەنگیشی بەرزکردەوە رێژەیەکی بۆ دیاریدەکرێت، هەر ئەم چەمکە حیزبییە پیاو سالارییەیە کە دەرفەتی بۆ ژنان نەکردووەتەوە لە پۆستە وەزارییەکانی کابینەی نوێدا شوێن بگرن، بۆیە هەمووجارێک کە ژنان لە کایە سیاسییەکاندا پەراوێز دەخرێن دەبێت لە چەمک‌و عەقڵیەتی بەرپرس‌و دەسەڵاتی سیاسیی ئەم وڵاتە کە پیاون بپرسینەوەو هەڵوێستمان هەبێت.

# لەهەڵەبجە ئامێرێک کێشە دەنێتەوە

ئارام نەجیم

**کێشەو کێشمەکێش دەکەوێتە نێوان قایمقامی هەڵەبجەو بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی شارەزوورەوە، ئەوەش لەسەر ئامێرێکی پشکنینی خوێن کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە بۆ هەڵەبجە دابینکراوە، بەلام «بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو ئامێرە بۆ دەرەوەی هەڵەبجە دابنێت، نەک بۆ سەنتەری شار».**

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو کێشەیە رونیکردەوە کە یەکەمین جارە ئامێرێکی پێشکەوتووی لەوجۆرە لە هەڵەبجەدا هەبێتو تائێستاش بۆ وەرگرتنی خوێنی هاولاتییانی هەڵەبجە بۆ پرۆسەی هاوسەرگیریی‌و نەخۆشییەکان ناچاردەبن بۆ پشکنین سەردانی شاری سلێمانی بکەن، ئاماژەی بەوەشکرد کە ویستی بەڕێوەبەری تەندروستیی شارەزوور بۆ گواستنەوەی ئامێرەکە بۆ دەرەوەی هەڵەبجە کێشەکەی دروستکردووە.

شاهۆ عوسمان، قایمقامی هەڵەبجە بەوەکالەت، نکۆڵی لە بوونی کێشەکە نەکردو لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند «هیچ کێشەیەکی شەخسیم لەگەڵ بەڕێوەبەری تەندروستی نییە، کێشەکەی من کێشەی خەڵکەو رێگری لە بردنە دەرەوەی ئامێرێک دەکەم کە بۆ یەکەمین جارە بێتە ئەم شارەو کێشەیەکی زۆر لەسەرشانی خەڵکی ئەم شارە لادەبات».

قایمقامی هەڵەبجە باسی لەوەکرد کە دوو ساڵ لەمەوبەر پێیان راگەیاندووە کە ئامێرێکی لەو شێوەیە دەهێنرێتە هەڵەبجە، بەلام : «ئێستاش کە چەندرۆژێکە ئامێرەکە هاتووە دەیانەوێت بیگوازنەوە بۆ سەیدسادق»، ئاماژەی بەوەشکرد کە تا ئەوەندەی دەسەلاتی هەبێت ناهێڵێت ئەو ئامێرە ببرێتە دەرەوەی هەڵەبجەو، وتیشی «ئەگەر بۆ هەڵەبجە پێویست نەبوو، ئەی بۆ داوا لە وەزارەت کراوە کە ئەم ئامێرە بۆ هەڵەبجە دابین بکات؟».

بۆ بەدواداچوونی کێشەکە، پەیامنێری رۆژنامە سەردانی نووسینگەی د. ئاکۆ سەعید، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی شارەزووری کرد، بەلام دوای چاوەڕوانیو دووجار بردنەژوورەوەی پێناسی پەیامنێرەکەو مەبەستی لێدوانەکەی، بەپاساوی کۆبوونەوە ئامادەنەبوو لێدوان لەو بارەیەوە بدات.


دیمەنێک لە شارۆچکەی هەڵەبجە

# «ماف بۆ خاوەن ماڵ ناگەڕێتەوەو میوانەکان زەوی داگیر دەکەن»

## (٥) ساڵە خاوەنی (٢٣١) خانوو لە دوکان چاوەڕوانی وەرگرتنەوەی زەوییەکانیانن

دلێر عەبدولخالق

**دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە (٥) ساڵ لەهەوڵدان بۆ گەڕانەوەی زەوییەکانیان، تائێستا ئەو زەوییانە نەدراوەتەوە بەو خاوەن خانوانەی، کە (٢٠) ساڵ لەمەوبەر لە دوکانەوە بۆ پیرەمەگرون راگواستراون، یەکێک لەو هاولاتیانەش ئاماژە بەوە دەکات؛ «لە شارۆچکەکەیان ماف بۆ خاوەن ماڵ ناگەڕێتەوەو میوانەکان زەوییەکان داگیر دەکەن».**

خانووەکانی گەڕەکی شۆڕش، کە دەکەوێتە بەرزاییەکانی شارۆچکەی دوکان، ساڵی (١٩٨٩) لەلایەن رژێمی بەعسەوە رووخێنراونو دانیشتووانەکەیان بۆ شارۆچکەی پیرەمەگرون گواسترانەوە، کە ئەوکات ئۆردوگای زۆرەملێ بوو.

هەرچەندە چەند ساڵێکە خاوەنەکانیان بۆ وەرگرتنەوەی زەوییەکانیان، کە تائێستا هەیکەلی خانووە رووخاوەکانیان جێماوە، لە هەوڵی گەڕانەوەی زەوییە تاپۆکانیاندان، بەلام تائێستا مامەڵەی کارەکانیان بۆ پێدانەوەی زەوییەکانیان تەواو نەبووە، سەرۆکی شارەوانی شارۆچکەکەش دەڵێت: «زۆربەی کارە یاساییەکانی ئەو موڵکانە تەواوبوون، بەلام بەهۆی چەند رێگرێکی یاساییەوە پێدانەوەی ئەو زەوییانە دواکەوتووە».

رێبوار سەلام، یەکێک لە خاوەنی خانووە رووخاوەکانە کە تائێستا زەوییەکەی پێنەدراوەتەوە، بە وتەی ئەو زیاتر لە (٢٠٠) خێزان لەو گەڕەکەدا نیشتەجێبوون، کە بە شۆڕش ناسراوەو رژێمی بەعس ساڵی (١٩٨٩) تەنیا لەبەر کوردبوونیان خانووەکانیان بەسەردا رووخاندوونو لە ئۆردوگای پیرەمەگرون نیشتەجێیان کردوون، بەلام تائێستا زەوییەکانیان پێنەدراوەتەوەو وتی: «تاپۆی زەوییەکانمان ماوەو کەلاوەی خانووەکانیش لەسەر زەوییەکان دیارە، بەلام حکومەتو ئیدارەی شارەکە کەمتەرخەمبوون لە پێدانەوەی زەوییەکانو دەستاو دەستمان پێدەکەن».

ئەوەی رێبوارو خاوەن زەوییەکانی نیگەرانکردووە، ئەوەیە کە «لە دوکان ماف بۆ خاوەنی ماڵ ناگەڕێتەوەو میوانەکان زەوییەکانیان داگیر دەکەن»، لەو بارەیەشەوە وتی: «چەندینجار بینیومانە زەوییەک لە شارۆچکەکە چۆڵبووە، بەلام کاتێک بینیومانە پەرژینکراوەو بەرپرسێک خۆی کردووە بە خاوەنی، پێشتریش خواستێک هەبوو کە ئەو زەوییانەی ئێمەش بەو دەردە ببرێت، بەلام لەبەر ئەوەی ئێمە مافی یاساییمان هەیە ئەو خواستە سەری نەگرت»، باسی لەوەشکرد؛ کە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا بەناوی ئەوانەوە ژمارەیەک خانوو لە دوکان دروستکراون، بەلام دواتر دراوە بە خەڵکی دیکە، کە پێشتر دانیشتووانی ناوچە گەشتیارییەکەی سەرۆک کۆمار بوونو بەو خانووانە رازیکران، کە ئەوێ بەجێبهێڵن.

رێبوار وتیشی: «پێنج ساڵە نوێنەرێکمان هەیە بۆ بەدواداچوونی کێشەکەمان لە دەزگاکانی حکومەت، بەلام ئەویش هیچی بۆ ناکرێت، چونکە لە وەزارەتو فەرمانگەکانی دیکە بە نووسراوی زۆرو رۆتیناتەوە دەیهێننو دەیبەن».

بەپێی ئەو نووسراوانەی لەناو مامەڵەی کاری ئەو زەوییانەدا هەیە، (٢٣١) کەس مافی پێدانو وەرگرتنی زەوییەکانیان هەیە، نوێنەری خاوەن زەوییەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ هۆکاری دواکەوتنی چارەسەری ئەو کێشەیە بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێمو ئەو نووسراوو رۆتیناتە زۆرە دەگەڕێتەوە، کە لە وەزارەتو فەرمانگەکانی دیکە بۆیان دروستکراوە.

کوێخا عومەر مەحمود، نوێنەری خاوەن موڵکەکان بە رۆژنامەی رایگەیاند: (٥) ساڵە بەدوای راییکردنی مامەڵەی ئەو زەوییانەوەیە پێشتریش کۆمەڵێ خەڵکی دیکە کاریان بۆ کردووە، «لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە تا یەکگرتنەوەی ئیدارەی هەولێرو سلێمانی هەموو کارەکانی ئەو زەوییانەمان لە وەزارەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان تەواو کرد، بەلام دواتر کە ئیدارە بووە یەک، مامەڵەکان بۆ ماوەی مانگێک وەستان، دواتریش وەزیری شارەوانی لەهەولێر پێیوتم: دەبێت دووبارە لە سەرەتاوە دەست بە مامەڵەو نووسراوکاری بکەمەوە، لەبەرئەوەش لە ساڵی (٢٠٠٧) لە سەرەتاوە دەستمپێکردەوە».

بەپێی قسەکانی کوێخا عومەر مانگی (٧)ی ئەمساڵ نەخشەی بنەڕەتی زەوییەکان لە وەزارەتی شارەوانی تەواوبووەو هێنراوەتەوە بۆ شارەوانی سلێمانی، دواتر لە نێوان شارەوانی دوکانو تاپۆ ماوەی (٤٥) رۆژ دواکەوتووە بەهۆی بوونی هەڵە لە نووسراوێکدا، دوای ئەو بەروارەش لە (١٠/٢٠) نەخشەی زەوییەکان گەیەندراوەتە تاپۆی رانیە بۆ ئیمزاکردن، دوای تەواوبوونی ئەو قۆناغەش دەنێردرێتەوە بۆ دوکانو سورەت قەیدەکان دەدرێنەوە بە خاوەنەکانیان.

هەرچەندە فەرەیدون محەمەد سەرۆکی شارەوانی دوکان پێیوایە؛ «ئیشی باش» بۆ خاوەن زەوییەکان کراوەو نەخشەی گەڕەکەکەو ئیفرازی زەوییەکان تەواو بووە، موڵکەکان کراون بە ناوی شارەوانییەوە، روونیکردەوە، کە تەنیا دەرکردنی فەرمانێکی تایبەت ماوە لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێدانەوەی زەوییەکان بە خاوەنەکانیان، «بەوپێیەی دەرکردنی فەرمانی وەزاری دوو رێگریی یاسایی هەیە».

لە بارەی ئەو رێگرییە یاساییانەشەوە، سەرۆکی شارەوانی دەڵێت: «بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی شارەوانی زەوی نادرێت بە کەسێک، کە سوودمەندبووبێت، یان قەرەبوو کرابێتەوە، لەو حاڵەتەشدا رێژەیەکی زۆر لە خاوەنی زەوییەکان قەرەبوو یان سوودمەندبوون، لێرەوە ئەوانەی ناچنە چوارچێوەی ئەو دوو حاڵەتەوە ئاساییە زەوییەکان وەربگرنەوە، بەلام ئێستا لە هەوڵی ئەوەداین هەموویان زەوییەکانیان لە شوێنی خۆیان پێبدرێتەوە، بەلام بە فەرمانێکی تایبەتی ئەنجومەنی وەزیران».


دیمەنێک لە شارۆچکەی دوکان

# لە بازاڕدا نوێترین چاپی کتێبەکان دەفرۆشرێن

# بە (٦) خوێندکار کتێبێکیان هەیە

**ڕۆژنامە**

کەمیی ڕێـژەی کتێب لە خوێندنگە ئێوارانەکاندا، خوێندکارانی ئەو خوێندنگانەی نیگەرانکردووە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەو کتێبانە لە بازاڕەکاندا هەن‌و بە پارە دەفرۆشرێن.

یەکێک لە خوێندکارانی دواناوەندی زاگرۆسی ئێواران ئـەوەی بۆ ڕۆژنامە ئاشکراکرد، کە بۆ ئەمساڵی خوێندن لە هەر پۆلێکدا تەنیا پێنج کتێب هەیە، بەتایبەت بۆ بابەتەکانی وەک مێژوو، جوگرافیاو فەلسەفە، وتیشی: «بەهۆی کەمیی کتێبەوە کە هەر شەش خوێندکارو کتێبێکی هەیە بەپێی پێویست فریای سەعیکردن ناکەوین، ئەمەش نیگەرانیی زۆری لەلامان دروستکردووە».

کـازم کـۆیـی، وتـەبـێـژی وەزارەتـــی پـەروەردەی حکومەتی هەرێم، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، کە بۆ ئەمساڵی خوێندن نزیکەی (١٤) ملیۆن کتێب بۆ سەرجەم خوێندنگەو قوتابخانەکانی کوردستان چاپکراوە، بەو هیوایەی کە کەموکورتیی کتێب نەمێنێت، بەڵام پێدەچێت لە هەندێک لە قوتابخانەکان ئەو کەموکورتیانە هەر هەبێت.

ئەو خوێندکارەی دواناوەندی زاگرۆس سەرسوڕمانیی خۆشی لەوە دەربڕی کە لەکاتێکدا بۆ ئەوان کتێب کەمە، بەڵام لە بازاڕەکاندا هەمان ئەو مەنهەجەی ئەوان هەیەو لەسەر جادەکان دەفرۆشرێت، وتیشی: «ئەمە جێگەی گومان‌و پرسیارە، کە ئایا ئەمانە هەمان ئەو کتێبانەی وەزارەتی پەروەردەنین کە نادرێنە ئێمەو لە بازاڕدا دەرفرۆشرێن، زۆربەی خوێندکاران ناتوانن بۆخۆیان بیکڕن‌و هەمانە دەستی کورتەو ئەو توانایەی نییە».

سەبارەت بە ڕێژەی چاپکراوی کتێب لە وەزارەتـــی پـــەروەردە لوتفی سدیق، بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی پەروەردە، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە، کە بۆ ساڵی خوێندنی پار (١٠٠٪)ی کتێب چاپکراوە بۆ سەرجەم قوتابیان‌و خوێندکارانی هەرسێ پارێزگاکەی کوردستان، وتیشی: «بۆ ئەمساڵی خوێندن مەفروز بوو تەنیا (٢٥٪)ی کتێبی قۆناغەکان چاپ بکەین، بەڵام بۆئەوەی کەموکورتیی ڕوونـەدات وەزارەتی پەروەردە هەستا بە چاپکردنی (٥٠٪)ی سەرجەم کتێبەکان، چونکە مەنهەج نەگۆڕاوەو هەر ئەوەندەش پێویستبوو».

ئەو بەڕێوەبەرەی سەر بە وەزارەتی پـــەروەردە ئـامـاژەی بەوەشکرد؛ پێش چاپکردنی کتێبەکان لەگەڵ سەرجەم بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پـــەروەردەی پارێزگاکان‌و مەخازنی ئەو بەڕێوەبەرێتیانە کـۆبـوونـەتـەوەو ئـامـاری قـوتـابـی‌و خوێندکارانیان وەرگرتووەو بەپێی ئەوە کتێبیان چاپکردووە.



فۆتۆ: سیروان عەول

سـەبـارەت بـە کـەمـیـی کتێبیش لەخوێندنگەی زاگـرۆس‌و هەموو ئەو خوێندنگانەی دیکە کە هەمان کێشەیان هەیە، لوتفی سدیق وتـی: «ئـەو کێشەیە لەلایەن وەزارەتــەوە دروست نەبووەو لای ئێمەوە کتێبی پێویست چاپکراوەو نێردراوە بۆ مەخازنی بەڕێوەبەرێتییەکانی پـــەروەردەی پارێزگاکان، پێدەچێت لە مەخازنەکان مابێتەوە یان بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگەکان خۆیان نەچوون بۆ وەرگرتنی.

# نزیکەی (٥٠٠٠) ئیمزا بۆ دەستلەکارکێشانەوەی ستافی یەکێتی مامۆستایان کۆدەکرێتەوە

**ڕۆژنامە**

دەستەی داکۆکیکار لە مافی مامۆستایانی کوردستان نزیکەی (٥٠٠٠) ئیمزای مامۆستایانی سنووری سلێمانییان کۆکردووەتەوە، کە سەرجەمیان داوای هەڵبژاردنێکی ئـازادانـە لە تەشکیلەی یەکێتی مامۆستایاندا دەکەن، بەو پێیەی کە ئەو یەکێتییە حیزب بەڕێوەی دەبات‌و سەربەخۆیی خۆی لە دەستداوە.

## داوای دەستلەکارکێشانەوەی ستافی یەکێتی مامۆستایان بەردەوامە

نزیکەی سێ مانگە دەستەی داکـۆکـیـکـردن لـە مـافـەکـانـی مامۆستایانی کوردستان لە شاری سلێمانی پێکهاتووەو مەبەستی سەرەکیی دروستکردنی دەستەکەش داکۆکیکردنە لەمامۆستایانە لەلایەن وەزارەتـــی پـــەروەردەوەو بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان‌و یەکێتی مامۆستایانی کوردستانەوە، ئەمەش دوای ئەوە هات کە زیاتر لە (٥٠) بەڕێوەبەرو یاریدەدەر لـەسـەر بـیـروڕای جـیـاواز لە کارەکانیان دوورخرانەوەو یەکێتی مامۆستایانیش هیچ هەڵوێستێکی بەرامبەریان نەنواند.

بەو هۆیەشەوە دەستەکە هەر لە سەرەتای دروستبوونیانەوە دەستیان کـردووە بە هەڵمەتێکی ئیمزاکۆکردنەوە دژی پێشێلکردنی مافەکانی مامۆستایان‌و ئاماژە بەوەدەکەن؛ بە ئەرکی سەرەکیی یەکێتی مامۆستایانیشی دەزانن کە پشتگیریی لە مامۆستایان بکات‌و ڕێگەنەدات چیتر حیزب دەست لە کاروبارەکانی وەربدات.

بڕیاریشە دوای تەواوبوونی هەڵمەتەکە، ئیمزاکان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکایەتی حکومەت‌و وەزارەتـــی پـــەروەردە بکرێت بۆ دوورخستنەوەی دەستی حیزب لە پەروەردە.

ئاری ئەحمەد ڕەحیم، ئەندامی ڕاگەیاندنی دەستەی داکۆکیکار لە مافەکانی مامۆستایان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە پێمانوایە ستافی ئێستای یەکێتی مامۆستایان نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی مامۆستایان ناکەن‌و بە پێویستی دەزانین کە دەسـت لـە کـاری ڕێکخراوەیی بکێشنەوەو هەڵبژاردنێکی شەفاف‌و ئازادانە لەو یەکێتییەدا بەڕێوەبچێت، لە ئێستاشدا بۆ ئەو مەبەستە زیاتر لە (٥٠٠٠) ئیمزای مامۆستایانمان کۆکردووەتەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد؛ چاوەڕوانی پێکهاتنی کابینەی نوێی حکومەت بوون بۆئەوەی ئیمزاکان بگەیەننە لایەنە پەیوەندیدارەکان تا بەدوای داواکارییەکانیاندا بچن.

بـەڵام لای خـۆیـەوە عەففان نەقشبەندی، سـەرۆکـی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو کە بـەردەوام هـەوڵـیـانـداوە بـۆ دوورگـرتـنـی سەندیکاکەیان لە دەستی حیزب‌و وتیشی: «ئێمەش پێمان خۆشە کە هەڵبژاردن بکرێت‌و تەشکیلەی نوێ بۆ یەکێتی مامۆستایان هەر لەلایەن مامۆستایان خۆیانەوە دابنرێت، چونکە ئێمە ماندوبووین، بەڵام ئەمە کاتی پێویستە».

بە وتەی ئاری ئەو هەڵوێستەی دەستەکەیان لـەوەوە سەرچاوەی گرت، کە زیاتر لە (٥٠) بەڕێوەبەرو یـــاریـــدەدەری قـوتـابـخـانـەو خوێندنگەکانی سنووری سلێمانی لـەدوای هەڵبژاردنەکەی (٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکایەتی هەرێم بەهۆی بیروڕای جیاوازیانەوە لە کارەکانیان دوورخرانەوە، بەڵام یەکێتی مامۆستایان پشتی نەگرتن‌و هیچ هەڵوێستێکی لەبارەیانەوە نەنواند.

## خانوو بۆ مامۆستایان دروستدەکرێت

لـەلایـەکـی دیـکـەوەو بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنـامـە بڕیارە (٣٠٠٠) خانوو بۆ مامۆستایانی کوردستان دروستبکرێت‌و سوود لە سندوقی نیشتەجێبوون بۆ ئەو مەبەستە وەربگیرێت.

عەففان نەقشبەندی ڕایگەیاند: لەڕێی یەکێتی مامۆستایانەوە داوامان کـردووە کە لە هـەر پارێزگایەو (١٠٠٠) خانوو بۆ مامۆستایان دروستبکرێت‌و ئێستا ڕەزامەندیمان لـە ئەنجومەنی وەزیـرانـەوە بە نووسراو وەرگرتووەو چاوەڕێی ئـەوەیـن کـە بدرێتە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان بۆئەوەی بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

سەبارەت بەو مەرجانەش کە پێویستە لەو مامۆستایانەدا هەبێت کە خانوویان پێدەدرێت، سەرۆکی یەکێتی مامۆستایان ئـامـاژەی بەوەکرد؛ کە خانووەکان بەپێی خاڵی خزمەت دابەشدەکرێت‌و یەکێکیش لەمەرجەکان ئەوەیە کە ئەو خێزانە هەردووکیان مامۆستابن‌و چەند مەرجێکی دیکەیشیان تێدابێت.




# زیاتر لە ٣٥ ملیۆن دینار بۆ ١٨٨ زەنگی خوێندنگا خەرجدەکرێت

**هەردی ئەحمەد**

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی بڕی (٣٥,٧٢٠,٠٠٠) دیناری بۆ کڕینی (١٨٨) زەنگی ئۆتۆماتیکی بۆ سەرجەم خوێندنگە ئامادەییەکانی سـنـووری بەڕێوەبەرێتییەکەی تەرخانکردووە، کە هەریەکێکیان بڕی (١٩٠٠٠٠) دیناری پێدراوە، ئەمە لەکاتێکدا کە چەند کۆمپانیاو بەڵێندەرێک ئامادەبوون کە ئەو زەنگانە بەبڕی (٦٠ – ٧٠) هەزار دینار دابینبکەن.

بەپێی نووسراوێکی وەزارەتـی هـەرێـم بۆ کـاروبـاری دارایـی‌و ئابووریی، بەڕێوەبەرێتیی گشتیی دارایـی بە ژمـارە (٢٢٩١٣)، کە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/١٠/٧)دا ئاراستەی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی کـراوە، ڕەزامـەنـدیی دەربـڕاوە لەسەر خەرجکردنی بڕی (٣٥,٧٢٠,٠٠٠) سی‌و پێنج ملیۆن‌و حەوسەدو بیست هـەزار دینار بۆ کڕینی (١٨٨) زەنگی ئۆتۆماتیکی بۆ سەرجەم خوێندنگە ئامادەییەکانی سنووری بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پـــەروەردەی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٩-٢٠١٠) لەسەر بودجەی بەڕێوەبەرێتییەکە خۆی، بـەوپـێـیـەش هـەر زەنـگـێـک بڕی (١٩٠٠٠٠) سەدو نەوەد هەزار دینار لەسەر بەڕێوەبەرێتییەکە دەکەوێت.

محەمەد فـاروق یەکێک لەو بەڵێندەرانەی کە ئامادەبووە هەر زەنگێک بە (٦٠) هـەزار دینار بۆ بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی دابینبکات، بۆئەو مەبەستەش نووسراوی داوەتە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پـــەروەردەی سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «من ئامادەبووم هەر زەنگێکی ئۆتۆماتیکی بۆ هەر قوتابخانەیەک بۆ دوو دەوامی یەک لە دوای یەک بە (٦٠) هەزار دینار دابینبکەم، بـەڵام ئێستا وەزارەتـی پـــەروەردە پـرۆژەیـەکـی بەبێ کەمکردنەوە داوەتە کۆمپانیایەک کە بۆ هەر زەنگێک بڕی (١٧٩) دۆلاری دیـاریـکـردووە، من چەندجارێک سـەردانـی وەزارەتـــی پـــەروەردەم کردووە بۆئەوەی پێیانبڵێم «ئامادەم بـە گرەنتی دوو سـاڵ‌و سیانەی ساڵێک زەنگی سەرجەم قوتابخانەو خوێندنگەکانی سلێمانی زەنـگ دابینبکەم، بـەڵام بـەداخـەوە نەک گوێیان لێ نەگرتم، نەشیان هێشت لێپرسراوانی وەزارەت ببینم».

بەپێی زانیارییەکانی کەناڵی تەلەفزیۆنی KNN، کۆمپانیای زانیار ئەلکترۆنیک، کە کۆمپانیایەکی ئەو بـوارەیـە نـووسـراوی پێشکەشی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی کردووە بۆ دابینکردنی هەر زەنگێک بەبڕی (٧٠) هەزار دینار، بەڵام ئەویش وەڵامی نەدراوەتەوە.

هەرچەندە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پـــەروەردەی سلێمانی نووسراوی بـۆ وەزارەتـــی دارایـــی کـــردووە بۆ کڕینی زەنگەکان، ئەویش بە نـووسـراوی ژمـاره (١٩٥٣٨)و لە ڕۆژی (٢٠٠/٩/٣٠)دا ئاراستەی ئەو وەزارەتە کراوە، بەڵام کامەران عەزیز، بەڕێوەبەری کارگێڕیی لە پـــەروەردەی سلێمانی، ئاماژەی بەوەکردووە لە وەزارەتەوە ئەو کارە کراوەو وتیشی: دەبوایە وەزارەتی پـەروەردە لە کڕینی ئەو زەنگانەدا ڕەچاوی نرخەکەی بکردایە، چونکە «جیاوازییەکی زۆر» هەیە لەنێوان ئەو نرخەی کە لە کەمکردنەوەکانی بەردەستی ئێمەو ئەو نرخەی کە بۆ هەر زەنگێک دانراوە، لەگەڵ ئەوانەشدا ئێمە لیژنەیەکمان بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنابوو، بەڵام وەزارەت خۆی ئەو کارەی کردووە.

ئامادەکردنی لاپەڕە:
شارا عەبدولڕەحمان

# «حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، باوەڕی تەواویان بە بەشداریی پێکردنی ژنان نییە»

# کابینەی نوێ ژنێکی تاقانەی تێدایە

شارا عەبدولڕەحمان

**بوونی تاکە وەزیرێکی ژن لە کابینە نوێیەکەی حکومەتی هەرێم کە لە (١٩)وەزارەت پێکدێت، نارەزاییەکی زۆری لەناو ژنانی کوردستان بەگشتیو ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان بەتایبەتی دروستکردووەو هەندێکیان ئاماژە بەوەدەکەن کە حیزبەکانی دەسەڵات، بڕوای تەواویان بە بەشداریی ژن نییە لە ناوەندی دەسەڵاتدا، ئەوە لەکاتێکدیشدایە لە کابینەی نوێدا نەک وەزارەتی تایبەت بە ژنان نیە بەڵکو وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنانیش هەڵوەشێنرایەوە.**

ڕۆژی (٢٠٠٩/١٠/٢٨) لە پەرلەمانی کـوردسـتـان بـە دەنـگـی سـەرجـەم پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی کوردستانی، متمانە درایـە «کابینەی شەشەمی» حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمەش دوای ئەوە هات کە فراکسیۆنی گۆڕانو یەکگرتوو هۆڵی پەرلەمانیان جێهێشتو سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵی ئیسلامیش دەنگیان بە کابینەکە نەدا، ئەوەی کە لەو کابینەیەدا جێگای تێبینی پەرلەمانتارانی ئـۆپـۆزسـیـۆنو سـەرجـەم ژنـانو هاوڵاتییانی کوردستان بوو، ئەوە بوو کە لە (١٩)وەزارەت تەنها یەک وەزیری ژن دەستنیشانکراوە.

پەیمان عیزەدین، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان پێیوایە، دانانی تەنها ژنێک لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمدا، ئەوە دەگـەیـەنـێـت کـە هـەردوو حیزبی دەسەڵاتدار کە زۆرینەی وەزارەتەکانیان بـەرکـەوتـووە لـە بـنـەڕەتـدا بـاوەڕی تـەواویـان بە بەشداریی ژنـان نییە، وتیشی «یەکێتیو پارتی لەو بڕوایەدان، ئـەوەنـدەی پیاوان شیاوو لێهاتوون بۆ پۆستە سیادییەکان ژنان ئەوەندە شیاو نین، ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە کە بە هەردووکیان (١٢)وەزارەتـیـان بەرکەوتووە، لانیکەم دەبوایە (٤)ژنیان بە وەزیر دابنایە، چونکە ڕێژەی ژن لەو دوو پارتەدا زۆرە».

هاوکات ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا نارەزایی خۆیان لەکەمیی بەشداریی ژنان لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هـەرێـمـدا دەردەبـڕنو ئاماژە بـەوەدەکـەن، کەمیی ڕێـژەی ژن لەحکومەتدا جـەمـاوەری ژنانی نائومێدکردووە.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە «لە کۆی (١٩)وەزارەت تەنها یـەک وەزیـری ئافرەت دانـراوە کە دەکاتە نزیکەی (٥٪)، ئەمە لەکاتێکدا کە چەندین ژنی لێهاتووی بەتوانا هەن بۆ وەرگرتنی پۆستو لێپرسراوێتی، بەڵام جارێکی تر مەسەلەو بوونی ژن کرایە قوربانی ململانێ سیاسییەکان، کە دەبوایە کابینەی شەشەم لانیکەم (٢٠٪)ی بۆ بەشداریی ژنـان دابینبکرایە، تا ئافرەتانیش ڕۆڵی خۆیان لەخزمەتو گەشەپێدانی کوردستاندا بگێڕایە».

## وەزارەتێکی کۆمەڵایەتی بۆ ژنان

ئەو تەنها وەزارەتەی دراوە بە ژن، وەزارەتـی کاروباری کۆمەڵایەتییەو تاکە وەزارەتـە کە وەزیرێکی ژنی بۆ دانرابێت، ئەمەش نیگەرانی لای ژنانی کوردستان دروستکردووە بەوەی کە ژنان بە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرقاڵ دەکرێن.

تامان شاکر، نووسەرو داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان، وێڕای ئەوەی کەمیی ڕێژەی ژنی لە کابینە نوێیەکەی حکومەتی هەرێمدا گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان ئیعتراف بە ژن ناکەنو نایانەوێت ژنان لە کاروباری سیاسیدا هاوبەشی پێبکەن، ئاماژەی بەوەشکرد کە دەسەڵاتی کوردی ژنان بە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکانەوە خەریک دەکـەن، وتیشی «پێدانی وەزارەتـی کـاروبـاری کۆمەڵایەتی بـە ژنێک، پەیامێکە کە دەسەڵات دەیدات بەگوێی ژنانداو پێیاندەڵێت، ئێوە تەنها بەکێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە خۆتان خەریک بکەنو هەقی سیاسەتتان نەبێت».

## نەبوونی وەزارەتێکی تایبەت بە ژنان

لـە دانیشتنی ڕۆژی (١٠/٢٦)ی پەرلەمانی کوردستاندا کە تایبەت بوو بە هەمواركردنەوەی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمو تێیدا پۆستی وەزیرەکانی هەرێم هەڵوەشایەوەو چەند وەزارەتێکیش تێکەڵکران، یەکێکیش لەو گۆڕانکارییانە دانەنانەوەی وەزیرێکی هەرێم بوو کە تایبەت بێت بە کاروباری ژنانو هاوکات نەبوونی وەزارەتی تایبەت بوو بە ژنان.

ئـەوەی لەدانیشتنەکەدا تێبینی کرا فراکسیۆنەکانی گـۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامیی پـێـداگـریـیـان لـە بوونی وەزارەتێکی تایبەت بە ژنان دەکرد، بەڵام فراکسیۆنی کوردستانی کە فراکسیۆنی سەر بە دەسەڵاتە، نەک هەر نەیاندەویست ئەو وەزارەتە هەبێت، بەڵکو سووربوون لەسەر ئەوەی کە ئەو پێشنیازە نەخرێتە دەنگدانیشەوە.

پەیمان عـیـزەدیـن، ئەندامەکەی فراکسیۆنی گـۆڕان لـە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بە نەبوونی وەزارەتێکی تایبەت بە ژنان، کێشەکانی ژنان پەرتەوازە دەبن، بەوەی کە لایەنێکی فەرمیی نەبێت بۆ بەدواداچوونی بنچینەی کێشەکانیان، چۆن دەتوانرێت چارەسەربکرێن».

نەبوونی وەزارەتی ژنان لە کاتێکدایە کە ژنانی کوردستان بە دەست چەندین کێشەو گرفتی جۆراوجۆرەوە دەناڵێنو دەروازەیـــەک نییە تا لەخەمەکانیان بکۆڵێتەوەو توندوتیژییەکان بەرامبەر بەژنان لە زیادبووندان.

لـەبـەیـانـنـامـەکـەی ڕێـکـخـراوی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیشدا کە لە هەمان ڕۆژی سوێندخواردنی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمدا بڵاویانکردەوە، ئاماژەیان بەوەکردووە کە وەزارەتـــی ژنـــان یەکێک بـــوو لەو وەزارەتـانـەی کە لابـراوەو هاوکات لە کابینەی پێنجەمدا ئەو وەزارەتە بەهۆی ئەوەی کە نەیاندەویست کارابکرێت، لەبری وەزارەتی ژنان، ناونرابوو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان، ئەمە جگە لەوەی بۆ ئەم کابینەیەش هەندێک لە ژنانی پەرلەمان دەنگیان بۆ مانەوەی ئەو وەزارەتە نەدا.

بە هەمانشێوە تامان شاکر بەپێویستی دەزانێت کە وەزارەتێکی تایبەت بە ژنان یـان خێزان لە کوردستان هەبوایەو وتیشی: «لـە هەفتەیەکدا چەندین ژن دەکوژرێن یان خۆیان دەکوژن، چەندین کێشە ڕوودەکاتە ژنان، بەڵام حکومەتی هەرێم دێت ئەو وەزیرە لادەبات کە تایبەتە بە کاروباری ژنانو وەزارەتی تایبەتیش دانانێت، بەو هۆیەوە من هیچ گەشبین نیم بەم کابینەیە».

لـەلایـەکـی تـرەوە ئـــەوەی کـە لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمدا بەدی دەکرا، کەمی ڕێژەی ژنانی میوان بوو لە هۆڵەکەدا، ئەمەش زیاتر ئەوە دەچەسپێنێت کە دەسەڵاتی کوردی بە فیعلی باوەڕی بە بەشداریی ژنان نییە.

تـامـان، لـەو بـارەیـەوە وتـی :»ئـەو سەرکردانەی کە خۆیان بەمۆدێرن دەزانینو حکومەتێکی نوێیان دروستکردووە، هیچکامیان ژنەکانی خۆیان نەهێنابوو تا بـەشـداری ئـەو ڕێوڕەسمە بکاتو ئـەو خـۆشـیـیـەی خـۆی دەیبینێت، بەهەمانشێوەش ژنەکەی بەشداربێت تێیدا، ئەمە لەکاتێکدا پیاوانی وڵاتانی تر لە ڕێوڕەسمی وەها شایستەدا، خێزانەکانیان لەماڵەوە جێناهێڵن، ئەم بیرکردنەوەیەی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد کە بەسەر خێزانەکانیاندا جێبەجێی دەکەن، بێگومان لە کۆمەڵگەشدا ڕەنگی پێدەدەنەوە».

## نەبوونی ژن لە سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیی حیزبەکاندا

تـائـێـسـتـا ژنـان لـەنـاو حیزبە دەسـەڵاتـدارەکـانـی کـوردسـتـانـدا نەگەیشتوونەتە پلەی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی، بە بڕوای چاودێرانی بـواری مافەکانی ژنـان، هـەر ئەمەیە وایکردووە کە ژنان پۆستی سیادییان لە حکومەتیشدا پێنادرێت.

تامان شاکر پێیوایە، کێشەی سەرەکی ژنـان ئەوەیە کە ژنان تائێستا لەناو حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا نەگەیشتوونەتە پلەی سەکردایەتیو مەکتەبی سیاسی، «چونکە بڕیارەکان لەسەر دانانی پۆستە سیادییەکان لەسەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسییەکاندا دەردەکرێن، بەڵام کە ئەو ئاستە ژنی تێدا نەبێت، بێگومان پاڵاوتنی ژنان بۆ پۆستە سیادیو سیاسییەکان لەلایەن پیاوانەوە ئەستەمە».

هاوکات بە بڕوای پەیمان عیزەدین نەبوونی ژنان لە پلەی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیی حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا، ناگەڕێتەوە بۆ بێتوانایی ژنەکانی ئەو حیزبانە، وتیشی «پێموایە کە ژنانی ناو ڕێکخستنەکانی ئـەو حیزبانە، ئەگەر لەپیاوانی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی بەتواناتر نەبن ئەوا لە ئاستی ئەواندان، بـەڵام بەدرێژایی (٣٠)سـاڵـی ڕابـردوو هەمان ئەو پیاوانە لەو پۆستانەدانو بەلایانەوە ئاسان نییە کە ژنێک دانێن بەهاوشانی خۆیان، ئەمەش قەناعەتی ئەو پارتە سیاسییانەیەو لەدارشتنی کابینەی نوێشدا سەریهەڵداوەتەوە».

## باسکردن لە مافەکانی ژنان، بۆ جوانکردنی ڕووکاری دەرەوەی حیزبەکانە

حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، بەردەوام باس لە مافەکانی ژنانو دانانی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان دەکەن، بەڵام لەحاڵەتێکی وەهاداو لە دانانی تەنها ژنێکدا وەک وەزیر، دەردەکەوێت کە باسکردن لە یەکسانی جێندەری تەنها بۆ ڕووکەشە.

پەیمان عیزەدین پێیوایە، قسەکردنی پارتە سیاسییەکان لەسەر بەشداریی پێکردنی سیاسیو ئیداریی ژن تەنیا دروشـمـەو بۆ جوانکردنی ڕووکـاری دەرەوەی خـۆیـانـە، وتیشی «ئـەگـەر لەپەرلەمانیشدا بەیاسا (٣٠٪)ی ژنان نەچەسپایە، ئـەوا بێگومان لیستەکانی دەسـەڵات، ڕێـژەی بەشداریی ژنیان نە دەگەیاندە (١٠٪)».

هەمان بۆچوون لە قسەکانی تامان شاکیریشدا ڕەنـگـدەداتـەوەو پێیوایە، باسکردن لە دیموکراسییەتو مافەکانی ژنان هیچی تێ ناچێتو دەڵێت «لە کابینەی پێنجەمیشدا دەسـەڵات بـەردەوام باسی لە مافەکانی ژنان دەکـردو یادی ڕۆژی جیهانی ژنانیان دەکـردەوەو پارەیەکی زۆری بۆ خەرج دەکرا، بەڵام بەکردەوەش هیچ بۆ ژنـان ناکرێت، ژنـان چەندین کێشەی کۆمەڵایەتیو ئابوورییان هەیە، بەڵام لایان لێ ناکرێتەوەو تەنها بە گوفتار باس لەمافەکانیان دەکرێت».

**« پێدانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بە ژنێک، پەیامێکە کە دەسەڵات دەیدات بەگوێی ژنانداو پێیاندەڵێت، ئێوە تەنها بەکێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە خۆتان خەریک بکەنو هەقی سیاسەتتان نەبێت»**


ژنە تاقانەکەی کابینەی نوێ

ئاسۆس نەجیب عەبدوڵڵا وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی
ســاڵو شوێنی لــەدایـک بـــوون: ١٩٧٤ دوزخورماتوو
پلەی خوێندن: ساڵی ١٩٩٥ لەیەکەمەکانی زانکۆی سەڵاحەدین بوە لەکۆلێژی یاسا
هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەیاسای گشتی
دوایین کاری: ئەندامی داواکاری گشتی بووە لەدادگای سلێمانی بە پلەی دادوەر
بەشداری کۆنگرەی ژنانی سەرکردەی کردوە خێزاندارە

# ئۆپۆزسیۆن... هەنگاوێک بەرەو ئاراستەیەکی دروست لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمدا



**کاروان ئەحمەد حەمەساڵح ***

**١-٢**

لە ئەدەبیاتی سیاسیدا، ئۆپۆزسیۆن بەوە ناسراوە کە بریتییە لەو هێزو پارتو کۆمەڵە سیاسییانەی کە بەرنامەیەکی دیاریکراویان هەیەو لەبنچینەدا ئەم بەرنامەیە لەخزمەتی گەیشتن بەدەسەڵاتدا هەڵدەسورێت، لەو پێناوەشدا چەندین رێگە دەگرێتەبەر وەک ئامرازی هێنانەدی ئەو ئامانجە.

رەنگ بێت لەمێژووی سیاسیی ئەم هەرێمەدا لە دوای راپەڕینەوە، بەقەد ئەم قۆناغەی ئێستا کە هەرێمی پێدا تێپەڕ دەبێت، بوونی ئۆپۆزسیۆن وەک پێویستییەکی گرنگ بۆ ژیانی سیاسیو پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵ بوونی نەبووبێتو رەنگدانەوەیەکی راستەقینەی کارلێکەکانی ناو پرۆسەی سیاسی نەبووبێت، چونکە بەهەڵوێستەکردن لەسەر ئەو قۆناغانە، دەکرێت جۆرێک لە پۆلێنکردنی ئەو ماوە زەمەنییە لەکاری سیاسیو خودحوکمداری کوردیی ببینینەوە لەسەر بنەمای کێشمەکێشمی سیاسی نێوان دوو هێز یان زیاتری رکەبەردا.

١- لە سەرەتاکانی ئەو مێژووەدا قۆناغێک بەرچاو دەکەوێت کە دوو هێزی رکابەری سیاسی بوونیان هەیە، هەردووکیان هاوکات لەدەسەڵاتدانو بەرامبەر بە یەکتر رکەبەرێکی سەرسەختن، ئەم قۆناغە سیاسییەی هەرێم ئەوەندە دۆخێکی دژواری هێنایە گۆڕێ، تیایدا ئەوەندە نەیتوانیوە مومارەسەی سیاسی چ بە دەسەڵاتداریێتی، چ بە ئۆپۆزسیۆنبوونەوە لەسەر بنەمایەکی زانستی بەرهەمبهێنێت، خەسڵەتەکانی ئەم قۆناغە لە پرۆسەی خودبەڕێوەبردنو حوکمداری کوردیدا تێکەڵو پێکەڵ بوونی دەسەڵاتو رکەبەرەکانی پێوە دیارە کە بەسانایی هەستی پێدەکرێتو بەبێ دوودڵیی دەتوانین نەیخەینە چوارچێوەی بەڕێوەچوونی پرۆسەیەکی سیاسیی زانستییەوە.

٢-قۆناغێکی تر بەدوای یەکەمدا دەبینرێت، ئەویش ساغکردنەوەی کێشمەکێشمە سیاسییەکانە لەناو گۆڕەپانەکانی جەنگو دروستبوونی شەڕێکی خوێناوییە لەنێوان هێزە رکابەرەکاندا. بە تێڕامان لەم قۆناغە دوو راستی گرنگمان بۆ روونەدەبێتەوە:

یەکەمیان: ئەم قۆناغە لەمومارەسەی سیاسەت، ناکرێت بەهیچ جۆرێک جێی بکرێتەوە لەناو چوارچێوەی کاری دەوڵەتداریو حوکمڕانی عەقڵانیدا، چونکە جێگرتنەوەی گوللە لەشوێنی مەنتیقی عەقڵ لە بەڕێوەبردنی پرۆسە سیاسییەکاندا نەک جێگەی بەرگریکردن نییە، بەڵکو دەبێت دان بەو راستیەشدا بنێین (ئەگەرچی تاڵیش بێت) قۆناغێکە لەدەسەڵات مایەی شەرمەزارییە.

دووەمیان: هاتنەکایەی ئەم قۆناغە لەخۆڕا نەبووە، بەڵکو زادەی قۆناغی یەکەم بووە، کەواتە وەک چۆن ئەم قۆناغە حاڵەتێکی ناتەندروستە لە مومارەسەی پرۆسەی سیاسیدا، بەهەمانشێوەش لەقۆناغی یەکەمیشدا بە بارودۆخێکی سیاسیی نالەباردا تێپەڕیوین کە ناکرێت شانازیی پێوە بکەین.

٣- قۆناغی سێهەم ئەو کاتە سەرهەڵدەدات کە یاریکەرە سیاسییەکانی ناو هێزە رکابەرەکان، لەناو گۆڕەپانەکانی جەنگدا تارادەی پەکخستنی هەموو جومگەکانی یەکتر سەرجەم کارتەکانی دەستی خۆیان لەبەرامبەر یەکدی تاقیکردەوە، ئەم قۆناغە وێڕای هاتنەکایەی چەند فاکتەرێکی بابەتی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی، لەهەمانکاتیشدا دەرەنجامی گەیشتنی ئەو هێزانەیە بە راستییەک، ئەویش ئەوەیە کە هیچکام لەوان نەیانتوانی بەهێزی سەربازی بەرامبەرەکەیان ملکەچ پێ بکەن بۆ قەناعەتو تێڕوانینە سیاسییەکانی ئەوی دی.

لەم قۆناغەدا لەگەڵ هەستکردن بە ساردبوونەوەی ئەو دۆخە دۆزەخییە لە ململانێی سیاسیی قۆناغی پێشتر بوونی هەبوو، بەڵام ئەم ساردبوونەوەیە نەیتوانی پرۆسەی سیاسی بباتەوە سەر رێڕەوە ئاساییەکەی خۆی، بەوەی سیاسەتکردن لەسەر بنەمای دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن بێت، لێرە بەهیچ جۆرێک هێزگەلێک نابینینەوە لە دەرەوەی مەنزومەی حکومەت، بەڵکو هەموو قەوارە سیاسییەکان خزێنراونەتە ناو حکومەتێکی هەڵئاوساو بەکورسییە وەزارییەکانی، پرۆسەی سیاسی لەغیابێکی تەواوی ئۆپۆزسیۆندا رۆژەکانی خۆی بەڕێدەکات. خاڵی جەوهەریی لە خەسڵەتەکانی ئەم قۆناغە بریتییە لە بەشکردنی دەسەڵاتو ئیمتیازات لەبەرامبەر هەڵبژاردنی بێدەنگی، لەبەرامبەر خەوشییەکانی یەکتر، کە ئەم حاڵەتە جگە لە لەبارچوونی ئۆپۆزسیۆن هیچ شتێکی دی لێ نەکەوتەوە، بۆیە دیسانەوە دۆخی سیاسەتکردن لە ناو سیستمی حوکمداریدا بەدۆخێکی تا ئەوپەڕی نالەبار دەدرێتە قەڵەم، بەڵگەش بۆ ئەمە هاوکێشە سیاسییەکانی ئەم قۆناغە توورەبوونێکی میللی بەدەر لەئیرادەی گەورە یاریکەرە سیاسییەکان بەدوای خۆیدا بەرهەمدەهێنێت کە وەرچەرخانێکی زۆر بەرچاو لە پرۆسەی سیاسیدا دروست دەبێت. کەواتە کاتێک دەڵێین خاسیەتەکانی ئەم قۆناغە لەهیچ قۆناغێکی تر ناچێت، قسەیەکە لەخۆڕا نەهاتووە، دەکرێت ئەو شیکردنەوە مێژوویيو پۆلێنکارییەی سەرەوە بکەینە بنەمای زانستی بۆ پشتگیری ئەم راستییە. بەدیوێکی تردا وەک چۆن دەکرێت سەرهەڵدانی ئەو قۆناغە سیاسییە بەسەرەتای گەڕانەوەی سیاسەتکردن لەقەڵەم بدەین بۆ رێڕەوە ئاساییو زانستییەکەی، لەهەمانکاتیشدا ناکرێت هێما بەرۆڵی بکەرە سیاسییەکانی ئەم قۆناغە نەکرێت، چونکە ئەگەر بەگوێرەی لۆجیک، گێڕانەوەی سیاسەت بۆ حاڵەتی سروشتی خۆی کارێکی ئەرێنی بێت (کە بڕواناکەم کەسێک لەمە بەدگومان بێت) کەوابوو بکەرەکانی ئەم پرۆسەیەش دەکرێت بخزێنینە چوارچێوەی ئەو ئەرێنییەوە، کە لێرەدا رۆڵی بکەرەکان چەندێک لەناو ئۆپۆزسیۆن رۆڵێکی باشو تارادەیەک بۆ هەندێکیان رۆڵێکی خولقێنەرو داهێنەرانەیە، لەبەرامبەریشدا بۆ بکەرە سیاسییەکانی ناو دەسەڵاتی سیاسیش دەکرێت رەچاوی ئەمەبکرێت، چونکە کاتێک ئینسان گوێی لەنەغمە جیاوازەکانی ناو دەسەڵاتی سیاسی دەگرێت، ناکرێت کاریگەری ئەوانە لەیەک دیدگاوە سەیربکەین، لەکاتێکدا هەندێکیان بەنەفەسی کوشتنی پرۆسەی بە ئۆپۆزسیۆنبوون گوتار دەدەنو بێباکیەک هەست پێدەکرێت لە گفتارەکانیاندا لەبەرامبەر ئاساییبوونەوەی دوخی سیاسەتکردن لەهەرێمدا، بەهاتنە ناوەوەی ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە بۆ ناو پرۆسەی سیاسی، بەڵام نابێت ئەوەش نادیدە بگرین دەنگی دی هەیە کە ئیقرار دەکات بەبوونی ئۆپۆزسیۆن، کە بۆخۆی باسکردنی ئۆپۆزسیۆن وەک بوون مامەڵەکردنە لەگەڵ پرۆسەیەکدا کە لە ئەنجامدا لە خزمەت بەردەوامی سەرتاپای پرۆسەی بەڕێوەبردنە لەسیستمی سیاسیدا، کە دواجار ئەم چەشنە گوتارە دەچێتە خانەی ئەو ئەرێنییەوە.

لەم روانگەیەوە گەشەسەندنی چەمکی ئۆپۆزسیۆن وەک توخمێکی سەرەکی لەسەر پێ خستنی پرۆسەی دیموکراتیو مەدەنیکردنی کۆمەڵ، تەنها رۆڵێک نییە بەسەر شانی ئۆپۆزسیۆنەوە بێت، بەڵکو بەهەمان قەبارە بەرپرسیارێتییەکەی لەئەستۆی دەسەڵاتی سیاسیدایە، ئەوجا رۆڵی شەقامی کوردی دەبێتە تەواوکەری دوولایەکەی تر.


**لەم روانگەیەوە گەشەسەندنی چەمکی ئۆپۆزسیۆن وەک توخمێکی سەرەکی لەسەر پێ خستنی پرۆسەی دیموکراتیو مەدەنیکردنی کۆمەڵ، تەنها رۆڵێک نییە بەسەر شانی ئۆپۆزسیۆنەوە بێت، بەڵکو بەهەمان قەبارە بەرپرسیارێتییەکەی لەئەستۆی دەسەڵاتی سیاسیدایە، ئەوجا رۆڵی شەقامی کوردی دەبێتە تەواوکەری دوولایەکەی تر**

## پێگەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئاست ئەم پرسەدا

بە بڕوای من، دەبێت دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمدا جیاوازی بکات لەنێوان ئەوەی پێی دەڵێن (معارضة الحكم)و (معارضة الحكومة)، چونکە بەگوێرەی دەستەواژەی یەکەمیان ئۆپۆزسیۆن هەموو جۆرە دانپیانانێک رەددەکاتەوە بەرەوایەتی (مشروعية) دەسەڵات تەنها لەو کاتە نەبێت کە مەرجەکانی خۆیان دێتەدی، بەڵام لەدووەمیاندا (معارضة الحكومة) هەموو هێزەکان دەگەنە جۆرێک لە پێکهاتن لەسەر مەشروعییەتی حوکمو دامەزراوە تەشریعییەکان، بەڵام هاوکات ئۆپۆزسیۆن لەسەر سیاسەتو بەرنامەکانی حکومەت وەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەبنە چاودێرێکی بەدیقەتو بەچاوێکی رەخنەگرانەوە هەموو ئەوانە هەڵدەسەنگێنن، کە ئەمەش بڵاوترین فۆرمی ئۆپۆزسیۆنە لەهەموو سیستمە دیموکراتییە راستەقینەیەکاندا، بەجۆرێک هەموو هێزەکان کێبڕکێ دەکەن تاوەکو لە رێگەی هەڵبژاردنەوە باڵادەستی خۆیان بەسەر دەسەڵاتی تەشریعیدا بسەپێنن، پاشان دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە رێگەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت ئەنجام دەدەن، دیارە ئەمەش کارێکی ئاساییە کە ریزبەندی نوێ لەسەرەنجامی دابەشبوونی پارتە سیاسییەکان بەسەر بەرەی ئۆپۆزسیۆنو بەرەی لایەنگرانی حکومەت دروست ببێت.

*** مامۆستا لە کۆلێژی یاساو رامیاریی زانکۆی سلێمانی**

# حکومەتی باڵقو سێ هەڵەی پەرلەمان



**هیوا محەممەد**

لە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی ئەمساڵدا هەریەک لە سەرۆکو جێگرو سکرتێری پەرلەمان بە تەزکییە دانران بێ ئەوەی هەڵبژاردنی بۆ بکرێت ئەمە لە کاتێکدا دەکرا بە هەڵبژاردن بێتو لیستی دەسەڵات بۆ هەریەکیان دوو کەس یان زیاتری دابنایەو لەلایەن پەرلەمانتارانەوە هەڵببژێردرایەن، ئەمە کارێکی ناشرینی دەرەوەی پرەنسیپەکانی دیموکراسیی بوو، یاخود چاکترە بڵێین سنگ دەرپەڕاندنێکی ئاشکرا بوو، دەنا خۆ لیستی کوردستانی دەیزانی کە دەنگی زیاتری هەیە لە هەموانو ئەگەر بە هەڵبژاردنیش بێت هەر کاندیدی خۆیان دەیباتەوە، خەڵکیش سەیری تواناکانو رابردووی کارەکانی ئەو کەسە دەکات، نەک هەر ئەوەی سەر بە پارتەکەی خۆیەتی، زۆرن ئەوانەی لە حیزبێکدا کار دەکەن، بەڵام هەموو ئەندام سەرکردایەتییەکەی خۆیان بە دڵ نییە، بۆیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە، ئەمە یەکەم هەڵەی پەرلەمانی نوێ بوو.

هەڵەی دووەمیش لە دەنگدان بۆ بەرهەم ساڵحو ئازاد بەرواری بوو، کە دەنگدەران دەروێشانە دەنگیان داو کایەیەکی گاڵتەجاڕی بوو، دەنا چۆن دەکرێت هەردووکیان بەقەدەر یەک دەنگ بهێننو تەنانەت دەنگێکیان جیاواز نەبێت؟

پەرلەمان لە هەموو جێگەیەکی جیهان سەرچاوەی یاسادانانو بریار دەرکردنەو هەموو پیرۆزییەکانی وڵات لێرەوە دەردەچێت، وەزیرەکانیش کە لە حکومەتدا خۆیان دەبیننەوە دەبنە جێبەجێکەری یاساو بەڕێوەبردنی وڵات، بۆیە لای زۆر پارت، یان گروپ پەرلەمانتارێک گرنگترە لە وەزیرێک، بەڵام بەپێی ئەو تاقیکردنەوانەی رابردووی ئێمە دەرکەوتووە، کە وەزیر گرنگترە، چونکە ئەو دەتوانێ کورسییەکەی بەکاربهێنێ بۆ پارەخواردنو دامەزراندنو پلەپێدانی قەومو خوێش، دەنا بۆچی لەو سێ دەرزەن وەزیرەی کابینەی پێشوو یەکێکیان سزا نەدراو پێی نەوترا ئەم هەمووەت لەکوێ بوو ؟

هەڵەی سێیەمی پەرلەمانیش لە رۆژی (٢٠٠٩/١٠/٢٨) بوو کاتێ متمانە دەداتە حکومەتێک بێ ئەوەی پەرلەمانتاران بزانن وەزیرەکان کێنو کەسایەتییان چییە؟

**لای زۆر پارت، یان گروپ پەرلەمانتارێک گرنگترە لە وەزیرێک، بەڵام بە پێی ئەو تاقیکردنەوانەی رابردووی ئێمە دەرکەوتووە، کە وەزیر گرنگترە، چونکە ئەو دەتوانێ کورسییەکەی بەکاربهێنێ بۆ پارەخواردنو دامەزراندنو پلە پێدانی قەومو خوێش**

دەبوایە چەند رۆژ پێش ئەو کۆبوونەوەیە پەرلەمانتاران ناوی وەزیرەکانی بخرایەتە بەردەستو یەکە بەیەکە گفتوگۆ لەسەر کەسایەتییانو تواناکانیان بکرایە، هەر بۆ نموونە بەڕێزێکی وەک سەفین دزەیی، کە چەندین ساڵە تێکەڵی کاری حیزبییەو دوور کەوتووەتەوە لە کاری حکومیی، ئێستا چۆن دەبێتە وەزیری پەروەردە؟ ئاخر وەزیری پەروەردە بەو کەسانە دەدرێت، کە لەو بوارەدا پسپۆڕن، واتا لانیکەم چەند ساڵێک مامۆستای زانکۆ بووبن، یان لە بواری پەروەردەدا کاریان کردبێت.

دەبوایە ئەو بەڕێزە پۆستێکی بۆ نموونە وەزیری پەیوەندییەکانی دەرەوەی وەربگرتایە.

بەمجۆرە چۆن سەرۆکی حکومەت دەتوانێ بڵێت؛ ئەم کابینەیە دەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟

میللەتێک ناتوانێ هەر چوار ساڵ جارێک چاوەڕوانی ئەوەبێت کابینەیەکی دیکە کارو خزمەتگوزاریی باشی بۆ بکات، دەبێت سیاسەتمەدارانی وڵاتو سەرانی پارتی براوە دابنیشن لەو روانگەیەوە حکومەت دروست بکەن، کە چیدی نەڵێین (کەسی شیاو بۆ جێگەی شیاو)، دەبێت پسپۆڕی کشتوکاڵ نەکرێتە وەزیری جەنگو ئەفسەرێکیش بۆ کشتوکاڵ، تاکەی ئەوە لێکنادرێتەوە؟ دەیانەوێت چوار ساڵی دیکەش بەم گلەییو گازندانەوە بکوژینو دوایی بووترێت بەڵێنتان دەدەینێ، کە لە کابینەی دواتر چاکی دەکەین، هەموو ئەوانەی لە حکومەتی نوێدان هاونیشتمانی ئێمەنو رۆڵەی ئەم خاکەن، کەس لاریی لە کەسایەتییان نییە، تەنیا قسە لەوەیە رەنگە هەندێکیان ئەو دڵخۆشکەرە نەبن، کە بتوانن زاڵبن بەسەر ئەو هەموو چارەسەرییانەی کە پێویستە بەتایبەت لەگەڵ بوونی ئەو هەموو گەندەڵییو گیروگرفتانەی، کە لە وڵاتدا هەیە.

هەر لەبەر ئەم کێشانە ناتوانین بڵێین؛ حکومەتەکەمان تەمەنی پێگەیشتنی رەتکردووەو دەتوانین پشتی پێببەستین، بەڵکو بە پێچەوانەوە تازە باڵق دەبێتو دەبێت ئاگامان لە هەڵسوکەوتی بێت.

# حکومەتێک لەشەودا

**«ئایا بەرهەم ساڵح دووساڵەکەی دەکــات بــە چــوار، چــوارەکــەی نێچیرڤانیش بە دوو؟»**



عەبدوڵا ڕێشاوی

کوشتنی شەو بە تەنیا بەشێک لە کلتووری کۆمەڵایەتی ئێمە نییە، بەڵکو بەشێکی گەورەو ترسناکیش لە کلتووری بەڕێوەبردن و حوکمداریمان پێکدەهێنێت.

لەکاتێکدا هەمیشە لەسەر ئاستی گوتار، شەوو ڕۆژ پێکەوە دەبەستینەوەو دەڵێین: (شــەوو ڕۆژمــان خستووەتە سەریەک) کەچی لە ئاستی کرداردا هەمیشە لێکیان جیادەکەینەوەو هەموو شەوەکانمان بێکارو مردوون.

حکومەتو بــەرپــرس و وەزیــرو بەڕێوەبەرەکانی ئێمە لە سەرەتای هەرکابینەو کۆتایی کابینەیەکی حکومەتدا دەڵێن: (بۆ بەرەوپێشبردنی کارەکانمان شەوو ڕۆژمــان خستووەتە سەریەک) ئایا ئەمە ڕاستە ئەوان شەوو ڕۆژیان خستووەتە ســەریــەک، یــاخــود هەر قسەیەو لە سەری ڕاهاتوون، نەک ئەوەی گوزارشتکردنبێت لەڕاستیو لە واقیعێک؟

بۆ ئەوەی لە ڕاستیو ناڕاستی ئەو وتەیە تێبگەین دەبێت بپرسین: ئایا ئێمە بە شەو حکومەتمان هەیە؟پاشان ئایا حکومەتێکمان پێویستە بە کردەوە شەوو ڕۆژ بخاتە سەریەک، نەک لە یەکیان جیابکاتەوەو بە ڕۆژ کار بکاتو بە شەو بنوێت؟

بــۆ ئــــەوەی وردەکـــاربـــیـــن لە لێکدانەوەکەماندا دەبێت بڵێین: ئەو بەشەی حکومەتی ئێمە کە لە شەودا بەخەبەرەو کــار دەکــات تەنیا بەشە ئەمنیو پۆلیسییەکەیەتیو ئیدی هەموو بەشەکانی دیکەی حکومەت وەک بەشە خزمەتگوزارییەکانی (کە زۆر پێویستە لە شەودا بەخەبەربنو کاربکەن) بە تەواوی نووستوون.

هەر ئەمەشە هۆکارێکی ساناو دیاری پشت درەنگ تەواوبوونی پرۆژەکانو ڕووی کاڵو کرچی ئاوەدانی وڵات.

ئێمە هەرگیز شەوو ڕۆژمان نەخستە سەریەک بۆ ئیشکردنو بونیادنانەوەی وڵات، لە کاتێکدا بە ئەزموون دەرکەوتووە ئەو هەنگاوەمان زۆر پێویستەو توانای جێبەجێکردنیشیمان هەیە.

هــەر بۆیە ئەگەر وڵاتەکەمان بە شەوو ڕۆژەوە تەنیا (٤٠) ساڵی بوێت تا بنیادبنرێتەوە، ئەوا لەم حاڵەتەی ئێمەدا کە شەوو ڕۆژ لێکجیادەکەینەوە، نزیکەی (٨٠) ساڵی دەوێت.

کەواتە ئەگەر قیرتاوکردنی شەقامێکیش تەنیا (١٢) مانگی پێویستبێت بە شەوو ڕۆژییەوە ئەوا ئێمە بۆ هەر شەقامێکی لەو شێوەیە (٢٤) مانگمان پێویستە.

ئەوە ئەگەر ئەوە لەبەرچاو نەگرین، کە دەشێ لە شەودا بەهۆی چۆڵیی شەقامو شوێنە گشتییەکان کارەکان خێراترو جوانترو بێ گیروگرفتتر بەڕێوە بچن وەک لە ڕۆژ..

کەواتە ئێمە حکومەتێکمان پێویستە لە شەودا کاربکات، کە تائێستا نەمانبووەو دەشێ ئەم ئەگەرەش بیرۆکەیەک بێت لەبەردەم کابینەی شەشەمداو ئەگەر کابینەی پێنجەمیش بەوشێوەیە بوایە بەدڵنیاییەوە دەستکەوتی زۆرتری دەبوو، کاری گەورەتریشی دەکرد.

بەپێی ئەزموونی دوومانگی پێش دەنگدانەکەی (٢٥)ی تەمموز بێت بەکارخستنی ماکینەی خزمەتگوزاریی حکومەت لە شەودا زۆر ئاسانەو شتێکی نەکردەنی نییە، چونکە لەو دوومانگەدا ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێم شەوانە چەندین شەقامو کۆڵانی ئەو شارەی قیرتاو دەکردو چالاکییو جموجوولی شارەوانییەکانیش هەموو شەوانی شاری سلێمانی پڕکردبوو لە ڕەونەقو ئاوەدانیو کار.

بەڵام هەر شەوێک دوای دەنگدانەکە حکومەت ڕۆشتەوە ناو پێخەفەکەی خۆییو کارەکان ریتمەکەی جارانیان وەرگرتەوەو لەو کاتەشەوە تائێستا چەند کۆڵانو شەقام پێویستیان بەقیرتاوە، بەڵام قیرتاو نەکراون.

کەواتە ئایا سەرۆکی کابینەی شەشەم حکومەتێکمان لە شەودا بۆ دروست دەکات؟ تا لە ماوەی دووساڵەکەیدا کاری چوارساڵەکە بکات،یان لە چواردا کاری هەشت ساڵ بکات؟ یاخود کابینەکەی ئەویش هەر حکومەتی ڕۆژ دەبێتو بەشەو دەنوێت؟ ئەوکاتەش بەرهەم ساڵح بۆی دەردەکەوێت کە لە دوو ساڵێکدا کە تەنیا بە ڕۆژ کاری تیابکەیتو بەشەو بنویت فریای هیچ ناکەویت.

لێرەشەوە (لە شەمماعەی حکومەتی شــەوەوە) تێدەگەین، کە حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانیو کابینەی پێنجەم تەنیا سێ ساڵ کاری کردووە، نەک شەش ساڵ، هەربۆیە دەبینین بە تەنیا فریای هەولێرو دهۆک کەوتووەو بە تەواویی دەستی بە سلێمانیو سەیدسادقو هەڵەبجەو چەمچەماڵو کەرکوک نەگەیشتووە.

بۆیە بە بۆچوونی من (حکومەتی شەو) تەحەدایەکی گەورەیە بۆ بەرهەم ساڵح، دەشتوانێت وەک عەسای موسا بەکاری بهێنێت.

Abdullah.icsi@gmail.com

**ئێمە حکومەتێکمان پێویستە لە شەودا کاربکات، کە تائێستا نەمانبووەو دەشێ ئەم ئەگەرەش بیرۆکەیەک بێت لەبەردەم کابینەی شەشەمداو ئەگەر کابینەی پێنجەمیش بەوشێوەیە بوایە بەدڵنیاییەوە دەستکەوتی زۆرتری دەبوو، کاری گەورەتریشی دەکرد**

# پێشنیازێکی دۆستانە بۆ ئۆرگانیزەکردنی بزووتنەوەی گۆڕان، بە شێوەیەکی مۆدێرن



ئاری ئەبوبەکر/ دانیمارک

**(١-٣)**

## سەرەتا

هەڵبژاردنەکەی (٧/٢٥) زۆر شتی پێوتینو زۆر شتی ڕوونکردەوە، هەر لە نەمانی متمانەی ئەندامانی حیزب بە حیزبەکەیان، چونکە هەر یەک لەو دوو زلحیزبە گەورەیە، وەک خۆیان ئیدیعایان دەکرد، خاوەنی زیاتر لە نیوملیۆن ئەندامن، جگە لە هەزارەها لایەنگرو دەیەها هەزار دۆست، بەڵام بینیمان نەک هەر ئەمە، بەڵکو بەشێکی بەرچاوی ئەندامەکانی خۆشیان دەنگیان پێنەدان، لەگەڵ ئەمەشدا دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنێکی جدیی، گەڕاندنەوەی کە توانای ئەوەی هەبێت بێتە قسەو داکۆکی لە گەڕاندنەوەی ماف بۆ تاک بە تاکی کوردستان بکات، ئینتیمای تاکی کوردستان بۆ وڵاتو خۆشەویستکردنەوەی وڵات لە لای گەنجانو گەڕانەوەی هیوا بۆ زۆربەمان.

هەر دیاردەیەک لەمانە دەکرێت لێکۆڵینەوەی تایبەتیو بابەتی لەسەر بکرێتو ئەرشیفی زانستیو لیکۆڵینەوەی کوردی پێ دەوڵەمەند بکرێت، لێکۆڵینەوە لەم دیاردە تازانەی کۆی گەمەی سیاسیی ناو کوردستان، بە وتارێکو دوان تەواو نابێت، وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد، پێویستی بە چەندەها لێکۆڵینەوەی زانستیو کلتووریو ڕەهەندی سایکۆلۆژیو سۆسیۆلۆژی دانیشتووانی کوردستان هەیە،بۆیەلێرەداپێمخۆشە کە وەک خوێندنەوەی تایبەتی خۆم بۆ ئەو لیستەی کە گۆڵمەزی سیاسیی نایەوەو چەرخی کایە سیاسییەکانی کوردستانی وەرچەرخاند، بە جۆرێک کە زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێین؛ دەتوانین زەمەنی پێش هەڵبژاردنی (٧/٢٥)و دوای (٧/٢٥) بە دوو زەمەنو قۆناغی جیا لە کایەی سیاسییو کلتووری سیاسەتکردن جودا بکرێنەوە، بە مانایەکی دیکە ئێمە دوای هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥) کەوتینە قۆناغێکی تازە لە گەمە سیاسییەکانو جۆرێکی دیکە لە هاوکێشەو تەواوبوونی مۆنۆپۆڵی سیاسیی دەسەڵات لەلایەن هەموو سیاسییەکانەوە، وەک چەند جاری دیکەیشو لە چەند نووسینێکی دیکەیشدا دووپاتم کردووەتەوە، کە هەڵبژاردنی (٧/٢٥) سیاسییەکانی وڵاتی ئێمەی (بە هەموو حیزبو قەوارەکانەوە) فێری ترس کرد، کە من ناوم ناوە ترسی پیرۆز، ترسی پیرۆز بەو مانایەی کە ئیتر سیاسییەکان دڵنیا نەبن لە پاشەڕۆژی سیاسیی خۆیان بە موتڵەقی، کە ئەمەش سەرەتای بە دیموکراسی بوونە بە مانا فراوانەکەی، هەمیشە بترسن لەوەی کە ئەگەر لە خەمی داواکاریی جەماوەرو هاوڵاتییاندا نەبن، دەشێت دەســەڵاتــی سیاسییان لەدەست بدەن، ئەمەش زۆر بە سانایی وا لە هەموو سیاسییەکانمان دەکات کە لە خەمی ئەو بەڵێنو پەیمانانەدا بن کە بە هاوڵاتییانی دەدەن، کە ئەمەش لە دواجــاردا تەنیا هاوڵاتییان لێی سوودمەند دەبن.

## بزووتنەوەی گۆڕان

ئەوەیکەوایکردسیاسییەکانمان ترسی پیرۆزییان لا دروست ببێت لــەم قۆناغە تــازەیــەدا، بــێ پێچو پەنا لیستی گــۆڕان بــوو، بۆیە لە خوێندنەوەی شەخسی خۆمەوە پێمخۆشە ئەم لیستە (کە دەیانەوێت ببنە بزووتنەوەیەکی سیاسیی ڕێکخراو، وەک سەرکردەکانیان دانی پێدادەنێن) بتوانێت لە شێوەی ڕێکخراویبووندا ئــەو تەلیسمە قــێــزەونــەی حــیــزبو سیستمی حیزبیبوون بشکێنێتو بتوانێت ببێتە داهێنەری مۆدێلێکی تازە لە شێوەی ڕێکخراوەییبوون، بەو هیوایەی کە سەرکردەکانی لیستی گۆڕان بتوانن سوود لەم تێکستەی ئێمە وەربگرن، لەو ڕێگەیەشەوە زۆربەی حیزبو قەوارە سیاسییەکانی دیکەیش بتوانن چاو لەمان بکەنو تەکانێکی دیکە لە گەمەی سیاسیی وڵاتی ئێمەدا بدرێت، ئەو کات سەروەریی بۆ هەموویان بە هەموو قەوارەکانەوە لە ناو مێژووی میللەتەکەماندا تۆماربکرێت.

## ئیعلانکردنی بزووتنەوەکەو مونافەسەی سیاسیی ناوخۆیی

بزووتنەوەی گۆڕان یان هەر ناوێکی دیکە کە خۆیان ئارەزوویانە، پێویستە بە یاسایی ئیعلانبکرێتو دامەزرێنەرانیشی واز لە ئەندامێتی خۆیان بهێنن لە حیزبو لایەنە سیاسییەکانی دیکەداو کەسیان ئەندام نەبن لە هیچ حیزبێکی سیاسیی دیکەدا، بۆ ئەوەی کە هیچ ناڕۆشنییەک لەلای جەماوەری کوردستان نەمێنێت، لــەدوای ئیعلانکردنیشی پێویستە جۆرێک لە کۆنگرەی کراوە ببەسترێت بۆ ئــەوەی ئەندامانو لایەنگرانی بزووتنەوەکە بتوانن بە ئازادیی سەرکردایەتی خۆیان هەڵبژێرنو لــێــپــرســراوی بــەشــی شــارەکــان هەڵبژێردرێن، کە ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە جۆرێک لە مونافەسەی سیاسیی لەناو ئەندامە کاراکانی بزووتنەوەکەدا دروست ببێت، کە وا بکات ئەندامان باشترین تەرحو مونافەسە لە بەینیاندا دروستببێت بۆ چوونە ناو سەرکردایەتیو ئەگەر لە تەجروبەی یەکەمیشدا گرژییەک لەنێوان ئەندامانداندا دروستببێت، ئەوا دڵنیام لە ئایندەداو پاش تەجروبە کلتووری مونافەسەو بەربەرەکانێی سیاسیی شــەریــف دروستببێت لەناو خودی بزووتنەوەکەداو لە هەمانکاتیشدا کلتووری یەکتر قــبــووڵــکــردنو جــیــاکــردنــەوەی پەیوەندییە شەخسییەکان لە کایە سیاسییەکان، کە دەشێت دوو کەس وەک ئەندامی بزووتنەوەی گۆڕان بتوانن مونافەسەی سیاسیی بکەن لەسەر ئەوەی کامیان شایستەترە بۆ ناو سەرکردایەتی، لەهەمانکاتدا بتوانن پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو شەخسییەکانیشیان بپارێزن دوور لە سیاسەت.

## بوونی لایەنگر، ئەندامی ناچالاک، ئەندامی چالاک

بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەوەی خۆی بەدوور بگرێت لەوەی تەنیا ئەندامی گوێڕایەڵو دەستەمۆ گۆش بکاتو بگرێتە خۆ، بەڵکو فەزایەکی تێکهەڵکێشراو لە بەینی خۆیانو هەندێک لە جەماوەرەکەیان وەک لایەنگر دروستبکەن، بۆ ئەوەی هەمیشە ئەو لایەنگرانەیان بە چاوی ڕەخنەوە سەیریان بکەنو بتوانن بەرنامەی تــازەیــان بخەنە پێش چاو، ئەو کات دونیا لەسەر ئەندامو نا ئەندام دابــەش نابێت، گــۆڕانو جەماوەرەکەی هەمیشە لە خیتابدا دەبنو کەلێنی گەورە ناکەوێتە بەینی گۆڕانو جەماوەرەکەیەوە، بۆیە وەک حیزبی مۆدێرن یان بزووتنەوەیەکی جــەمــاوەریــی، بەپێی تەجروبەی ئیشکردنم لەگەڵ حیزبێکی ئەورووپیو گەیشتنم تــا ئــەنــدازەی پۆستی ئەندامی سکرتارییەتی ڕێکخراوی قوتابیانی ئەو حیزبەو پلەی ئەندام ناوچەی ئەو حیزبە (بە موورادیفە کوردییەکەی) هەرچەندە بێگانەیەکی تازە هاتووش بووم، ئەوە دەردەخات کە هەموو کەس دەتوانێت بگاتە دەسەڵاتو پۆستی بەرز، هەتا ئەگەر بێگانەیەکیش بێتو تازەش هاتبێتو زمانی دایکیشی زمانێکی دیکە بێت.

بۆیە لەناو حیزبی مۆدێرندا دەتوانین پشتگیریکەرانی حیزب یان بزووتنەوەیەکی سیاسیی بۆ سێ جۆر پۆلێن بکەین (لایەنگر، ئەندامی ناچالاک، ئەندامی چالاک).

هــەمــوو هێزێکی سیاسیی پێویستی بە کۆمەڵێک کەس هەیە وەک لایەنگر، کە ئەمەش خۆی لەو خەڵکەدا دەبینێتەوە کە تاقەتی حیزبایەتیی یان سیاسەتیان نییە، بەڵکو تەنیا لە کاتی هەڵبژاردن یان کاتێک کە پیشەکەیان یان سوودە پیشەییەکەیان دەکەوێتە بەر خەتەر دێنە گۆو بەشداریی دەکــەن، ئەگینا هەمیشە خۆیان بــەدوور دەگرن لە تەفاسیلی کایە سیاسییەکان، ئەمانە کە ئێمە ناومان ناوە لایەنگر، هەندێکیان بۆ هەتا هەتایە دەنگ بەو قەوارە سیاسییە دەدەن کە لایەنگیریی دەکەن، گوێ بــەوە نــادەن بەرنامەی سیاسیی چییەو تەنیاو تەنیا بە چاویلکەی ئەو قەوارەیە دەبینن کە بڕوایان لەسەری چەسپاوە، هەندێکی دیکە لە لایەنگر بەوانە دەڵێن کە سەیری بەرنامەی ئەو قــەوارە سیاسییە دەکــەن کە لایەنگیریی بوون، ئەگەر بەرنامەی داهاتوویان بەدڵ بێت، ئەوا بەردەوام دەبن لەسەر لایەنگیریکردنی، بەڵام ئەمانە دەشێت بۆ جارێک یان بۆ هەتاهەتایە لەو قەوارەیە بتۆرێنو نەگەڕێنەوە لای.

ئەندامی ناچالاک، هەموو هێزێک یان قەوارەیەک یان بزووتنەوەیەکی سیاسیی هەمیشە کۆمەڵێک ئەندامی هەیە کە ئەمانە بە دڵو بە گیان لەگەڵ ئەو قەوارە سیاسییەدان، کە بڕوایان پێیەتیو کەم ڕێدەکەوێت لێی دابڕێن، بەڵام ئەم ئەندامانە تەنیا وەک ئابوونەی حیزبیو مەعنەوییەن لەگەڵ قــەوارەکــەدان، واتا تاقەتی حیزبایەتیو هەڵسووڕاندنیان نییە، تەنیا وەک بیروباوەڕ لەگەڵ حیزبدان، هەندێکیان تا دەمرن ناو بارەگایەکی حیزب نابینن، چونکە ئیمانیان بە ئۆرگانیزەکردنی ناو حیزب نییە، یان تاقەتو حەوسەڵەی حیزبو بەرنامەڕێژیو کۆبوونەوەیان نییە، بەڵام وەک هێزێکی مادیی (لە ڕێگەی ئابوونەوە)، یان وەک مەعنەویو هەندێکجار بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنیش وەک هێزێکی لۆجستی دەردەکەون.

کــۆڵــەکــەی هــەمــوو هێزێکی سیاسیی بوونی ئەندامی چالاکە، ئەندامی چــالاک بەو مانایەی کە گوێڕایەڵی حیزبو قەوارەیەکی سیاسییەو دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە کاریگەریی خۆی هەبێت لەسەر بەرنامەی قەوارەیەکی دیاریکراو بۆ ئەوەی سوود بە خۆیو کەسانی دیکە بگەیەنێت، یان دەیەوێت مومارەسەی خواستی دەســەڵاتــخــوازی بکات بۆ گەیشتنە سەر کورسی حوکم بۆ ئــەوەی کە مومارەسەی ئەو بیروباوەڕە بکات کە بڕوای پێیەتی.

بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەوەی بتوانێت فۆرمێکی مۆدێرن لە حیزب یان قەوارەی سیاسیی بهێنێتە ناو کوردستانەوە، ئــەوا پێویستی بە هەرسێ جۆر لە هێزی مرۆیی هەیە، واتــا لایەنگر، ئەندامی ناچالاکو ئەندامی چالاک، دەتوانێت بە جۆرێک لە جــۆرەکــان ســوود لە هەرسێ جۆرەکە وەرگــرێــت، بە مەرجێک چەند کەسێکی دیاریکراوی زۆر کەم کە بە پەنجەکانی دەست بژمێردرێن نەبنە مووچەخۆری بزووتنەوەکە، بە واتایەکی دیکە تەنیا بۆ نموونە لە هەر شارێکی کوردستاندا یەک یان دوو کارمەندی هەبێت، کە ئیشوکاری ئیدارییو عەمەلیی بزووتنەوەکە هەڵدەسووڕێننو بەس، ئیتر ماباقی ئەندامانی چالاک خۆبەخشانە کاری سیاسیی بکەنو بزووتنەوەکە نەبێتە سەرچاوەی ژیان بۆ هیچ کەسێک، ئــەو کــات ڕاپــەڕانــدنــی کارەکانی بزووتنەوەکەش دەبێتە دەستە جەمعیی، چونکە هەرکەس بەپێی توانای خــۆیو کاتی خۆی دوای ئیشی خۆی چالاکی بۆ بزووتنەوەکە ئەنجام دەدات، کە ئەمە باوترین فۆرمەلەکردنی قــەوارەی سیاسیی مۆدێرنە، کەسیش بەزۆر ناهێنرێت بۆ ئیشکردن بۆ بزووتنەوەکەو کەسیش ناتوانێت منەت بەسەر کەسی دیکەدا بکات، کە ئەو ئیش دەکــاتو کــارو چالاکیی سیاسیی ئەنجام دەدات، چونکە کارکردن ئارەزوومەندانە دەبێت، ئەو کات بزووتنەوەی گۆڕانیش لەو دیاردە قێزەونە ڕزگاری دەبێت، کە چەندەها بارەگای ڕەزاگران لەناو گەڕەکو شوێنە گشتییەکاندا دابمەزرێنێت، بەڵکو لە هەرشارێک بارەگایەکی بچکۆلەی بەسە بۆ کارو چالاکیو ئەو کارمەندەی کە لە سەریشەوە باسمان کرد، کاتو بەرنامەی کۆبوونەوەکان ڕێکدەخات بە شێوەیەک کە بتوانن بە سانایی هەمووان کۆبوونەوەی خۆیان لەناو ئەو بارەگا بچووکەی دوور لەناو شــاردا لە شوێنێکی تاڕادەیەک دوور لە گەڕەک بکەن.

**دەتوانین زەمەنی پێش هەڵبژاردنی (٧/٢٥)و دوای (٧/٢٥) بە دوو زەمەنو قۆناغی جیا لە کایەی سیاسییو کلتووری سیاسەتکردن جودا بکرێنەوە، بەمانایەکی دیکە ئێمە دوای هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥) کەوتینە قۆناغێکی تازە لە گەمە سیاسییەکانو جۆرێکی دیکە لە هاوکێشەو تەواوبوونی مۆنۆپۆڵی سیاسیی دەسەڵات لەلایەن هەموو سیاسییەکانەوە**

# ئۆپۆزسیۆن لەنێوان فۆبیای دەسەڵاتو داخوازییەکانی خەڵکدا

**سۆران هەستیار***

**بەشی دووەمو کۆتایی**

لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەسەڵاتدار هەیە زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە لەسەر کورسییەو تۆزقاڵێکیش لەبیری جێهێشتنیدا نییە! مەگەر نەخۆشیو مەرگ تەنگی پێهەڵچنێت. ئەوکاتەش «بە پشتبەستن بە و فەلسەفە داهێنراوەی کە لە ڕەحمی هەمان بازنەی جوگرافی لەدایک بووەو بریتییە لە سیستمی (کۆماری پاشایەتی) ڕێک کوڕەکەی خۆی دەکاتە وەلی عەهدو ئیتر هەر لە ڕۆژی مردنی باوکییەوە دەستبەکاردەبێت».

یەکێک لە گرفتە گەورەکانی کۆمەڵگەی ئێمە ئەوەیە خەڵکێکی زۆر وا حاڵی کراوە کە تا زیاتر بەیەک ئایدیاو لەیەک بازنەدا خۆمان وێنا بکەین، ئەوەندە تەندرستتروو لە بەرژەوەندیی خاکو وڵاتدایە! دەبێت بپرسین ئاخۆ ئەمجۆرە هزرکردنە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ لە ڕاستیدا دوور نییە ڕەواجدان بەم بیرۆکەیە لەپێناو قەرەبووکردنەوەی ڕابردوو بێتو بمانەوێت هەڵەی سەردەمی میرەکانمان ڕاستبکەینەوە!، چونکە ئەگەر ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە لەم چەند سەدەیەی ڕابردوو ئەوە میرو بەگو ئاغاکان بوون ئیمارەتی جۆراوجۆریان دروستکردووەو هەریەک بە تەنیا خۆی بە شایستەو دەمڕاستی نەتەوەکەی زانیوە، هەرچەند دروستکردنی ئیمارەتی جیاواز بەقەد ئەوە گرفت نەبووە کە نەک هەر نەیانتوانیوە لەگەڵ یەکدا هەڵکەن، بەڵکو کەو ئاسا لەیەکتریان خوێندووەو هەرکەس لە بیری فراوانکردنی دەسەڵاتەکەی خۆیو لانیکەم لاوازکردنی بەرامبەرەکەی بووە، کە زۆرجار ویستی لەناوبردنیش بەدوور نەگیراوە، لەکاتێکدا ئەم کات بە حوکمی واقیعی سیاسیی ڕۆژگاری ئەوسا، زیاتر دەکرا خەڵک لەیەک قەوارەدا خۆیان وێنا بکەنو کەس لە دەرەوەی ئەو دەسەڵاتە نەبوایە، چونکە ئەو کات هەم وەک ئێستا حیزب گەلێک بە ئایدیالۆژیای جیاواز بوونی نەبوو، هەم گەرمەی بیرۆکەی دەوڵەتو نەتەوە بوو، کە لەنیوەی دوومی سەدەی حەقدەمەوە دەستپێدەکات، نەک ئەمڕۆ کە کۆمەڵێک بەرژەوەندیی مەزن بۆ زلهێزەکان دروست بووەو هەزاران هاوکێشەی سیاسیی هاتووەتە ئارا بۆ گەیشتی نەتەوەیەک بە مافی چارەنووسی خۆی.

بۆ دوور نەکەوتنەوە لە کرۆکی باسەکەمان دەڵێین هەر لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانەوە چەند قەوارەیەک ڕایاندگەیاندبوو بیرۆکەی ئۆپۆزسیۆنبوون بە باشترین خیاری سیاسیی خۆیان دەزانن، ئیتر لەوکاتەوە دەسەڵات تووشی فۆبیایەکی زۆر هاتووە، بۆیە لە بەرزترین ئاستی بەرپرسیاریەتی ریکلام بۆ ئەم هەڵبژاردنە دەکرا. دەسەڵاتی کوردی تائێستا ئۆپۆزسیۆنی بە خۆیەوە نەدیوە، بۆیە بەقەد ئەو منداڵەی بۆ یەکەمجار لە «شیر» دەکرێتەوە سەغڵەت بووە، بەڵام بەدڵنیاییەوە وەک چۆن منداڵەکە دوای لە شیرکردنەوە نامرێت، دەسەڵاتیش دوای بوونی ئۆپۆزسیۆن ناتوێتەوەو لەناو ناچێت، چونکە زۆر هەڵەیە دەسەڵاتێک بیر لە توانەوەو لەناوچوونی خۆی بکاتەوە لەبەرامبەر ئۆپۆزسیۆن ئەگەر خۆی «فاوڵ»ی گەورەی نەدابێت، بەڵام ئەوە ئەم تێگەیشتنە سەقەتەیە کە ئێمە هەردەم بوونی بەرامبەر بە نەبوونو نەمانی خۆمان تێدەگەین!، ئەگەر دەسەڵات لەوە بترسێت کە دەکرێت لەم قۆناغەدا ئۆپۆزسیۆن کار لەسەر هەستو سۆزی خەڵک بکاتو دواجار لە هەڵبژاردنێکی دیکە بگاتە دەسەڵاتو ئیتر ئەو پەراوێز دەخرێت، ئەوە کەم تا زۆر پێویست بە هیچ نیگەرانییەک ناکاتو ئەویش دەتوانێت لە ڕۆژی ڕووناکدا هەگبەی دەستی لەبەرچاوی خەڵکدا هەڵاێژێتو بزانرێت ئاخۆ کام ئاسوودەیی بۆ کۆمەڵگە هێناوە؟ ئەوکات ئەگەر توانی بێتە جێگای ڕەزامەندیی زۆرینەی خەڵک، ترسو دڵە ڕواکێی بۆچییە؟!

دەی مەگەر دەسەڵات بەردەوام بانگەشەی ئەوە ناکات ئەوان جگە لە خۆشگوزەرانیو پێشکەوتنی وڵات هیچ مەبەستێکی دیکەیان نییە؟، کەواتە ئەگەر ڕاست بکەن لەگەڵ بانگەشەکانیان دەبێت ئەوانیش خۆشحاڵبن بەوەی گەلەکەیان شادو خۆشحاڵ ببینن، بەڵام گەر شادی گەل لە شادی حیزبدا وێنا بکەن، ئەوە ڕابردووی خۆیان دەخەنە ژێر پرسیارێکی زۆر جدییەوەو ئەمجۆرە تێڕوانینە قسەی زۆر زیاتر هەڵدەگرێت...

جگە لەوەش ئەگەر ئۆپۆزسیۆن نەیتوانی سەرکەوتووبێتو زۆربەی قسەکانی وەک قسەی خۆشی بەر ئاگردانی شەوانی زستان بوو، ئەوا وەک کورد دەڵێت (گەر کوڕ هەبێت تاریکە شەو زۆرە) دەکرێت حیزبی دەسەڵات جارێکی دیکە هەرخۆی بێتەوە مەیدانو هەزاران هەواداری زیاتریش بۆخۆی کۆبکاتەوەو بیسەلمێنێت تا لە دەسەڵات بێت زیاتر فیداکارانە لە خزمەت خاکو خەڵکە، پێموایە لای زۆربەی هێزە دەسەڵاتدارەکانی خۆرهەڵات گرفت لەوەدایە کە ئەوان چاکتر لەهەر کەسێکی دیکە خۆیان دەناسنو دەزانن چۆن ڕابردوویەکیان هەیەو دەزانن دەستبەردانیان لە کورسی دەسەڵات یەکسانە بە دەستبەرداربوون لە ژیانی سیاسیی، چونکە زۆرێکیان لەسەر فرمێسکو خوێنو کاسەی سەری مرۆڤەکان دەسەڵات دەگێڕن.

هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانیش تەنیا گەیشتن بە دەسەڵاتو بەراوردکردنیان لەگەڵ دەسەڵاتەکانی پێش خۆیان دەبێتە سەنگی محەکیانو ڕاستیو ناڕاستی بانگەشەکانیان دەردەخات، بەڵام بەر لە دەسەڵاتکردنیان نابێت تەنیا بە «مەزندەو گریمانە» جارانی سفر بکرێنو وادابنرێت کە ئەوانیش وەک زۆر خەڵکی دیکە بەشێوەیەکی خراپ سوود لە دەسەڵات وەردەگرن، لەهەمانکاتدا زۆر گرنگە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان کارێکی وا بکەن سبەی کە دەسەڵاتیان گرتە دەست نە خۆیان خەجاڵەت بکەنو نە خەڵکیش دووچاری بیرکردنەوەیەکی وەهمیی بکەن، بەوەی دەبێت ئەوان ڕاستو دروست خاڵ لەسەر پیت دابنێنو خەڵک لەوە حاڵی بکەن ڕاستە ئەوان دەیانەوێت زۆرترین خزمەت بە خەڵک بگەیەنن، بەڵام لە سنووری هێزو دەسەڵاتی خۆیاندا، نەک ئەوەی خەڵکانێک وابیر بکەنەوە لە جیهانێکی خەیاڵاویدا بژینو وابزانن ئۆپۆزسیۆن کۆنترۆڵێکی سیحریی پێیەو بەداگرتنی یەک دوگمە بەهەشتێک دێتەئاراوە! ئەمجۆرە حاڵەتانە تەنیا لە فیلمە کارتۆنییەکاندا بەرچاو دەکەوێتو لە ئەرزی واقیعدا بوونی نییە.

جەختکردنەوە لەسەر ئەم خاڵە ئەرکێکی ئەخلاقیی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانەو ڕێگاگرتنە لە بەهەڵەداچوونی هاوڵاتییان بەگشتیو لایەنگرانیان بەتایبەتی، ئەگەر نا سبەی ئەو خەڵکەی لە چاوەڕوانی بەهەشتێکدا بووە بە نەهاتنەدی ئەم بەهەشتە دەست دەکاتە گلەییو دەربڕینی ناڕەزاییو هێرشکردنە سەر ئەو کەسانەی کە تا دوێنێ بەرگریی لێدەکردن، بۆیە زۆر جێگای خۆیەتی ئۆپۆزسیۆن بوێرانە خەڵک بدوێنێو بەڵێنی ئەوەیان پێبدات کە ئەو کاردەکات بۆ بەدیهاتنی ئاواتەکانیان، بەڵام ئەو ناتوانێت تەواوی خەونە ئاڵو واڵاکانیان بێنێتە دی، بۆئەوەی لە داهاتوودا جەماوەر تووشی شۆک نەبێتو ئەوانیش بەو ئاسانیە متمانەی خەڵک لەدەست نەدەن.

***بەڕێوەبەری نووسین لە ڕۆژنامەی ستاندەر.**

## هەلی کار

کۆمپانیای طازج مژدە دەدات بە هاوڵاتیان کە بەم زووانە سەیرانگای شەوانی شار دەکرێتەوە.

لە سەرچنار تەنیشت کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار.

جا بۆ ئەو مەبەستە پێویستمان بە کارمەند هەیە بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە لە هەر دوو ڕەگەزی کچ و کوڕ: ـ

١ ـ سینما
٢ ـ ئوتێل
٣ ـ ریستۆرانت
٤ ـ کەفێ
٥ ـ فاست فوود
٦ ـ شوێنی یاری منداڵان
٧ ـ بارو دیجی (Dj)

مەرجەکانی وەرگرتنی:

ـ خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ یان پەیمانگا بێت.
ـ تەمەنی لە ٣٠ ساڵ زیاتر نەبێت.
ـ لێهاتوو بێت لە ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکان

هەرکەس مەرجەکانی تێدایەو لە خۆی رادەبینێ بۆ ئەو بوارانە سەردانی ئۆفیسی سەیرانگا بکات لە سەرچنار تەنیشت کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار یاخود لە ڕێگەی ژمارە مۆبایلی (٠٧٥٠٧٠١٠٦٠٣)

## لە ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سەبارەت بە پەتای ئەنفلۆنزای (H1N1) ناسراو بە بەراز

* لەکاتی بوونی پەتاکەدا، لە شوێنە قەرەباڵغەکان دووربکەوەرەوەو دەمامک بە رووتەوە ببەستە.

* تا بۆت دەکرێت لە دیاردەی تەوقەکردنو ماچکردن خۆت بپارێزە.

* ئەگەر هەستت بەوەکرد کە کەسی بەرامبەرت توشبووە، ماوەی نێوانتان لە یەک مەتر کەمتر نەبێت.

* لە بوونی حاڵەتی ئەنفلۆنزاداو بەرزبوونەوەی (تا)دا دەستبەجێ پەیوەندی بە دەزگای تەندروستییەوە بکە.

* هەردەم دەستو رووت بە ئاوو سابوون بشۆ.

## روونکردنەوە

من کە ناوم (گۆران عوسمان)ە، وەک ڕۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ کاردەکەم، لەهەمانکاتدا (گۆران عوسمان)ێکی دیکەش کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کاردەکات، دوای ڕێکەوتنمان، گۆران عوسمان لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دەبێت بە (گۆران.ع.ئیسماعیل) بۆ ئاگاداریی هەموو ڕۆژنامەنووسان.

**گۆران عوسمان**
**ڕۆژنامەنووس**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئاودێر شێخ عومەر**
**٠٧٥٠١٥٨٧٧٧٧ - ٠٥٣٣١٩٢٠٠٣**
awder.sh.omer@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان رەشید - هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ — ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
serwan_rm@yahoo.com — hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

# (١٠٠) رۆژ بۆ د.بەرهەم



هیوا جەمال

ئەگەر رۆژی (٢٨)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٠٩) بکەینە رۆژژمـێـری کابینەی نوێ، ئەوا (٥)ی شوباتی (٢٠١٠) ئەو رۆژەیـە کە د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح (١٠٠) رۆژ بەسەر پێکهێنانی کابینەکەیدا تێپەڕیوەو سەرەتای پابەندبوون بـە بەڵێنەکانییەوە دەرکـەوتـووەو بووەتە مانگی سەر لە ئێوارە.

دوای (٢٩) رۆژ لە گـەڕان‌و پەیوەندیکردن لەگەڵ لایەنە سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەممووز، یەکێتی سەرۆکی کابینەی حکومەتی وەرگرت، ئەگەرچی تائێستا یەکلایی نییە کە ئەو سەرۆکایەتییە دوو ساڵ یان چوار ساڵ دەبێت، بەڵام ئەمە رێگر نییە لە چاودێرییەکی ورد، لانیکەم بۆ دوو ساڵ.

کابینەی نـوێ کارنامەکەی بە چرۆپڕی‌و قەرەباڵغی خستووەتە بـەردەسـت، پێکهێنانی کابینەکەش لە کاتێکدایە، کە هەرێمی کوردستان لە چەند لایەنێکەوە بێشک چەندین گرفتی هەیە، لێرەدا ئاماژەی کورت بە چەند نەخۆشی، یان گرفتێک دەدەیـن‌و پێشنیازی چارەسەر، یان هەوڵدان بۆ چارەسەریان دەکەین :-

د.بـەرهـەم، کە جێگری دووەمـی سکرتێری گشتیی یەکێتییە، حیزبەکەی هەرچەندە پلێنۆمی بەستووە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی، بەڵام جگە لە پێشکەشکردن‌و پەسەندکردنی چەند راپۆرتێک، نەیتوانی چـارەسـەری ریشەیی بدۆزێتەوە بۆ کێشەکانی، بۆیە بۆ ئـەوەی بە فیعلیی سەرۆکی حکومەت حیزب لە کاروباری حکومەت جیابکاتەوەو کێشە ناوخۆییەکانی حیزبەکەی سەرگەرمی نەکەن‌و نەیخەنە گێژاوێکەوە، کە راست‌و چەپی خۆی لێ تێک بچێت، پێشنیاز دەکەم بۆ ئەو ماوەیەی سەرۆکی حکومەتە (٢ یان ٤ ساڵ) خۆی لە پۆستی جێگریی هەڵپەسێرێت‌و تەنیا وەک سەرۆکی حکومەت کار بکات‌و خۆی بە کاروباری حیزبییەوە سەرگەرم نەکات.

پێکهێنانی حکومەت لەلایەن یەکێتییەوە لە کاتێکدایە، کە پارتی بە فیعلیی زۆرینەی دامودەزگاکانی کۆنترۆڵکردووە، بەتایبەت سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیـران‌و دامودەزگاکانی هەولێرو دهۆک، بەتایبەتتر لە هەولێر کە حکومەت لەناو ئەو دامودەزگایانەدا ون دەبێت، ئەمە جگە لەوەی لە سلێمانی تەنیا بەڕووکەش‌و زۆرجار بە زۆرەملێ دامودەزگاکانی حکومەت بەدەست یەکێتییەوەن، ئەگینا لەژێر کۆنترۆڵی گۆڕاندایە.


بۆیە پێشنیاز دەکەم، کە د.بەرهەم رۆڵی زیاتر بدات بە دامودەزگا مەحەلییەکان‌و هاوکارییان بکات، بۆ ئەوەی کارەکانیان زیاتر راپەڕێنن‌و ئەو سیاسەتەی یەکێتی دووبارە نەکاتەوە، کە وادەزانێت بە دەرکردن‌و گواستنەوە دەتوانێت کۆنترۆڵ بگرێتەوە دەست.

پێکهێنانی کابینەی شـەشـەم، کـە وەک سێکوچکەیەک تەنیا یەک کوچکەیان بەدەست یەکێتییەوەیە، لە کاتێکدایە کۆمەڵێک کێشەی دیکەی ناوخۆیی هەیە، وەک خراپیی سیستمی خوێندن، کە لەنێوان سیستمە کۆنەکەو نوێیەکەدا هەم قوتابیان، هەم مامۆستایان سەریان لێتێکچووە، ئەنفلۆنزای بەراز لە ناوچەکەدا هەڕەشەیە بۆ سەر تەندروستی خەڵکی کوردستانیش، کە نەخۆشییەکی کوشندەیە، سەرەڕای ئەوەی کە هەرێم لە رووی تەندروستییەوە لە حاڵەتێکی خراپدایە، گرانی بازاڕو بێسەروبەرەیی کڕین‌و فرۆشتن، کە ژمارەیەکی بە جۆرێک پێ دەوڵەمەند بوون، کە وەک قارچک هەڵتۆقیون‌و ژمارەیەکی پێ نابووت بوون‌و لەو نێوەشدا زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە مووچەی پلە نزمەکانن، خراپیی باری ئاسایش، ئەویش لە رووی بێسەروبەری یاساو یاساشکێنیی وەک پێشێلکردنی یاسای هاتوچۆو زۆربوونی دیاردەی دزی.

لە رووی رەوشـی ژنـانـەوە هێشتا چەند ناوچەیەکی هەرێم لە رووی کۆمەڵایەتییەوە دواکەوتوویی پێوە دیارەو ستەم لە ژنان دەکرێت.... ئەمانەو چەندین گرفتی بەرچاوی دیکە.

دەکرێت لەم سەرەتایەوە سەرۆکی کابینەی شەشەم‌و وەزیرەکان ئاگاداربکرێنەوە، کە راستە پێنج کابینە لە پێشیانەوە ئەزموونیان جێهێشتووە، بەڵام هێشتا حکومەتەکە لە ساوایی دەرنەچووەو پێویستی بە پیاوی خۆی هەیە، ئومێد دەکەین د.بەرهەم ئەو پیاوە بێت، بۆیە چاوەڕێیین....

# چی لە (گەندەڵیی یاسایی) بکەین؟



عومەر عەلی غەفور

کاری گەندەڵیی ئەوەیە بە نهێنی دەکرێ‌و یاسای تێدا پێشێلدەکرێت، بۆ نموونە تۆ پێگەو بەرپرسیارێتییەکەت بۆ بەرژەوەندیی خۆت بەکاردێنیت (وەک ئـەوەی لە پێدانی پرۆژەکانی ئـاوەدانـکـردنـەوەدا دەکـرێ‌و دوور لە سیستمی تـەنـدەرات‌و کێبڕکێی کـەمـکـردنـەوە (مـنـاقـصـە) پـڕۆژە زەبەلاحەکان بە کۆمپانیاکانی حیزب‌و نزیک لە حیزب‌و بەرپرسە حیزبی‌و حکومییەکان دەدرێ)، بەرتیل وەردەگریت، پارە لف دەدەیت، وەسڵی بەتاڵ بە ئارەزووی خۆت پڕدەکەیتەوە... هتد. ئەم گەندەڵییانە کەس بەرگرییان لێناکات‌و هەموولایش سەرکۆنەیان دەکەن‌و بەڕاست بێ یان بەدرۆ کار بۆ ئاشکراو بنبڕکردنیان دەکەن.

بەڵام جۆرێکی دیکە لە گەندەڵیی دەمامکدار هەیە، کە لە رووی یاساییەوە بە گەندەڵیی دانانرێ، لەبەرئەوەی کارەکە بە نهێنی ناکرێ، بەڵکو بەپێی یاسایەکی تایبەت بـەڕێـوەدەچـێ، ئەویش وەک ئەو ئیمتیازاتە مادییانەی لە سایەی سیستمە نـادادپـەروەرو ناشەفافەکاندا بەهەندێ چین‌و توێژی تایبەتی حیزبی‌و حکومی دەدرێ.

بـەڵام ئایا هـەر شتێک چوویە چـوارچـێـوەی یـاسـایـەک، یاخود پـێـوەرێـکـی کـارپـێـکـراوەوە ئیدی رەوایـەتـی وەردەگــرێ‌و هی ئەوە نییە کـەس رەخنەی لـێ بگرێ‌و بە سەرچاوەی گەندەڵیی دابنێت؟ ئەگەر تەنیا یاساییبوونی ماف‌و ئیمتیازاتێک بەس بوایە بۆ رەوایەتیی پێدانی، ئەوا کەس بۆی نەبوو داوای هەمواركردنی یاساکان بکات، ئایا یاساکان وەحی ئاسمانین تا ئەگەر ناعەدالەتیمان تێدا ببینین نەتوانین بیانگۆڕین؟.

دوای رووخانی رژێمی سەدام حسێن حکومەتەکانی عێراق‌و هەرێمی کوردستان بوون بە گەنجینەی قارون بۆ ســەدان‌و هـــەزاران بـەرپـرس‌و خاوەن پۆستی راستی‌و وەهمیی، هەر لە ئەندامانی ئەنجومەنی حوکمەوە، کە بە (٧) ملیۆن‌و (٥٠٠)هـەزار دینار خانەنشین کراون، تا دەگاتە وەزیرو بریکاری وەزیرە خانەنشینکراوەکانی سـەردەمـی عـەلاوی‌و جەعفەری‌و ئـەنـدامـانـی خـولـەکـانـی هـەرسـێ دەستەکانی سەرۆکایەتیی کۆمارو وەزیـران‌و پەرلەمان‌و جێگرەکانیان، ســەدان پەرلەمانتاری سەردەمی حکومەتی کاتیی‌و دواتـر حکومەتی هەمیشەیی، بـەرپـرسـە ئەمنی‌و سەربازی‌و دادوەرییەکان.

لە حکومەتی هەرێمیش پێیدا وەرە، پەرلەمانتارەکانی خولی یەکەم‌و دووەم‌و وەزیرو بریکاری وەزیرەکانی پێنج، یان حەوت کابینەی حکومەت، ئەمە جگە لە سکرتێرو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی‌و سەرکردایەتیی هەندێ لە حیزبەکان، کە بە پلەی وەزیـرو نزیک لە وەزیر مووچەیان لە حکومەت بۆ بڕاوەتەوە، یان خانەنشین کراون، هەروەها جگە لە پـارێـزگـارەکـان‌و قایمقامەکان‌و بەرپرسە ئەمنی‌و سەربازییە باڵاکان لەو کابینانەدا، کە دوای خزمەتێکی کـورتـخـایـەن لــەو پـۆسـتـانـەدا بە مووچەیەکی بەرز خانەنشین کراون.

خۆ ئەگەر بودجەی حیزبەکانیش، بەتایبەت دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە، وەک بەشێک لە ئیمتیازاتە یاساییەکان حساب بکەین، ئەو کاتە تێدەگەین کە مانگانەو ساڵانە چەند ملیار دۆلار لە بودجەی عێراق‌و هەرێم بەبێ بەرهەم خـەرج دەکرێت‌و بە نـاڕەوا دەچێتە گیرفانی چ کۆمەڵە کەسێکەوە، کە بارودۆخ هەلی ئەوەی بۆ رەخساندوون چەند ساڵێک‌و هەندێکیان رەنگە کەمتر لە ساڵیش لەو پۆستە بەرزانەدا بن‌و ئیدی دەبـێ تا وەفـات دەفـەرمـوون حکومەت لە سامانی گشتیی بەناز بیانژیەنێت.

ئەگەر ئەمە کارێکی یاسایی بێ ئیدی بۆچی حەز لە دەوڵەتی یاسا بکەین‌و کامەیە جیاوازیی لەگەڵ پاشاگەردانیدا؟ ئەگەر یاسا نەبێتە رێگر لەبەردەم بەفیڕۆدانی سامانی گشتیدا ئیدی چ نرخێکی هەیە؟ بۆچی بەرپرسێکی بچووک بەنهێنی‌و رەنگە بە ناچاریی چەند سەد دۆلارێک بەرتیل وەربگرێ یان - دوور لە رووی جەماعەت!- بدزێ، تاوان بێت؟، بەڵام بەرپرسێکی خانەنشینکراو، بەبێ ئـەوەی دارێک لەسەر بەردێک دابنێ، مانگانە (٤٠) هەزار دۆلاری کاش، زیاتر یان کەمتر، وەربگرێ تاوان‌و گەندەڵیی نەبێت؟

مەحمود مەشهەدانی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، کە کەمتر لە (٣) ساڵ سەرۆکی پەرلەمان بوو، بە (٤٠) هەزار دۆلار خانەنشین کرا، دیارە ئەو بڕیارەیش تەنیا بۆ ئەو نەبووەو نییە.

لە ئەندامێکی لیژنەی نەزاهە کە سەر بە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانەو هەڵە نەبم ئێستا لە لیستی گۆڕاندایە پرسیارم کرد: ئێوە پێتانوانییە ئەو جۆرە خانەنشینکردنەو ئەو ئیمتیازاتە زۆرانـەی بە بەرپرسانی پەرلەمان‌و حکومەتی عێراق دراوە زۆرەو بەشێکە لەو گەندەڵییانەی پێویستە کار بۆ بنبڕکردنی بکرێت؟ وتی: «نەخێر عێراق دەوڵەمەندەو ئەو پارەیە زۆر نییە، لە هەموو دنیادا پەرلەمانتاران مووچەی تایبەتیان هەیەو ئەوەیش بەپێی یاسا کراوە!».

**ئاخر بەپێی یاسا فەرمانبەر لە تەمەنی (٦٣) ساڵیداو دوای زیاتر لە (٣٠) ساڵ خزمەت مووچەی (٦) مانگی دەدرێتێ، لەبەرئەوەی رەنگە ئیتر نەتوانێ کار بکات، نەک بۆ بابای پەرلەمانتار، کە هێشتا لە جۆشی هێزو توانای کارو بازرگانیکردنیدا بێ‌و هەموو تەمەنی خزمەتیشی ئەو چەند ساڵەی پەرلەمان بێت**

لـەم رۆژانـــەدا هــەر (١١١) پەرلەمانتارەکەی خولی دووەمـی پەرلەمانی کوردستان هـەر یەکەو (٥٢) ملـیـۆن دیـنـار (٤ دەفـتـەر دۆلار)یان وەرگرت‌و پەرلەمانتارێکی یەکگرتوویش، کە لە لێدوانەکانیدا خوا هەڵناگرێ زۆر باسی گەندەڵیی دەکات‌و بیرم دێ جارێک دەیوت: من هەست بە تاوان دەکەم، کە ئەو مووچەیەی پەرلەمان وەردەگـــرم، ئـەو کـارەی بەشتێکی ئاسایی‌و یاسایی دانا، لەو رووەوە کە حکومەت هەر فەرمانبەرێک خانەنشین بـکـات، مـووچـەی (٦) مانگی دەداتـێ، بەبێ ئەوەی لانیکەم ئەوەیش بڵێ، کە دەرکردنی ئەو پارە زۆرە لە (بەیتولمال) کارێکی ناڕەوایە با یاساییش بـێ، ئاخر بەپێی یاسا فەرمانبەر لە تەمەنی (٦٣) ساڵیداو دوای زیاتر لە (٣٠) ساڵ خزمەت مووچەی (٦) مانگی دەدرێتێ، لەبەرئەوەی رەنگە ئیتر نەتوانێ کار بکات، نەک بۆ بابای پەرلەمانتار، کە هێشتا لە جۆشی هێزو توانای کـارو بازرگانیکردنیدا بێ‌و هەموو تەمەنی خزمەتیشی ئەو چەند ساڵەی پەرلەمان بێت.

ئەز نازانم لە دنیا چۆن دەگوزەرێ، بـەڵام ئـەوەی دەمارێکی زیندووی نـیـشـتـمـانـپـەروەری‌و دیـنـداری‌و خەمخۆریی تێدا بـێ دەزانـێ رەوا نییە پەرلەمانتارێک یان وەزیرێک، ساڵێک یان دوان‌و زیاتر ئەو پۆستە پڕ ئیمتیازاتەی بەدەستەوە بێ، کەچی لەگەڵ تەواوبوونی دەورەکەیدا یەکسەر بە مووچەیەکی بەرزی لەو شێوەیە خانەنشین بکرێت، کە بێ شک زۆربەیان ناچن لە ماڵ پاڵی لێ بدەنەوە، بەڵکو ئەو سەرمایە بۆ کەسابەت‌و بازرگانی بەکاردێنن.

سەیر لـەوەدایـە ئـەو بەرپرسە ئیسلامیانەیش کە تا دوێنێ خەڵکیان فێری زوهدی عومەرەین‌و وەرەعی ئەبوبەکر دەکرد، کە دەستی بەقوڕگیدا کردو خۆی رشاندەوە تا پاروویەک، کە گومانی لێی هەبوو حەرام بووبێ بێتە دەرەوەو نەبێتە بەشێک لە جەستەی‌و بەهۆیەوە ئاگری جەهەنەم بیسووتێنێ، ئەوان کە جاران باسیان لە تەخشان‌و پەخشانکردنی سامانی گشتیی دەکرد لەلایەن بەرپرسانی دوو حیزبەکەوە، ئێستا کە خۆیان لەو پاروەوە چەورە سوودمەندبوون بە قودرەتی قادر وەرگرتنی ملیۆنان دینار لە بەیتولمال بەبێ هیچ رەنــج‌و کارکردنێک بە حـەڵاڵ‌و زەڵاڵ دەزانــن، لە کاتێکدا هێشتا سەدان‌و رەنگە هەزاران خێزان هەبن لەم وڵاتەدا، کە موحتاجی ژەمی رۆژانــەن. دەزانــم بۆ ئەمە پاساوی حازریان هەیە.

لە (٢٠٠٩/١٠/٢٠) سایتی PUK media میدیا هەواڵێکی لە رۆژنامەی زەمانی تورکی بڵاوکردەوە، کە تیایدا ئـامـاژە بـەوە دەکـات، لە بودجەی (٢٠١٠)ی تورکیا، کە بڕی (١٣٢) ملیار یۆرۆیە، نزیکەی (٤٢,٥) ملیۆن یۆرۆ بۆ هاوکاریی ئەو پارتە سیاسیانەی زیاتر لە (١٠٪)ی دەنگەکانیان بەدەستهێناوە تـەرخـانـکـراوە، کـە دەکـاتـە تەنیا (٠,٠٣٢٪)ی کۆی بودجەی گشتیی وڵات.

لەو رێژەیە پارتی دادو گەشەپێدان لە ساڵی (٢٠١٠)دا (٢٤) ملیۆن یۆرۆی بەردەکەوێ (نزیکەی (٣٥) ملیۆن دینار، کە مانگی دەکاتە کەمتر لە (٣) ملیۆن دۆلار).

بەم پێیە لە نزیکەی (٢٠٠) ملیار دۆلار بودجە، پارتی دادو گەشەپێدان، کە حیزبی دەسەڵاتدارە لە وڵاتێکی (٧٠) ملیۆن کـەسـیـداو هـەرسـێ سەرۆکایەتییەکەی بەدەستەوەیە، لە ساڵێکدا تەنیا (٣٥) ملیۆن دۆلار وەردەگــرێــت، کـە دەکـاتـە تەنیا (٠,٠١٨٪)ی بودجەی گشتیی.

بـەڵام لە هەرێمی کوردستانی خاوەن (٤) ملیۆن کەس، لە بودجەی نزیکەی (٦) ملیار دۆلاری (٢٠٠٩)، هـــەردوو حیزبی دەســەڵاتـداری هەرێمەکە یەکێتی‌و پارتی، بەپێی خەملاندنە جیاوازەکان، نزیکەی (٧٠٠) ملیۆن دۆلار دەبەن، کە دەکاتە زیاتر لە (١١٪)ی بودجەی هەرێم.

وەنەبێ ئەوەی حیزبەکانی دیکەیش دەیبەن بە ویژدان‌و بەعەدالەت بێت، بەپێی ئەو زانیاریانەی ئەز لە لێدوانە رۆژنامەوانییەکانی لایەنە بەرپرسەکان کۆمکردووەتەوە، بودجەی هەندێ لە حیزبەکان بەم شێوەیەیە:

* حیزبی شیوعیی کوردستان، کە قورسایی جەماوەری هێندە نییە کورسییەکی پەرلەمان بەدەستبێنێ، مانگانە نزیکەی (٥٠٠) ملیۆن دینار (٤٠٠ هەزار دۆلار) وەردەگـرێ، کە ساڵانە دەکاتە نزیکەی (٥) ملیۆن دۆلار (٠,٠٨٣٪ی بودجە).
* حیزبی زەحمەتکێشان، کە ئەویش قەبارەی لە حیزبی شیوعیش کەمترە، (٤٠٠) ملیۆن دینار وەردەگرێت، ساڵانە نزیکەی (٤) ملیۆن دۆلار (٠,٠٦٥٪ی بودجە).
* حیزبی سۆشیالست (٣٥٠) ملیۆن دینار وەردەگرێ، ساڵانە نزیکەی (٣,٥) ملیۆن دۆلار (٠,٠٥٨٪ی بودجە).
* یەکگرتووی ئیسلامیی مانگانە (٤٥٠) ملیۆن دینار، ساڵانە (٤,٥) ملیۆن دۆلار (٠,٠٧٥٪ی بودجە).
* کۆمەڵی ئیسلامیی مانگانە (٣٠٠) ملیۆن دینار، ساڵانە (٣) ملیۆن دۆلار (٠,٠٥٪ی بودجە).
* بزووتنەوەی ئیسلامیی مانگانە (٤٨) ملیۆن دینار (ساڵانە نزیکەی نیوملیۆن دۆلار).

هی حیزبەکانی دیکە نازانم، کە رەنگە ئەوانیش چەند ملیۆن دۆلارێک ببێت.

بەپێی ئەم زانیاریانەی سەرەوە بـودجـەی سـاڵـێـکـی پـارتـی دادو گـەشـەپـێـدان، کـە بەپێی رێـژەی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنەکاندا خاوەنی نزیکەی (١٠) ملیۆن ئەندام‌و هەوادارە لە وڵاتێکی (٧٠) ملیۆن کەسیدا، بەقەدەر بودجەی مانگێکی یەکێتی، یاخود پارتییە، واتە بودجەی مانگێکی ئەم دوو حیزبە (١٠) جارانی بودجەی پارتی دادو گەشەپێدانە.

هەر بەپێی ئەو زانیارییانە تەنانەت رێژەی بودجەی حیزبەکانی دیکەیش لە بودجەی هەرێم زیاترە لە رێژەی بودجەی حیزبی دادو گەشەپێدان لە بودجەی گشتیی تورکیادا.

کـۆی بـودجـەی حیزبەکانی کوردستان بە نزیکەیی دەکاتە (٧٢٠) ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا، خۆ ئەگەر (١٢٠) ملیۆنیشی بۆ زێـدە وردی لێ کەمکەینەوەو بە (٦٠٠) ملیۆن دۆلاری دابنێین، ئەوا رێژەی بودجەی حیزبەکان دەگاتە (١٠٪)ی بودجەی هەرێم، واتە (٣١٢) جارانی رێژەی بودجەی حیزبەکانی تورکیا لە بودجەی ئەو وڵاتەدا.

جا بە من بڵێن، ئەمە کارەساتی ئەخلاقیی‌و نەتەوەیی‌و ئایینی نییە؟!

ئایا راست بوو، کە لە هەموو دنیادا وەک کوردستان‌و عێراق ئیمتیازات بە حیزب‌و بەرپرسە حیزبی‌و حکومییەکان دەدرێ؟ ئەوە حیزبەکان‌و حکومەتی تورکیا، ئەوە ئێرانی ئەحمەدی نەژاد، کـە دەڵـێـن هێشتا هـەر مووچەی مامۆستایەتیی زانکۆ وەردەگرێ‌و لە خانوویەکی (١٥٠) مەتریدا دەژی، ئەوە هۆگۆ شاڤێزی سەرۆکی فەنزویلا، کە داوای لە هاوڵاتیانی کرد زیاتر لە (٣) خولەک لە گەرماودا نەمێننەوە بۆ ئەوەی دەست بە سامانی ئاوەوە بگرن، ئیدی پێدەچێ سەرمەشقی سیاسیی‌و بەرپرسەکانی ئێمە میرە پترۆدۆلارییەکانی کەنداو بێت.

ئـەگـەر پـەرلـەمـانـتـارەکـانـی یەکگرتوو و گۆڕان، کە لە سەرەوە پاساوهێنانەوەکانیانمان بۆ ئەو بەفیڕۆدانەی سامانی گشتیی تۆمار کرد، بەو عەقڵیەتە پراگماتی‌و پاساوگەرایییە مومارەسەی ئۆپۆزسیۆنبوون بکەن‌و لە ئاست ئەو بەفیڕۆدانەی سامانی گشتیی لەلایەن دەسەڵاتی بەغداو هەرێمەوە بێدەنگ بن، ئـەوە دەبێ فاتیحە بۆ ئەو دەنگانە بخوێنین، کە بە ناهەق پێیان درا.










هەڵمەتی داکۆکیکردن لە بەشداریکردنی ژنان لە ناوەندەکانی بڕیاردا لەچوارچێوەی پرۆژەی Women Can Do It لەلایەن ڕێکخراوی PDA و بە هاوکاری نوێنەرانی ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان و یەکێتییەکانی ژنان و گەنجان و نوێنەری کەناڵەکانی میدیاو چەند کەسایەتییەکی نێو بواری ژنان جێبەجێدەکرێت. بە مەبەستی خستنەڕووی دیارترین کێشەکانی بەردەم بەشداری سیاسی ژنان لە پەیوەند بە پرسی ئامادەیی ژنان لە ناوەندە گرنگەکانی بڕیاردا لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە


چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩